# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

سێشەممە ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٥ ـ ٢٤ی مەی ٢٠١٦ | ژمارە: ٦٨٠ | www.kurdistanukurd.com


ئەمریکا:
## ٦٠ هەزار چەکداری ئێرانی شەڕی مانەوەی بەشار ئەسەد دەکەن

مالپەرێکی سەر بە کۆنگرەی ئەمریکا ژمارەی چەکدارە ئێرانییەکان لە سووریەی ئاشکرا کرد.

مالپەری هیل دەلێ نزیکەی ٦٠ هەزار چەکداری ئێرانی لە سووریە بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد شەڕ دەکەن.

مالپەری هیل کە چالاکییەکانی کۆشکی سپی‌و کۆنگرەی ئەمریکا دەگوازێتەوە، وێڕای راگەیاندنی ئەو هەواڵە دەڵێ بەشێکی زۆری ئەو ٧٠ هەزار چەکدارە ئەفغانی‌و لوبنانین.

کاربەدەستانی ئەمریکا لەو مالپەرە دەڵێن کۆماری ئیسلامی ئێران، هەموو هەوڵەکانی بۆ هێشتنەوەی بەشار ئەسەد چڕ کردۆتەوەو ئامادە نییە دەستبەرداری رێژیمی سووریە بێ.

ئەو ئامارە لە بەشداریی نیزامیی ئێران لە سووریە لە کاتێکدا بڵاو دەبێتەوە کە حەوتووی رابردوو لە شەڕێکی نیزیک حەڵەب دەیان چەکداری خۆی لە دەستدا. بەپێی ئامارەکان لە سەرەتای ئەمساڵی زایینییەوە تا ئێستا زیاتر لە ٢٨٠ کەس لە هێزەکانی سپای پاسداران‌و ئەرتەشی ئێران لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا کوژراون.



# پلینۆمی حیزب پێداگریی لە سەر بایەخدان بە سیاسەتی فرەڕەهەندی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا کردەوە



ڕێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرداوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەسڵی‌و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەڕێوەچوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا « بەڕێز سکرتێری حیزب وێڕای لێکدانەوەی بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە دیاردەی داعش سەرەڕای دروستکردنی کۆمەڵێک گیرو گرفت‌و ئاژاوە لە ناوچەکە، دەرفەتێکی لەباری بۆ پرسی کورد بە گشتی دروست کردوە کە دەکرێ بە یەکگرتوویی نێوماڵی کورد، کەڵکی باشی لێ وەربگیرێ.

لە ژێر رووناکایی ئەم بەشە لە راپۆرتەکەدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پێی وابوو قوتبی رۆژاوا لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا هەوڵی داوە بە دووری‌کردن لە گرتنەبەری رێکارە کلاسیکەکان، هەڵوێستی عەمەلی‌و پراگماتیک بگرێتە بەرو لانیکەم لە کورتخایەن‌دا، تەعامول‌و هاوکاریی لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی دژبەری داعش هەبێ.

هەر لەم پێوەندییەدا، رێبەریی حیزب پێی وابوو کۆماری ئیسلامی بە نیشاندانی روخسارێکی دژە داعشیانە لە خۆی، هەوڵ دەدا سیاسەت‌و ئامانجەکانی خۆی بپێکێ. کۆمیتەی ناوەندی حیزب پێی وابوو حزووری کۆماری ئیسلامی لە ئاڵۆزییەکانی سووریەو عێراق لە درێژخایەن‌دا دەبێتە سەرئێشەیەکی گەورە هەم بۆ گەلانی ناوچەکەو هەم بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی.»

لەم پلۆنۆمەدا هەروەها « وێڕای ئاوڕدانەوە لە کۆمەڵێک پرس‌و ڕووداوی شیاوی ئاوڕلێدانەوەو قسە لەسەرکردن، هەڵبژاردنەکانی چەند مانگ پێشی نوێنەران بۆ پارلمانی ئێران لە کوردستان‌و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان خرانەوەو بەر باس‌و خوێندنەوەیان بۆ کرا. هەر لەم پێوەندییەدا پلینۆم بۆ جارێکی دیکە پێداگریی لە سەر هەڵویستی حیزب لە سەر بایەخدان بە سیاسەتی فرەرەهەندی لە رووبەرووبوونەوە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران‌و جۆری روانینی حیزب بۆ جموجۆڵەکانی نێوخۆی وڵات لە ژێر خوێندنەوەی ”کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بە قازانجی زیاتر مەترەحکردنی پرسە نەتەوەییە و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستان“ کردەوە.»

## ڕاگەیاندراو بە بۆنەی کۆتاییهاتنی سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرداوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەسڵی‌و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، رۆژی شەممە، رێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی دەستی بە کارەکانی کردو دوای سێ رۆژ کاری بەردەوام، ئێوارەی رۆژی دووشەممە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

یەکەم برگەی کاری پلینۆم باس لە ڕاپۆرتێکی سیاسی بوو کە لەلایەن کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێشی پلینۆم کرا.

لە سەرەتای راپۆرتەکەدا بەڕێز سکرتێری حیزب وێڕای لێکدانەوەی بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە دیاردەی داعش سەرەڕای دروستکردنی کۆمەڵێک گیرو گرفت‌و ئاژاوە لە ناوچەکە، دەرفەتێکی لەباری بۆ پرسی کورد بە گشتی دروست کردوە کە دەکرێ بە یەکگرتوویی نێوماڵی کورد، کەڵکی باشی لێ وەربگیرێ.

لە ژێر رووناکایی ئەم بەشە لە راپۆرتەکەدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پێی وابوو قوتبی رۆژاوا لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا هەوڵی داوە بە دووری‌کردن لە گرتنەبەری رێکارە کلاسیکەکان، هەڵوێستی عەمەلی‌و پراگماتیک بگرێتە بەرو لانیکەم لە کورتخایەن‌دا، تەعامول‌و هاوکاریی لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی دژبەری داعش هەبێ.

هەر لەم پێوەندییەدا، رێبەریی حیزب پێی وابوو کۆماری ئیسلامی بە نیشاندانی روخسارێکی دژە داعشیانە لە خۆی، هەوڵ دەدا سیاسەت‌و ئامانجەکانی خۆی بپێکێ. کۆمیتەی ناوەندی حیزب پێی وابوو حزووری کۆماری ئیسلامی لە ئاڵۆزییەکانی سووریەو عێراق لە درێژخایەن‌دا دەبێتە سەرئێشەیەکی گەورە هەم بۆ گەلانی ناوچەکەو هەم بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی.

هەر لە درێژەی ئەم بەشە لە کاری پلینۆم‌دا پرسی کورد بە گشتی و پاشان دۆزی کورد هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بەجیا هاتە بەرباس.

لە پێوەندی لەگەڵ باشووری کوردستان، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پرسی راپرسی‌و سەربەخۆیی بە مافی بێ‌ئەملاو ئەولای باشووری کوردستان دەزانێ‌و پێی وایە یەکریز و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە کوردستان لەم پێوەندییەدا زیاتر لە هەمیشە پێویستە.

ل ٢



وتوویژی کوردکاناڵ لەگەڵ «مامۆستا عبدالله حەسەنزادە»

٦




دیسان چەواشەکردنی ڕاستییەکانی کوردستان

٧



کوردستانێکی هەژار، خەڵکێکی بێکارو هەژاریی هەزار بە هەزار...

٧



وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ سەلاحەدین عەبباسی

٨

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان
16th CONGRESS
Kurdistan Democratic Party - Iran

راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە

«بەشی شەشەم»

٩

## نیگەرانیی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور لە بارودۆخی شپرزەی محەممەد سدیق کەبودوەند

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور لە نوێترین بەیاننامەی خۆی‌دا نیگەرانیی قووڵی خۆی لە بارودۆخی جەستەیی محەممەد سدیق کەبودوەند لە زیندان‌دا دەربڕیوە.

محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان زیاتر لە دوو حەوتووە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەیەکی دیکەی ئەمنیەتی لە دژی ئەو مانی لە خواردن گرتوە.

ڕەزا موعینی، بەرپرسی دەفتەری ئێران‌و ئەفغانستانی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور دەڵێ بێبەشکردنی ڕۆژنامەنووسان‌و چالاکانی مەدەنی‌و مافی مرۆڤ لە دادگای دادپەروەرانە پێچەوانەی قانوونە نێوخۆییەکانی وڵاتان‌و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانە. ئەو ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامیش پێشێلکردنی ئاشکرای جاڕنامەی جیهانیی مافی گەردوون‌و پەیماننامەی جیهانیی مافە مەدەنی‌و سیاسییەکانە کە ئێران بۆ خۆی یەکێک لەو وڵاتانەیە ئیمزای کردوە.

محەممەد سدیق کەبودوەند، ٥٣ ساڵی تەمەنەو باوکی سێ منداڵە. ئەو لە ماوەی ٩ ساڵ بەندکرانی‌دا لە زیندان تووشی زۆر نەخۆشیی وەک پرۆستات‌و چڵککردنی ڕیخۆڵەو گورچیلە بووەو تا ئێستا لە زیندان چەند جار سەکتەی دڵ لێی‌داوە.

ئەو کە بە ناحەق سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بە پەریناز خوسرەوانیی هاوسەری گوتوە تا ئەو کارەی دەزگای قەزایی واز لە دروستکردنی پەروەندەی ئەمنیەتی لە دژی ئەو نەهێنێ، لە مانگرتنەکەی بەردەوام دەبێ.

## دەنگی پارلمانی تورکیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارێزراویی قەزایی نوێنەران

پاش چەند مانگ ململانێ، پارلمانی تورکیە دواجار دەنگی بەڵێ‌و موافقی بە هەڵوەشاندنەوەی پارێزراویی قەزایی نوێنەرانی پارلمان دا.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ئاڵمان، هەڵوەشاندنەوەی مافی پارێزراویی قەزایی نوێنەران ڕۆژی هەینی ٣١ی بانەمەڕ بە ٣٧٣ دەنگی بەڵێ لە کۆی ٥٥٠ دەنگ پەسند کرا.

بۆ جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی ئەم قانوونە نوێیە لە ڕێگەی گۆڕینی قانوونی بنەڕەتی، دەنگی موافقی زیاتر لە دوو لە سێی پارلمان، یانی ٣٦٧ دەنگ پێویست بوو.

ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن حیزبی دەسەڵاتداری ”داد و گەشەپێدان“ەوە ئامادەکرابوو کە بە پێی مادەی ٨٣ی قانوونی بنەڕەتیی کە پارێزراویی قەزایی نوێنەرانی گەرەنتی دەکرد، هەڵوەشایەوە.

ئێستا لەسەر ڕەزامەندیی پارلمان ١٣٨ کەس لە نوێنەرانی حیزبەکان لە پارکمانی ئەو وڵاتە بۆ نموونە ٥٠ نوێنەر لە کۆی گشتیی ٥٩ نوێنەری حیزبی دێموکراتیکی گەل، هادەپ دەکەونە ژێر ڕاوەدوونانی دەزگای قەزایی تورکیە.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرکۆماری تورکیە، حیزبی دێموکراتیکی گەل تاوانبار بە هاوکاریکردنی حیزبی کرێکارانی کوردستان، پ ک ک دەکا، بەڵام ئەم حیزبە دەڵێ مەبەست لە هەڵوەشاندنەوەی مافی پارێزراویی قەزایی نوێنەرانی پارلمانتاران، هەوڵدان بۆ دەرکردنی نوێنەرانی ئەم حیزبە لە پارلمان‌و گرتن‌و بەدواداچوونی قەزایی بۆ ئەوانە.

خالید عەزیزی:

## ئیران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانی ڕوژهەڵاتی نێوەڕاسته

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ ئێران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانی ڕوژهەڵاتی نێوەڕاستەو توانیویەتی بە هاندانی خەڵکی شیعە لە ناوچەکەدا ناسەقامگیری دروست بکا.

کاک خالید عەزیزی لە وتوویێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتدا گوتی ئێران بە قەیرانسازی لە سووریە، عێراقو یەمەنو، هەروەها کەڵکوەرگرتن لە هەستی شیعەگەرایانەی خەڵک دەیەوێ سەرپۆش لە سەر قەیرانەکانی خۆی لە نێوخۆدا دابنێ.

لەو وتوێژەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسی لە ڕەوشی نێوخۆی پرسە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران کردوە دەڵێ حاکمییەتو کۆمەڵگا تووشی کێشەی ئابووریو کۆمەڵایەتیی قووڵ بوونەتەوەو زۆربەی نەتەوەکانو گەلانی نێوخۆ لە سۆنگەی سیاسەتی دەسەڵاتەوە تووشی قەیرانی بێکاریو هەژاری هاتوونو نارەزایەتییەکانیشیان سەرکوت دەکرێن. کاک خالید عەزیزی لە درێژەی وتوویێژەکەیدا دەڵێ قەیرانی ئابووریو کۆمەڵایەتیی نێوخۆی ئێران لە حالیک دایە کە حاکمییەت لە یارمەتیدانی ماڵیو لوجێستیکی بۆ لایەنە سەرەڕۆکان لە ناوچەدا بەردەوامە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەوەڵامی پرسیارێکدا لە سەر ئاراستەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕات دەڵێ حیزبی دێموکرات باوەڕی بە بزوتنەوەی مەدەنی هەیەو بۆ هێنانەبەرباسو بەڕۆژەڤکردنی پرسی کورد لە ئێران تێدەکۆشێ؛ ئەگەرچی لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی حیزبەکەی ئێمە لە باری قانوونییەوە قەدەغە ڕاگەیەندراوە، بەڵام حیزبەکەمان ئێستاش لە نێوخۆ زۆر چالاکەو بنکەی سەرکردایەتیی حیزبو بارەگای پێشمەرگەکانیشمان لە باشووری کوردستان جێگیر کراونو لە ئێستادا لە سەر سنوورەکان بەرانبەر بە هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران ڕاوەستاون.

کاک خالید لە درێژەی باسەکەیدا تیشکی خستۆتە سەر لایەنی چەند ڕەهەندیی سیاسەتو بەرنامەکانی حیزب بە دژی کۆماری ئیسلامیو دەڵێ لە پلانی یەکەمدا ئێمە هەوڵ دەدەین بە شێوەی بەشداریی سیاسی لە پڕوسەکانو پرسەکاندا سەرنجی خەڵکو حکومەت بۆ لای خۆمان ڕاکێشینو لەگەڵ شێوەی




بەشداریی سیاسی ئیمە هەوڵ ئەدەین خەڵکی نێوخۆ بە شێوەی مەدەنی ڕێکبخەینو هەوڵ دەدەین ببین بە پردی پێوەندیی نێوان خۆمانو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کوردەکانی تارانو خوراسان. ڕەهەندێکی دیکەی خەباتی ئیمە، بەرگریی چەکدارانەیە کە چون ئەولەویەتی سەرەکی ئیمە بەشداری سیاسیە ئەم شێوەی دیکە بە شێوەی دووهەم دەزانین، بەڵام ئیمە چەکی خۆمان هێشتا ڕاگرتوەو بۆ بەرگری لە خۆمان بە کەڵکی دێنینو ئەگەریش بە پێویستی بزانین شێوەی خەباتمان دەگۆڕین.

## پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان به بۆنەی کۆچی دوایی حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزاده

دوێنێ، یەکشەممە٢ی جۆزەردانی ١٣٩٥( ٢٢ی مانگی مای٢٠١٦)، حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزادە، وەزیری ڕێگاوبانی کۆماری کوردستان، لە شاری بۆکان ماڵاوایی یەکجاریی لە ژیان کرد.

حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزادە لە دەوڵەتی کۆماری کوردستاندا وەزیری ڕێگاوبان بوو. بە داخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کورت بوو و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بەڕێوەبەرانو بەرپرسانی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان، دوای ڕووخانی کۆمار تووشی سزاو لێپرسینەوەو گرفتی جۆراوجۆر بوون. حاجی سمایلئاغاش بە بۆنەی ڕۆڵی دیاری لە بەڕێوەبردنو پشتیوانیی کۆماری کوردستاندا هەتا ساڵانێکی زۆر، لە گەڵ گوشارو ئازارو ئەزییەتی کاربەدەستانی ڕێژیمی شایەتی بەرەوڕوو بوو، بەڵام ئەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە، بە ئاگاداربوون لە پێگەی کۆماری شەهیدو ئەو ئێعتیبارو خۆشەویستییەی خزمەت لەو کۆمارەدا بۆی پێک هێنابوو، لە هیچ هەلومەرجێکدا، پشتی لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان نەکردو هەموو کات شانازیی بەو ڕۆژانەوە دەکرد کە لە خزمەت پێشەوا قازی محەممەدی سەرکۆماردا ئەرکی نەتەوەییو نیشتیمانیی بەڕێوە بردوەو تواناکانی خۆیو پشتیوانیی بنەماڵەکەی بۆ خزمەتی کۆماری کوردستان تەرخان کردوە.

ئەو کەسایەتییە، دۆستو خۆشەویستو پشتیوانی ڕێبەرانو سیما دیارەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەشەکانی دیکەی کوردستان بوو. ئەو، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانو هەموو تیکۆشەرانو دڵسۆزانی نەتەوەکەمان وەک یادگاری سەردەمێکی پڕشانازی لە مێژووی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەیری دەکرا. حاجی سمایلئاغا، شایەدێکی زیندووی ڕووداوەکانی قۆناغێکی گرنگ لە ژیانی سیاسیی گەلەکەمان بوو، هەر بۆیە کۆچی دوایی ئەو، خەسارێکە بۆ هەموو لایەکمان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزادە، سەرەخۆشیو هاوخەمیی گەرمی خۆی بە بنەماڵەو هەموو خزمانو کەسوکاری ڕەوانشاد سمایلئاغا، هەر وەها بە خەڵکی بۆکانو هەموو ئەویندارانو هۆگرانی ڕێگاو ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، ڕادەگەیەنێ.

یادی سمایلئاغای ئێلخانیزادە وەک یادو ناوی هەموو کەسایەتییە دڵسۆزو نیشتمانپەروەرەکانی نەتەوەکەمان بە بەرزیو زیندوویی دەمێنێتەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٥/٣/٣**
**٢٠١٦/٥/٢٣**




## کورد و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند کە حیزبەکەی ئەو هیچکام لە شێوەکانی خەبات وەلا نانێن و وەک ساڵانی رابردوو لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان پەرە بە حزووری پێشمەرگە دەدەن. هاوکات هەوڵ دەدەن نەهێڵن کۆماری ئیسلامی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات بە جوڵانەی حیزبێک یان چەند حیزب پێناسە بکا. «عەزیزی» ئەو وتانەی لە پەراوێزی سیمینارێکدا بەیان کرد کە لە لایەن «ئەنستیتوی مێری»یەوە رێک خرابوو. ئەو سمینارە رۆژی ١٩ی مای لە شاری هەولێر و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و ئەکادیمیسیەنی کورد بەرێوە چوو. سمینارەکە لە کاتێکدا بوو کە دوای راگەیاندنی رێککەوتنی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جۆرێک باس و موناقشە لەنێوان بەشێک لە لایەنەکانی باشووری کوردستاندا چێ ببوو، بەڵام هەموان بە دەوری «عەزیزی» و سمینارەکەدا کۆ ببوونەوە. سمینارەکە ئەگەرچی بەشێوەی کراوە نەبوو و بەشداران دەبوو پێشوەخت داواکاریی بەشداری پێشکەش بە بەرێوەبەرانی سمینار بکەن، بەڵام بەو حاڵەش رێژەی بەشداران لەوە زیاتر بوو کە ژووری سمینارەکە هەڵیدەگرت.

خالید عەزیزی لە بەشێک لە قسەکانیدا جەختی لەسەر یەکگرتن و یەکبوونی لایەنەکان کردەوەو هاوکات رایگەیاند ئەگەر ئەوان وەک حیزبی دێموکرات نەتوانن یارمەتی بە لێکتێگەیشتن و یەکگرتنی لایەنەکانی باشوور بکەن، ئەوە بە هیچ جۆر نایانهەوێ بە قازانجی لایەنێک و دژ بە لایەنێکی دیکە بچنە ناو کێشەکانی هەریمی کوردستانەوە.

لەم سیمینارەدا، بەرێز عەزیزی هەروەها تیشکی خستەسەر ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافەکانی لە سەردەمێکدا کە سەرانسەری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە چەندین گۆرانکاری و رەهەندی هەستیاردا تێپەردەبێت.

عەزیزی لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا دانی بەوەدا نا کە بەهۆی سیاسەتی بەشێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵات، کوردان بە شێوەیەکی جیدی بە مەبەستی سەرخستنی کاندیدای کورد بەشداری هەڵبژاردنی «ورمێ«یان نەکرد، بۆیەش کاندیدا کوردەکان نەیانتوانی نوێنەرایەتیی ئەم شارە بە دەستەوە بگرن و لەسەر داهاتووی شارەکە شوێندانەر بن.

شایانی باسە کە بەشی کۆتایی سمینارەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیارو بۆچوونی میوانەکان و بەشدارانی سمینارەکە، کە زوربەی هەرە زۆری بەشداربووەکان بە چاوی رێزەوە دەیانڕوانیە بۆچوونەکانی سکرتێری گشتی حیزب وبە واقێع بینانە وەسفیان کرد.

بەشێک لەو حیزبانەی کە بەشداری سمیناری کاک خالید عەزیزی بوون بریتی بوون لە:

پارتی دیموکراتی کوردستان
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
بزووتنەوەی گۆران
یەکگرتووی ئیسلامی
کۆمەڵی ئیسلامی
حیزبی زەحمەتکیشانی کوردستان
ئەنەکەسە

## پەیامی سەرەخۆشی «خالید عەزیزی» بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزادەوە




برای بەڕێزم کاک عومەر ئێلخانیزادە!

لە گەڵ ڕێزو سڵاوی گەرم!

بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان حاجی سمایلئاغای ئێلخانیزادە، لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشیتان لێ دەکەمو خۆم بە هاوخەمتان دەزانم. لە ڕێگای بەڕێزیشتانەوە سەرەخۆشیی خۆمو ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەشی هەموو کچو کوڕەکانی ڕەوانشاد حاجی سمایلئاغاو تێکڕای کەسوکارو ئازیزانتان دەکەم.

حاجی سمایلئاغا، ڕاستە بۆ ئێوە باوکو گەورەی بنەماڵە بوو، بەڵام بە هۆی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەربوونیەوە، بە تایبەتی بە هۆی بەڕێوەبردنی پۆستی وەزارەت لە کابینەی دەوڵەتی جمهووریی کوردستانداو وەفاداریو شانازیکردنی بەو رابردووەوە، جێگای ڕێزو خۆشەویستی هەموو لایەکمان بوو. هەر بۆیە بە ماڵاوایی یەکجارییشی ماتەمبار بووین.

ئەگەر چی حاجی سمایلئاغا وەدیهاتنی ئەو هیواو ئاواتانەی نەدیت کە زیاتر لە سێ چارەگە چەرخ لە گەڵیان ژیابوو، بەڵام دڵنیام بە بەردەوامی هەموو لایەکمان لە سەر تێکۆشانو خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەمان لە بندەستی، سەرئەنجام ئاواتەکانی دێتە دی.

جارێکی دیکە هاوخەمیی خۆم لە گەڵ بەڕێزتان دووپات دەکەمەوە.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٣٩٥/٣/٣**
**٢٠١٦/٥/٢٣**

دریژەی

## ڕاگەیاندراو بە بۆنەی کۆتاییهاتنی سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەبارەت بە باکووری کوردستان، کۆمیتەی ناوەندی وێرای دەربڕینی نیگەرانی لە بارودۆخی ئەو پارچەیە، پێی وابوو کە لە کاتێک دا کە دەرفەتی باش بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاتبووە گۆڕێ، شەڕو خوێنڕشتنی چەند مانگی رابردوو، هیوای سەرلەنوێی بۆ دەسپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی زۆر کەمڕەنگ کرۆتەوە، بۆیە هیواداره کە هەردوولایەنی تورکو کورد تێبکۆشن کە شەڕو لێک کوشتن نەبێ بە نەخشەڕێگای چارەسەری کێشەکە.

لە بەشێکی دیکەی کاری پلینۆمدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە کۆمەڵێک پرسو ڕووداوی شیاوی ئاوڕلێدانەوەو قسە لەسەرکردن، هەڵبژاردنەکانی چەند مانگ پێشی نوێنەران بۆ پارلمانی ئێران لە کوردستانو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان خرانەوەو بەر باسو خوێندنەوەیان بۆ کرا. هەر لەم پێوەندییەدا پلینۆم بۆ جارێکی دیکە پێداگریی لە سەر هەڵوێستی حیزب لە سەر بایەخدان بە سیاسەتی فرەرەهەندی لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانو جۆری ڕوانینی حیزب بۆ جموجۆڵەکانی نێوخۆی وڵات لە ژێر خوێندنەوەی "کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بە قازانجی زیاتر مەترەحکردنی پرسە نەتەوەییە و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستان" کردەوە.

هەر لە درێژەی ئەم برگە لە ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی حیزبدا بە سەرنجو بایخەوە خوێندنەوە بۆ جموجۆڵی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کراو، حزووری مانادادارى خەڵکی کوردستان لە پرسەکانی نەورۆزی، ژینگەپارێزیو پیکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە فەرهەنگیو ئەدەبیو جەماوەرییەکانو لە سەریەک بێ تەفاوەت نەبوون بەرانبەر بە ڕووداوەکانو ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ سیاسەتو پرۆژەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرزنرخاند.

لە درێژەی کارەکانی سێهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا گەڵاڵەی پێشنیاریی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی ئۆرگانیو تەشکیلاتیی حیزب خرایە بەر باس کە دوای دەستنیشانکردنی ئەولەویاتی کارو تێکۆشانی حیزب لە داهاتوودا، هەروەها بیروڕاگۆڕینەوە لە سەر چۆنیەتیی سازماندانی حیزب، گەڵاڵەی پێشنیاری بۆ سازماندەیی حیزب پەسەند کراو دەفتەری سیاسیی ڕاسپێردرا بۆ جێبەجێ کردنی.

کۆمیتەی ناوەندی هەروەها لە درێژەی کارەکانی پلینۆمدا، چەند کەس لە هاوڕێیانی حیزبی وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارو لە درێژەی ئەم بەشە لە کاری پلینۆمدا باس لە سەر دابەشکردنی کارو ئەرکی ئەندامانی ڕێبەریی کراو وێڕای وەرگرتنی بۆچوونو نەزەری هەرکام لە ئەندامانی ڕێبەری لە سەر کارو ئەرکەکانی داهاتوویان، دەفتەری سیاسیی حیزب ڕاسپێردرا کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بە ڕاوێژ لە گەڵ ئۆرگانەکانی حیزب ئەم ئەرکە بە جێ بگەیەنێت.

لە دوایین برگەی کارەکانی پلینۆم دا، کۆمەڵە باسێکی تەشکیلاتیی پێوەندیدار بە نێوخۆی حیزب هاتە ئاراوە کە داوی هاتنە بەرباس و قسە لە سەر کردنیان، بڕیارو ڕاسپارەیان لە سەر دراو بۆ بەجێگەیاندنیان دەفتەری سیاسییان لە سەر ئەرکدار کرا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٤ی جۆزەردانی ١٣٩٥**

## کۆنفرانسی «لە پۆست داعشەوە بۆ پۆست سایکس ـ پیکۆ» لە هەولێر گیرا



لە کۆنفرانسێکدا کە لە ژێر ناوی " لە پۆست داعشەوە بۆ پۆست سایکس ـ پیکۆ" بەڕێوەچوو، کۆمەڵە بابەتێکی گرینگو هەستیاری کوردستان لە یادی ١٠٠ ساڵەی پەیماننامەی سایکس_پیکۆدا لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆوە تاوتوێ کران.

لە کۆنفرانسەدا کە رۆژی چوارشەممە ٢٩ی بانەمەری ٩٥ ( ١٨ی مای ٢٠١٦ ) "ناوەندی لێکۆڵینەوەیی رووداو" پێکی هێنابوو، کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسیو نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بانگهێشت کرابوون.

لە پانێلی یەکەمی کۆنفرانسەکەدا کە لە ژێر ناوی "کوردستان و پۆست داعش" بەرێوەچوو، پرۆفسۆر "رینییە پارپۆرت"، تویژەر لە زانکۆی مۆنتریاڵی کانادا، دوکتۆر تایمۆن واڵنتاین، مامۆستای زانکۆی بەریتانی لە هەولێر، پرۆفسۆر سەعید شەمس، مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی سۆرانو، عەبدورەحمان دەروێش باسو وتارەکانیان پێشکێش کرد.

لە پانێلی دووهەمی کۆنفرانسەکەشدا کە لە ژێر ناوی "سەدەیەک پاش سایکس ـ پیکۆ" گیرا، پرۆفیسۆر ڤلادیمیر قاسییڤ، دوکتۆر مارف عومەر گوڵ، دوکتۆر ساڵح عومەرو دوکتۆر بیار مستەفا باسەکانیان پێشکێش کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کۆنفرانسەکەدا رێگە بە بەشداران درا راو سەرنجی خۆیان لەسەر تەوەری باسەکان پێشکێش بکەن، کە لەو بەشەدا ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر سەرنجو تێبینییەکانی خۆی لە سەر کارتیکەریی رێکەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ لە سەر بزووتنەوەی کوردو کاریگەریی سەلبییەکانی داعش لە سەرخەباتی کوردو پرسی سەربەخۆیی باشوری کوردستان هێنایە بەرباس.

## کۆچی دوایی سەیدڕەزا درودگەر، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕات

سەید ڕەزا درودگەر، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕاتو ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزب بەهۆی نەخۆشی لە دوورەوڵاتی کۆچی دوایی کرد.

سەید ڕەزا درودگەر، کوڕی سەید عەبدوڵلا، خەڵکی پاوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەو ساڵی ١٣٥٧ بۆ خەباتی سیاسی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی هەڵبژاردو بەهۆی نەسرەوتنو تێکۆشانی بێوچانو دەروەستانەی هەموو قۆناغی تەشکیلاتیی حیزبی یەک لە دوای یەک بڕیو ماوەی ٦ دەورەو بۆ ١٨ ساڵ ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕات بوو.

کاک سەید ڕەزا درودگەر، خەباتکارێکی نەسرەوتوو، دڵسۆزو شێلگیر لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی سادەو خاکەڕایی، خۆشناوو جێی ڕێزو حورمەتی هاوڕێیانی بوو. سەید ڕەزا هەروەها برای دوو شەهیدی حیزبی دێموکڕات بوو و بۆ خۆشی ماوەی ٤٠ ساڵو تا بەهۆی نەخۆشی چاوی لێکنان، پێشمەرگەو درێژەدەری ڕێبازی حیزبی دێموکڕات بوو.

کاک سەید ڕەزا درودگەر کە ماوەی چەند ساڵێک بوو بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردبوو، ڕۆژی هەینی ١٧ ی بانەمەڕو لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەکی شاری "بێرگێنی" لە وڵاتی نۆروێژدا ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانو نیشتمانەکەی کرد.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک سەیدڕەزا درودگەر سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکارو هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکڕاتدا دەکاو خۆی بە شەریکە خەمیان دەزانێ. هەر لەو پێوەندییەدا هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە، ١٨ ی بانەمەڕ بەشداری پرسەو کۆڕی سەرەخۆشیی کاک سەیدڕەزا دەبێو لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی کۆچکردوویدا دەکەن.



## پەیامی هاوخەمیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەری دێرین سەروان چەکۆ ڕەحیمییەوە



دوێنێ چوارشەمە ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٩٥ (١١ی مانگی مای ٢٠١٦) بە داخێکی گرانەوە سەروان عەبدولڕەحمان ڕەحیمی(سەروان چەکۆ) تێکۆشەری دێرینی دیموکراتو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە ناوەخت کۆچی دوایی کرد. کۆچی دوایی سەروان چەکۆ لە کاتێک دایە کە هێشتا حەوتوویەک بە سەر کۆچێکی ناوەختی دیکە، کۆچی دوایی کاک سەید ڕەزا دروودگەر تێکۆشەری دێرینی دیکەی دیموکرات دا ڕانەبردووە. ئەم دوو ڕووداوە بە دوای یەک دا بێگومان هەموومان پتر دەباتە نێو خەم و بەداخبوون.

کاک چەکۆ هەر لەو ڕۆژەوە کە وەک ئەفسەرێکی نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕ، ئەرتەشی ئێرانی بە جێ هێشتو سەنگەری پێشمەرگەو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی هەڵبژارد، هەموو پسپۆڕیو تواناکانی خۆی بۆ پێگەیاندنو بەرەوژووربردنی هێزی پێشمەرگەو بەرەوپێشبردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد. فیداکاریو خزمەتی سادقانەو پێشمەرگانەی لە پۆستی فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی شنۆ، سنەو مەهاباد، ڕۆڵی یەکەمی لە بنیاتنانی فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبو، خۆتەرخانکردنی بۆ فێرکردنو پێگەیاندنی فەرماندەران، کادرەکانو پێشمەرگەکانی حیزب، لە کارنامەی٣٧ ساڵەی کاک چەکۆی نەمردا، بە درەوشاوەیی دەمێننەوە.

کۆچی ناوەختیهاوڕێ چەکۆ ڕەحیمی، بووە مایەی خەمو پەژارەی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ئاستەکاندا. ئێمە لە دەستچوونی کاک چەکۆ بۆ هەموو دیموکراتەکانو بۆ هێزی پێشمەرگەو خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خەسارێکی دیار دەزانینو لە ناخی دڵمانەوە بۆ کۆچی ناوەختی بە داخو خەمبارین. بەم بۆنەیەوە گەرمترین سەرەخۆشیو هاوخەمیمان پێشکەشی بنەماڵە سەربەرزەکەی، ڕێبەریو تێکڕای تێکۆشەرانو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین. بە دەرفەتیشی دەزانین جارێکی دیکە سەرەخۆشیی خۆمان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک سەیدڕەزا دروودگەر، لە گەڵ بنەماڵەو هەموو هاوسەنگەران و هاوڕێیانی دووپات بکەینەوە.

یاد و ناوی سەروان چەکۆ ڕەحیمی ، سەید ڕەزای دروودگەر و هەموو ئەو تێکۆشەرانەی سەرانسەری تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازیی کوردستان تەرخان کرد، بۆ هەمیشە بەرزو بەڕێز بێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٥
١٢ی مای ٢٠١٦

## شاندێکی حیزب سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانی کرد

لە دیداری نێوان دوو شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕاندا دوایین پرسو گۆڕانکارییەکانی کوردستان تاوتوێکران.

ڕۆژی چوارشەممە، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیان کرد لە شاری سلێمانی کردو لەلایەن شاندێکی گۆڕان بە سەرپەرەستیی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا، دۆخی هەرێمی کوردستانو عێراقو ناوچەکە، تاوتوێ کراو هەردوولا لە پێوەندی لەگەڵ بە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو پرسی کورد، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.



## پیشاندرانی فیلمی «پێشمەرگە» لە فستیڤاڵی فیلمی «کان»دا

فیلمی "پێشمەرگە" لە دەرهێنانی هانری لێوی، فەیلەسوفی ناوداری فەڕانسەوی، ڕۆژی هەینیی، ٣١ ی بانەمەڕ بۆ یەکەمجار لە فستیڤاڵی فیلمی "کان"دا پیشان درا.

ئەو فیلمە لە بەرەکانی شەڕ لە کەرکوکو شەنگال وێنەی گیراوەو باس لە شەڕی پێشمەرگە کوردەکان لەگەڵ گرووپی تێرۆریستیی داعش دەکا.

بێرنارد هانری لێوی، دەرهێنەری ئەو فیلمە وەک یەکێک لە لایەنگرانی سەربەخۆیی کوردەکان دەناسرێ.

وەک بەرپرسانی فگستیڤاڵی کان باسی دەکەن، بۆ دروستکردنی ئەو فیلمە هاتوچۆی هەزاران کیلۆمیتر بەرەی شەڕی داعش لە هەرێمی کوردستان کراوەو لە سەنگەری پێشمەرگەکان، دیمەنەکانی شەڕو ڕوخساری ژنانو پیاوانی قوربانیی شەڕی داعش وێنە هەڵگیراوە.

فیلمی "پێشمەرگە" لە بەرەی هەرە پێشەوەی شەڕ لە هێڵەکانی کەرکووکو شەنگال وێنەی گیراوەو بۆ دەستخستنی هەندێ وێنەو دیمەنی نێوشاری موسڵ کە لەبەردەستی داعش دایە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار هاتوە.

مارگۆ سینما، وەبەرهێنەری ئەو فیلمە لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ فیلمی " پێشمەرگە" ڕێزو پێزانینێک بۆ ژنانو پیاوانی ئازاو بەجەرگی کوردە.

بێرنارد هانری لێوی، ڕۆژنامەنووسو فەیلەسوفی تەمەن ٦٧ ساڵەی خەڵکی فەڕانسە بە هەواڵدەریی فەڕانسەی ڕاگەیاندوە کە بە دروستکردنی ئەو فیلمە لە ١٠٠ ساڵەی پەیماننامەی سایکس _ پیکۆدا ویستوویەتی لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دان بە نیشتمانی سەربەخۆی کورد دابنێو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بە ڕەسمی بناسێ؛ ئەو دەڵێ پەیماننانەی سایکس _ پیکۆ بوو کە نیشتمانی کوردەکانی کردە چوار لەتو بەشبەشی کردن.

ئەو ڕووناکبیرەی فەڕانسە دەڵێ فیلمی "پێشمەرگە" دەیەوێ ئەو بێعەداڵەتیو نادادپەروەرییەی لە دژی خەڵکی کوێستان، واتە کوردەکان کراوە، کۆتایی پێبێو ئەو مافەیان بۆ بگەڕێتەوە.

## سپای پاسداران لە شنۆ هێزەکانی خستۆتە ئامادەباشەوە

دوای پەلاماری ئەم دوایانەی ژمارەیەک بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ماشێنێکی سپای پاسداران لە ناوچەی ڕەبەت کە کوژرانی سێ کەسو بریندارbوونی چەند کەسی دیکە لە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی لێکەوتەوە، سپای پاسداران لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هێزەکانی خستۆتە ئامادەباشەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد لە شاری شنۆ هێزەکانی سپای پاسداران بە ماشێنی مەدەنی بەنێو شاردا دەخولێنەوەو ئەگەر لە ماشێنێک یان کەسێک بەشک بن ڕایدەگرنو لێپرسینەوەی لێدەکەنو لەگەڵ خۆیان بۆ بنکەکانیانی دەبەن.

بەپێی ئەو زانیارییانە هێزەکانی سپای پاسداران لە شاخو دەرەوەی شاریش ئەگەر لە کەسێک بەگومان بن یەکجێ لەگەڵ خۆیانی دەبەن، هەروەها ژمارەی بانگکردنەوەی جاشەکان بۆ نێو هێزە ئامادەکانیان زیادی کردوە.

پەیامنێری کوردستانو کورد دەڵێ لەو گەشتو جووڵە نیزامییەی سپای پاسداراندا هێزەکان زیاتر لە ٣-٤ پاسدارایان لەگەڵ نییەو ئەوانی دی هەموو جاشن، بەپێی زانیارییەکانیش سپای پاسداران نایەوێ لەئەگەری تێکهەڵچوونو شەڕ لەگەڵ دژبەرانیدا هێزی پاسدار بەکوشت بچنو خەمی لە کوژرانی جاشو هێزە چەکدارە خۆوڵاتییەکانیش نییە.



جێی بیرهێنانەوەیە ڕۆژی چوارشەممە، ١٥ی بانەمەڕ ماشێنێکی سپای پاسداران کە ٧ کەسی تێدابووە لە نیزیک گوندی مێونەی ناوچەی ڕەبەت کەوتە بەر هێرشی پۆلێک چەکداری بەرهەڵستکاری ڕێژیم.

لەو تێکهەڵچوونەدا دوو جاشی ناوچەی سەردەشت بەناوەکانی محەممەد ئەبووبەکریو ڕەحمان ئیبڕاهیمی لەگەڵ پاسدارێکی خەڵکی ئەردەوێڵ بە ناوی موجتەبا کوژراونو چەند جاشو پاسدارێکی دیکەش بە توندی بریندار بوون کە ئێستا لە نەخۆشخانەی ورمێ لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدان.

## سمیناری کاک حەسەن حاتەمی لە ماڵمۆی سۆئێد

گرووپی چالاکانی کوردی مالمۆ بە هاوکاری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پاریزگای سکۆنەی سۆئێد سمینارێکی بۆ کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕیبەریو بەپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ١٩ی بانەمەڕ ( ٨ی مای ٢٠١٦ی زایینی)، بەبەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی شاری مالمۆ و ئەندامانی حیزب لەو شارە بەڕێوەچوو، کاک حەسەن حاتەمی باسێکی لەسەر دوایین ئاڵوگۆرە سیاسییەکانی کوردستانو ناوچە پێشکێش کرد.

ئەندامی ڕێبەریی حیزب لە سەرەتای باسەکەیدا بە ئاماژە بە گرژیو ئاڵۆزییەکانی ناوچەی دووزخورماتوو لە باشووری کوردستان، باسی لە دەورو کاریگەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو ئاڵۆزییانەدا کردو تیشکی خستە سەر پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەو جیهانو ئاماژەی بەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی لە پێناو بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆی دەیان تاقمو گرووپی وەک حیزبولای لوبنانو حەماسی فەلەستینی دامەزراندوە و دامەزراندنی "حەشدی شەعبی"یش بەشێکە لە پرۆژەی ناردنە دەرێی ئینقلابەکەی، بە تایبەت کە ئەو حکومەتە لە مێژە پشتێنی دوژمنایەتی کوردی کردۆتە پشت.

کاک حەسەن حاتەمی گوتی ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە ڕواڵەت خۆی بە دۆستی کورد لە باشووری کوردستان دەزانی، بەڵام هاوکات دەیان جار لە دەمی مۆرە ورد و درشتەکانی ئەو حکومەتەوە بیستراوە کە دامەزرانی دەسەڵاتێکی کوردی لە باشووری کوردستان، ئیسرائیلێکی دووهەمە، هەر بۆیە بە هەمو شیوەیەک دژی سەقامگیریی ئەو حکومەتە نیوچە سەربەخۆیەی کورد بووە.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا هۆکارەکانی دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دۆزی کرد لە ناوچەی شی کردەوەو گوتی جێگیربوونی دەسەڵاتی کورد لە ڕۆژاوای کوردستانو سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی کورد لە باشوور، ئێرانی زیاتر تەنگەتاو کردووە، هەر بۆیە لە دوایین لێدوانیدا، عەلی ئەکبەر ولایەتی، ڕاوێژکاری خامنەیی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی دەڵێ، ئەگەر ئاوا بڕواتە پێشێ ئیسرائیلی سێهەمیش خەریکە لە ناوچەکە درووست دەبێ، کە مەبەستی دەسەڵاتی خۆجەیی کوردە لە ڕۆژاوای کوردستان.



حەسەن حاتەمی گوتی ئێران دژ بە بەرژەوەندییەکانی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستانو لە هیچ چەشنە پیلانێک بۆ لە ناوبردنی دەستکەوتەکانی کورد خۆی نابوێرێو هەر بۆیە دەبێ بە هەموو هێزوتوانامانەوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی کورد لە باشوور و خۆرئاوای کوردستان هەوڵ بدەن.

لە بەشی کۆتایی ئەو سمینارەشدا کۆمەڵێک لە بەشداران بە ڕاو سەرنجی خۆیانو بە هێنانە بەرباسی کۆمەڵێک پرسیار بەشدارییان لە کۆڕەکەدا کرد کە دواتر کۆڕگێڕ وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە.

## کرانەوی پیشانگای خەتخۆشیی دووبەیتییەکانی مامۆستا هەژار لە مەهاباد

لە مەهاباد پیشانگایەکی هاوبەشی خەتخۆشیی دووبەیتییەکانی مامۆستا هەژاری موکریانی بۆ ماوەی حەوتوویەک کرایەوە.

لەو پیشانگا هاوبەشەدا کە لە ڕۆژی پێنجشەممەوە کراوەتەوە، دووبەیتییەکانی مامۆستا هەژار لەلایەن ٣٧ هونەرمەندی خەتخۆشەوە لە کۆمەڵە تابلۆیەکدا نەخشێندراوەو هەروەها لە توێی کتێبێکدا چاپ بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ئەدەبی فەرهەنگیی "هاژە" لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی پیشانگاکەدا قادر مرادی، سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگو ئیرشادی مەهاباد ڕێزی لە بەڕێوەبەرانی پیشانگاکەو هەروەها ئەندامانی ئەنجوومەنی خەتخۆشەکانی مەهاباد بۆ ئەو پڕۆژە بەبایەخە گرت. لە درێژەی بەرنامەکەشدا سەلاح ئاشتی، نووسەر، وەرگێڕو لێکۆڵەری دیاری موکریان قسەی لەسەر ئەو پڕۆژەیە کرد. ئەو گوتی ئەگەرچی کاری بەکۆمەڵو گرووپی لە بواری فەرهەنگیدا لە کوردستان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام ئەو پڕۆژەیەی ئەنجومەنی خەتخۆشیی مەهاباد بە بەشداریی ٣٧ هونەرمەند کە چەند کەسیان غەیرە کوردیشن، بەبایەخو، جێی ڕێزو پێزانینێکی زۆرە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەرپرسی ئەنجومەنی خەتخۆشەکانی مەهاباد وێڕای باس لە پێشینەی چالاکییەکانی ئەو ئەنجومەنەو کردنەوەی ٦٠ پیشانگای ئەنجومەنەکە، ئامانجەکان لەو پڕۆژە هونەرییەی شی کردەوە.

ئەو گوتی بڵاوکردنەوەی دووبەیتییەکانی مامۆستا هەژار لەلایەن ٣٧ خەتخۆشی ئەنجومەنو هەروەها تۆمارکردنی ئەو پڕۆژە هاوبەشە وەک بڕگەیەک لە زەمەنی کاریی ئەنجوومەن دوو مەبەستی سەرەکیی ئەو پڕۆژەیە بوون.

لە دوابڕگەی کردنەوەی پیشانگاکەشدا کۆمەڵێک گۆرانیو بڕگەی مۆسیقی پێشکێش کرانو پاشان پەردە لەسەر کتێبی" دووبەیتییەکانی مامۆستا هەژار" لادراو پیشانگاکە کرایەوە.

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو وڵاتی سوید

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی مای بەرامبەر بە ٢٥ی بانەمەڕ، بە بەشداری دەیان کەس لە نوێنەرانی لاوانی کورد، کۆبوونەوەیەکی بەرینی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری ویستروس،ی وڵاتی سوید، بەڕیوە چوو.

ئەو کۆبوونەوە کە بە بەشداری نوێنەرانی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکێتی لاوان، کومیتەی گشتی حیزب دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سوید و کۆمەڵێک لە بنەماڵەی لاوان بەڕێوەچوو، سەرتا بە سروودی نەتەوەیاتەی ئەی ڕەقیب و یەک خولەک بیدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەستی پێکرد. پاشان بەڕێوەبەری بەرنامەکە، خاتوو باوان کەریمی ڕیزی بەرنامەکانی کۆبوونەوەکەی خوێندەوە. بە دوای ئەو دا خاتوو موژدە عەزیزی، ئەندامی دەستەی بەڕێوە کومیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکێتی لاوان کورتەیەکی سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە ساڵانی رابردوو دا لە سوید و لە هەموو وڵاتانی ئوروپا پێشکەش کرد. پاشان کاک جەعفەر ڕەسووڵی بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکێتی لاوان چەند وتەیەکەی سەبارەت بە دەوروو کاریگەری ڕێکخراوەکەیان لە ڕەوتی خەبات و شۆڕشی کورد بە درێژایی دەیان ساڵی رابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها هۆشیار کردنەوە و ڕیکخستنی لاوان لە دەرەوەی وڵات، هێنایە زمان. ئینجا کۆمەڵێک لە بەشداران کە پێشتر ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بوون، سەبارەت بە کاروچالاکییەکان و گرینگی ئەو ڕێکخراوە و ئەزموونی خۆیان لە سەردەمی لاوییەتی دا بۆ بەشداران دووان. ئینجا لاوی دەنگ خۆش کازیوە فەتحیان گۆرانییەکی بە زمانی ئینگلیسی پێشکەش کرد.

بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە تەرخا کرا بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری کومیتەی یەکێتی لاوان، کە لەو بەشەش دا کۆمەڵێک لە کوڕان و کچانی لاوی دیموکرات، خۆیان بۆ



وەئەستۆ گرتنی ئەرک و چالاکی ڕێکخراوەکەیان لە دەورەیەکی نوێی خەبات دا بەربژێر کرد و ئەرکی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە وڵاتی سویدیان گرتە ئەستۆ.

بەشی کۆتایی بەرنامەکە دا تەرخان کرا بۆ چەند چالاکییەکی هونەری، کە لەو بەشەش دا تیپی مۆسیقای " جەوان" کە لە لایان چەند لاوێکی دەنگخۆشەوە دامەزراوە چەندین گۆرانی کوردی وئینگلیسی پێشکەش کرا و لە ناو خۆشی و شایی لاوانی بەشدار کۆتایی پێ هات.

## نووسینی تێزێکی زانکۆ لەسەر ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا



لە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر لێکۆڵینەوەیەک بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بۆ "ڕۆڵی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورددا" تەرخان کرا.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە دوو خوێندکاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، سیڤان یووسف بەکر یاسین، دانیشتووی شاری هەولێرو عەدنان سلێمان ئەحمەد خەڵکی بەردەرەش لە پارێزگای دهۆک کردوویانە، باس لە ژیانو خەباتو رۆڵی شەهید قاسملوو لە بزووتنەوەی سیاسیی کورددا کراوە.

جێی باشە پێشتریش لە نێو خوێندکارانی کورد لە باشووری کوردستان کۆمەڵێک تێزی لیسانسو کارناسیی باڵا لەسەر ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرگیراوە کە تێزی دوکتور هوشمەند عەلی، لێکۆڵەر و مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیە یەکێکی دیکە لەو هەولانەیە.

## کۆڕی دەزگای هونەری ڕۆشنبیریی شوان پەروەر لەسەر ١٠٠ساڵەی سایکس ـ پیکۆ

دەزگای هونەری ڕۆشنبیریی شوانپەروەر بەبۆنەی ١٠٠ ساڵەی سایکس ـ پیکۆ کۆڕێکی پێکهێنا.

لەو کۆڕەدا کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٧ ی بانەمەڕ لە ژێر ناوی «١٠٠ ساڵ دەربازبوون، بەسە بێ دەوڵەت بوون» بەڕێوەچوو، کۆمەڵە باسو وتار پێشکێشکران.

لەو کۆڕەدا سەرەتا نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر وتارێکی لە سەر چەندوچۆنیی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ پێشکەش کرد کە چۆن وڵاتانی وەک بریتانیا، فەڕانسەو ڕووسیە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی‌یان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ویستو داوای کوردەکان لە نێوان خۆیاندا، دابەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا ئەدیب چەلکی باسێکی لە سەر ڕۆڵی شێخ عەبدوسەلام بارزانی لەسەر دەسپێکی جووڵانەوەی سەربەخۆیی لە باشوری کوردستان کردو دواتر دوکتۆر هۆگر تاهیر، مامۆستای زانکۆ باسی ئەوەی کرد کە هۆکاری ئەوە چی بوو کە



کورد نەبوو بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەو لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە فاکتەرەکانی نێوخۆیی، هەڵکەوتەی جوغرافیاییو فاکتەری دەرەکی لە نێو ئەواندا،و ڕۆڵی وڵاتانی زلهێزی جیهانی وەک بریتانیا، فرانسە و روسیەی کرد.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو کۆڕەدا کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبیو سروودو گۆرانیی نیشتمانی پێشکێش کران.

شایانی باسە لەو کۆڕەدا بەشێک لە کۆنسوڵو نوێنەرایەتی وڵاتانو هەروەها هێندێک لە نوێنەرایەتی حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەشدار بوونو هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش لە هەولێر بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی لە سەر بانگهێشتی بەڕێوەبەرانی کۆڕەکە، لەو یادەدا بەشدار بوو.

## بەڕێوە چوونی کۆنفرانسی یەکێتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی سویس

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی مای ٢٠١٦ بەراورد لە گەڵ ١٩ی بانەمەڕی ١٣٩٥ ی هەتاوی کۆمیتەی لاوانی دیموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی سویس کۆنفڕانسێکی تەشکیلاتی بەهاوکاری کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە پێک هێنا کە لە دوای سروودی نیشتمانی ئەی رەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، لەو کۆنفرانسە دا لە دوای کوورتە باسێک لە سەر بەرنامەو ئەساسنامەی یەکێتی لاوان لە لایەن "زاهید شاعیری " بەرپرسی کۆمیتە و چەند پێشنیارێک لە لایەن ئەندامانی یەکێتی لاوان کۆنفرانس کاری خۆی بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەرێوەبەری لەو وڵاتە دەست پێکرد، لە دوای هەڵبژاردن ٥ کەس وەک دەستەی بەرێوەبەری هەڵبژێردران.



هەروەها جێگای ئاماژەیە کە لەو کۆنفرانسە دا بریار دراکەبەرپرسی کۆمیتە راستەو خۆ ببێتە ئەندامی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە و پاش کۆنفرانسەکە بە بەشداری بەرپرسی کۆمیتەی لاوان و هەروەها بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی ژنان لە سویسرا کۆبوونەوەیەک لە سەر چۆنیەتی کار کردن بە یەکەوە و رێکخستنی هاوئاهەنگی زیاتر لە گەڵ کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە کۆمیتە کۆ بوونەوە.

## بەشداری یەکیەتیی لاوان لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە سۆئێد

ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە پارلمانی وڵاتی سۆئێد کۆنفڕانسێکی لە ژێر ناوی " ئاشتیو پرۆسەی دیموکراسی" بەڕێوەبرد. لە سەر بانگهێشتی ئەو ڕێکخراوەیە، ئاریز ڕەمەزانی، نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداریی ئەو کۆنفڕانسەی کرد.

لەو کۆنفڕانسەدا کە بەشداریی دەیان کەسایەتیی سیاسی، مامۆستای زانکۆ، شارەزایانی بواری دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ گیرا، کۆمەڵێک باسو بابەتی جیاواز، لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی پەرەپیدانی دیموکراسیو گەشەپیدانی مافەکانی مرۆڤ هاتنە بەر باس.




لەو کۆنفڕانسەدا کە بە وتاری ناسر بولادەی، سەرۆکی " ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان " کرایەوە، چەند مژارێک بۆ باس لە سەر وڵاتانی ئێران، پاکستانو ئیتیۆپی کرابوونەوەو لەو بەشە دا زۆر بە وردی باس لە سیاسەتو رەفتاری کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتیی ئازادییەکانو پێشێلکردنی مافی مرۆظو مافی نەتەوە نافارسەکان لە ئێران کرا.

ئیدریس ئەحمەدی، مامۆستا زانکۆو لێکۆڵەری سیاسی یەک لەو کۆرگێرانە بوو کە لە سەر رەوشی مافو ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێران لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی‌دا قسەی کردو سیاسەتو کارنامەی کۆماری ئیسلامیی لەو پێوەندییە بۆ بەشدارانی کۆنفڕانس شی کردەوەو بە هێنانەوەی فاکت لەسەر پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریسمی نێودەوڵەتیو تێرۆری جیابیرانی لە نێو دڵی ئورووپادا، ئاماژەی بە تێرۆری دوکتور عەبدورەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی، دوو سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد کە وێڕای دەیان کادری ڕێبەریی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە دەستی تێرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا تێرۆر کراون.

ئەو نەیشاردەوە کە ئەگەر ڕۆژئاوا دەیەوێ تێرۆرو مەترسییەکانی لە ناو بەرێ، دەبی ڕەگو ڕیشەی تێرۆر و تێرۆریستان، کە لە تارانەوە سەرچاوە دەگرێ ببڕێو لە سەری گەورەی تێرۆر واتە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بدا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆنفڕانسەدا فریدریک مالم، ئەندامی پارلمانی سۆئێدیش هەر لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی دواو بە ئاماژە بە تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گوتی کە کاربەدەستانی ئێران لەو ڕێگەیەوە هەوڵی لە نێوبردنی یەکجاریی کوردەکان داوەو مەبەستیشیان لە کوشتنی کەسایەتییە سیاسیو ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد ئەوە بووە کە دەنگی ئەو گەلە کپ بکەنو هێدی هێدی زەمینە بۆ لەناوبردنی یەکجاری کورد لە ئێران‌دا خۆش کەن.

شایانی باسە کە نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێزی کۆنفڕانسەکەدا چاوی بە چەند کەسایەتی سیاسی وەک فرێدریک مالم، ناسر بولادای، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کەوت لە سەر بارودۆخی خراپی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ لە ئێرانو ڕۆژهەلاتی کوردستان قسە و باسی لەگەڵ کردن.

## لاوێکی سەردەشتی بە دووچرخە پەیامێکی گرینگی گەیاندە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی

لاوێکی سەردەشتی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران بۆ پاککردنەوەی مەیدانەکانی مینو هەروەها بە دروشمی "جیهانێک بەبێ مین" ڕێگای نێوان چەند شاری پارێزگاکانی ورمێو سنەی بە دووچرخە بڕی.

"رامان زاهیری"، وەرزشکارو هونەرمەندی دانیشتووی شاری سەردەشت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کاربەدەستانی حکوومەتی ئێرانو هەروەها بیروڕای گشتی بۆ پاککردنەوەی مەیدانەکانی "مین" کە بە درێژایی ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی دوو دەوڵەتی ئێرانو عێراق چێندراونو پاش تێپەڕبوونی ٢٧ ساڵ لە راوەستانو تەواوبوونی شەڕەکە هێشتا ئەو مەیدانە "مین"انە پاک نەکراونەوەو ڕۆژ نییە هەواڵی گیانلەدەستدانو بریندار‌بوونی چەند کەسێک لە مێدیاکانەوە بڵاو نەکرێتەوە، بە دووچەرخە ڕێگای نێوان چەند شاری بڕی.

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز رامان زاهیری ماوەی مەودای ٤٥٠ کیلۆمیتریی نێوان شارەکانی سەردەشت، بانە، سەقزو سنەی بە دووچەرخەکەی بڕیوەو ڕۆژی سێشەممە ٢١ی بانەمەڕ گەیشتە شاری مەریوان کە بە دوائامانجی گەشتەکەی "رامان" دیاری کرابوو.

هەم هەنگاوە سیمبولیکە، لەلایەن "ئەنجوومەنی لاوانی هەتاو" لە شاری سەردەشت پلانی بۆ دارێژرابوو و "رامان زاهیری" لە میانەی گەشتەکەی‌دا لەگەڵ قوربانیانو بەرکەوتووانی "مین" دیداری دەکردو دیارییەکی "ئەنجوومەنی هەتاو"ی پێشکەش دەکردن.

هەروەها ناوبراو لە چەند خاڵێکدا داواکاریی خەڵکی ناوچەکە بەمجۆرە رادەگەیەنێ:

١- لە واژۆکردنی کۆنوانسیۆنی نێونەوەتەوەیی ١٩٩٧ بۆ بەکارنەهێنانی "مین" کە ١٥٦ وڵات تا ئێستا ئەو ڕێککەوتنەیان واژۆ کردوەو، پەلە بکرێ.

٢- کۆکردنەوەو پاککردنەوەی مەیدانەکانی



"مین" سەرجەم ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە پێشتر پاک کراونەوەو یان تا ئێستا هەروەک خۆیان ماونو سەرنج بدرێتە ئەو شوێنانەی کە بە هۆی خزینی زەویو لافاوەوە مینەکان جێگۆڕکێیان پێ کراوە.

٣- هاوکاریی ماڵیو مەعنەوی دامودەزگاکانی حکوومەت لە کەسانەی بەهۆی "مین"ەوە زەرەرمەند بوون.

٤- وشیارو ئاگادارکردنەوەی دانیشتوانی ناوچە مینڕێژکراوەکان تا پاقژکردنەوەی تەواوی ناوچەکەیان لە مین.

## کوردەکانی ئوتریش پەیماننامەی "سایکس ـ پیکۆ"یان مەحکووم کرد

لە سەدەمین ساڵڕۆژی ئیمزاکردنی پەیماننامەی سایکس ـ پیکۆ، کە دابەشبوونەوەی کوردستانی لێکەوتەوە، کوردەکانی دانیشتووی ئوتریش، لە ڕێپێوانێکدا بێزاریی خۆیان لەو پەیماننامەیە دەربڕی.

لەو خۆپیشاندانە چەند سەد کەسییەدا کە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو وڵاتە بە گەرمیو گوڕی تێیدا بەشدار بوون، خۆپیشاندەران سەرەتا لە ناوەندی شاری ڤییەن کۆبونەوەو لە ڕێپیوانێکدا بەرەو بینای سەفارەتی فەرانسە لەم شارە وەڕێ کەوتنو لەوێ هەیئەتیک پەیامی خۆپێشاندەرانی گەیاندە باڵوێزخانەی فەڕانسە لەو وڵاتە.

لە وڵاتی ئالمانیش بە هەزاران کەس لە



ئاکسیۆنیک‌دا کە لە ژێر ناوی « ڕوژیک بۆ سەربەخویی و کوتاییهێنان بە پەیماننامەی دابەشکردنی کوردستان» بەڕێوەچوو، داوای هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی سایکس ـ پیکۆ و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان کرد.

هەروەها لە وڵاتی «سویس»یش لە خۆپیشاندانێکی هاوشێوەدا کە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، داوایەکی هاوشێوە کرا.

## خۆپیشاندانی کوردەکانی سویس له ١٠٠ ساڵەی پەیمان سایکس - پیکۆدا

سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی سویس بۆ مەحکومکردنی پەیمانی سایکس - پیکۆ کە دابەشکردنی دووهەمجاری کوردستانی بەسەر سێ وڵاتدا لێکەوتەوە، خۆپیشاندانێکیان لە شاری زوریخ بەڕێوە برد.

ئەو خۆپیشاندانە لە ١٠٠ ساڵەی ئەو پەیماننامەیەو بەبەشداری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردی سوریە ( الپارتی )، گرووپی ئاراراتی سووریەو کوردەکانی باشووری کوردستان‌و هەروەها کۆمەڵێک ڕێکخراوی کوردیی وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.

خۆپیشاندانەکە بە سروودی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردستانی دابەشکراو دەستی پێکردو پەیامی کومیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر پەیمانی سایکس - پیکۆو



دابەشکردنی کورد بەبێ ئیزن‌و ئیرادەی خۆی، لەلایەن خوسرەو مستەفانەژاد خوێندرایەوە.

خوێندنەوەت پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردی سوریە ( الپارتی) لە لایەن خاتوو مەلتم، پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان لەلایەن هەواڵ هۆشیار، پەیامی ڕێکخراوی ئارارات‌و کۆمەڵێک شێعر، پەخشان‌و سروودی شۆڕشگێڕی‌و کۆمەڵێک بڕگەی شانۆیی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ئاکسیۆنە بوون.

## خۆپێشاندانی هەزاران کورد لە ئاڵمان لە١٠٠ساڵەی پەیمانی سایکس پیکۆدا

هاوکات لەگەڵ ١٠٠ ساڵەی ئیمزاکرانی پەیمانی سایکس پیکۆ، هەزاران کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لە گۆڕەپانی "هۆی مارکێت"ی شاری کۆڵنی ئاڵمان بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بەو پەیماننامەیە خۆپێشاندانێکیان بەڕێوە بردو داوای کوردستانی سەربەخۆیان کرد.

ئەم خۆپێشاندانە کاتژمێر پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢٥ ی بانەمەڕ لە حاڵێکدا کە لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە دەپارێزران، دەستی پێکرد. بەپێی ڕاپۆرتەکان ژمارەی بەشداربووان زیاتر لە چەند هەزار کەس مەزندە دەکراو لەو خۆپیشاندانەدا

کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان دژ بە پەیمانی سایکس پیکۆ هەڵوێستیان گرت کە کاتی خۆی لە لایەن دوو دیپلۆماتی فەرانسەوی بە ناوەکانی فرانسوا جۆرج پیکۆ و مارک سایکسی بریتانی ئیمزا کرا. پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی ئەم پەیمانە




ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان بە وڵاتانی بچووک بچووک دابەش کردو لە ژێر چەپۆکی خۆیان نان.

ڕێکخەرانی ئەم خۆپێشاندانە بە ڕاگەیەنەکانی ئاڵمانیان ڕاگەیاند کە پەیمانی سایکس پیکۆ تا ئێستاش قەیرانی بەدواوە بووەو لە ماوەی١٠٠ ساڵی ڕابردوودا چەندین جار ئاگری شەڕی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵایساندوە. خۆپیشاندەران هەروەها داوایان کرد کە وڵاتی سەربەخۆی کوردستانمان دەوێ.

شایانی باسە شاری کۆڵنی ئاڵمان ئاڵمان یەکێک لە گرینگترین شارەکانی ئورووپایە کە ڕێژەیەکی زۆری کوردی تێدا دەژی.

## کۆتایی خولێکی فێرکاریی زمانی کوردی لە گوندی وشکێرەی بانە

بە کۆتایی هاتنی خولێکی فێرکاریی زمانی کوردی لە گوندی وشکێرەی بانە خەڵات بەسەر بەشدارانی ئەو خولە دابەش کرا.



بەپێی ڕاپۆرتی چالاکانی ژینگەپارێزیی پاژینی بانە کە لە ڕێورەسمی کۆتایی ئەو خولەدا بەشدارییان کردوە، ئەرکی کردنەوەی خولەکە لە ئەستۆی مامۆستا مەلا برایم، مامۆستای ئاوایی بووەو لەلایەن ئەنجومەنی پاژینی بانەوە خەڵات بە سەر بەشدارانی دەورەکە دابەش کراوە.

یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پاژین لەو پێوەندییەدا گوتی: کتێبێک لەسەر گرینگیی ژینگەپارێزی‌و توورەکەی خام بەشێک لەو خەڵاتانە بوون. ئەو دەڵێ بیرۆکەی توورەکەی خام ئەوەیە خەڵک فێر ببن کاتێک ئەچن بۆ کڕینی شتو مەک بۆ بازاڕ، لە گەڵ خۆیان بیبەن‌و داوای تورەکەی نایلۆن لە دوکاندارەکان نەکەن تا ڕادەی بەکارهێنانی ئەو نایلۆنە کەم ببێتەوە کە هۆی پیسبوونی ژینگە زۆرتر نایلۆنەو ئەو توورەکە خامە بۆ چەندەها جار دەکرێ کەڵکی لێ وەوگیرێ و لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپاییش ئێستا بووەتە باو.

## ٤٥٢ یەکەی پیشەسازی لە پارێزگای کرماشان داخراون

سەرۆکی ڕێکخراوی سەنعەت، کانزاو تیجارەتی پارێزگای کرماشان گوتی: ٤٥٢ یەکەی سەنعەتی لەم پارێزگایە داخراون‌و ٤٧٨ یەکەی دیکەش نیوە چالاکن.

نیعمەتوڵڵا حەقیقی لە کۆبوونەوەی کارگرووپی ستادی کارئاسانیی پارێزگادا کە بە بەشداریی پارێزگاری کرماشان بەڕێوەچوو، باسی لەوە کرد کە ٩٣٠ یەکەی سەنعەتی لەم پارێزگایەداهەبوو کە دەرفەتی کارییان ڕاستەوخۆ بۆ ٢٨ هەزارو ٤٠٠ کەس ڕەخساندبوو.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی: بەڵام ئێستا ٤٥٢ یەکەیان نیوەچالاکن یا بە تەواوی لە کارو چالاکی کەوتوون و بەوەش زیاتر لە ٨٦٠٠ کەس کارو شوغڵی خۆیان لە دەست داوە.

بەقسەی ئەم کاربەدەستەی پارێزگاریی کرماشان، بەشی زۆری ئەم یەکە سەنعەتییانە لە کارگە بچووکەکان پێکهاتوون کە ٥٠ کرێکاریان هەیە.

سەرۆکی ڕێکخراوی سەنعەت، کانزاو تیجارەتی پارێزگای کرماشان هەروەها




ئاماژەی بە سەرەکیترین کێشەی پیشەسازییەکانی ئەم پارێزگایە کردو گوتی: سەدی ٢٦ی ئەم یەکانە بەهۆی قەرزی دواکەوتووی بانکەکان، سەدی ٢٢یان بەهۆی کەمیی سەرمایە، سەدی ٢٠ی دیکەیان بەهۆی کێشەی بەڕێوەبەرایەتی‌و نەسازان لەگەڵ هاوبەشەکان، سەدی ٢٣ی بەهۆی گرفتی بازاڕەو سەدی ٦یان بەهۆی لەکارکەوتنی ماشێنەکان‌و سەدی ٤یشیان بەهۆی کۆمەڵە گرفتێکی دیکە داخراون یان لە کارکەوتوون.

حەقیقی لە کۆتایی قسەکانی‌دا باسی لە داواکانی کارگرووپی ئاسانکارییەکان بۆ بەشی سەنعەت کردو گوتی: ئێمە داوامان ئەوەیە کە لە ماوەی ئەمساڵدا ٢٥ میلیارد تمەن یارمەتیی فەننی‌و بودجە بخرێتە بەر دەستی ئەم کارگرووپە تا لەم ڕێگەوە بەشێک لە کێشە ماڵییەکانی ئەم یەکە سەنعەتییانەی کرماشان چارەسەر بکرێن.

## کەبودوەند بە بێهۆشی بەڕێی نەخۆشخانە کرا

محەمەد سدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی سیاسیی کورد کە ماوەی دوو حەوتوویە مانی لە خواردن گرتوە، ڕۆژی شەممە دوای تێکچوونی باری سلامەتیی بە بێهۆشی بەڕێی نەخۆشخانەی تالەقانی کرا.

کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە لە ماوەی ٩ ساڵی ڕابردوودا لە زیندان تووشی کۆمەڵە نەخۆشییەکی مەترسیدار بووە، بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەیەکی ئەمنیەتی لە دژی ئەو مانی لە خواردن گرتوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە پزیشکەکان دەڵێن بەو وەزعەی ئەو هەیەتی مانگرتن دەتوانێ گیانی بخاتە مەترسییەوە.

محەممەد سدیق کەبودوەند لە زیندان تووشی زۆر نەخۆشیی وەک پرۆستات‌و چڵککردنی ڕیخۆڵەو گورچیلە بووەو تا ئێستا لە زیندان چەند جار سەکتەی دڵ لێیداوە.

ئەو کە بە تاوانی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان




سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بە پەریناز خوسرەوانیی هاوسەری گوتوە تا ئەو کارەی دەزگای قەزایی واز لە دروستکردنی پەروەندەی ئەمنیەتی لە دژی ئەو نەهێنێ، لە مانگرتنەکەی بەردەوام دەبێ.

## کاروانچییەکی پیرانشار بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژرا

کاروانچییەکی خەڵکی پیرانشار بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی گیانی لە دەستدا.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستان‌و کورد لە پیرانشار شەوی چوارشەممە لەسەر پێنجشەممە، ٣٠ ی بانەمەڕ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە پشت گوندی زیوکەی پیرانشار لە شوێنێک بەناوی " بەربەزێر" تەقەیان لە پۆلێک کاروانچی کرد.

لەو پەلامارەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمدا کاروانچییەک بە ناوی عەباس ئاتەشبار، کوڕی خدر کوژراوە.

عەباس ئاتەشبار یەکێک لەو کاسبکارانەی ناوچەی پیرانشار بوو کە بەهۆی بێکاری‌و بێدەرەتانی ڕووی لە کاری پڕ مەترسیی کاروانچێتی کردبوو. ئەو لەگەڵ ئەوەی دەیزانی کە ساڵانە بە دەیان کۆڵبەری کورد بە هۆی




تەقەی ڕاستەوخۆیی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لەدەست دەدەن، بەڵام لە ڕووی ناچاری ڕووی لەو کارە کردبوو.

شایانی باسە ڕەوتی کوژرانی کاسبکارانی کورد لە ناوچە سنوورییەکان لە حاڵێکدا درێژەی هەیە، کە ساڵی ڕابردوو ٧٢ کۆڵبەرو کاروانچیی کورد بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم گیانیان لێ ئەستێندرا.

## ئاماری دڵتەزێنی بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێران

میلیۆن پەراوێزنشین، سەدی ٢٣ی تەڵاق‌و ٢ میلیۆن‌و ٦٠٠ هەزار ژنی سەرپەرستی بنەماڵە، ٤ میلیۆن موعتاد، ٨٠٠ هەزار زیندانی‌و، ٣٠ هەزار کوژراوی ڕووداوی هاتوچۆ لە ساڵدا چەند دیمەنێکی ڕوخساری کۆمەڵگەی ئێرانە کە بە ئامار وێنا کراوە.

بەهمەن مشکینی، ڕاوێژکاری وەزیری نێوخۆی ئێران وێڕای دانپێدانان بە ئەو گیروگرفتانە گوتی کاربەدەستان نەدەبوا بە هۆی ئەو هەمووە گیروگرفتانەوە شەو خەویان لێ بکەوێ.

ناوبراو وێڕای ئاماژە بە ١٨ میلیۆن کەسی پەراوێزنشین گوتی ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ئەم مەسەلەیە، ڕوانگەیەکی بەرپرسانە نییە.

مشکینی هەروەها ئاماژەی بە زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئیعتیاد کردو گوتی، لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا نزیک بە ٤ میلیۆن کەس موعتادمان هەیە و ئەمە بەم مانایەیە کە ٤ میلیۆن بنەماڵەش ئاوقای ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرە بوون.

ئەو ئاماژەی بە ئاماری سەدی ٥٠ی تەڵاق لە هێندێک لە پارێزگاکانی ئێران‌دا کردوەو لە زمان ڕێکخراوی سەبت‌و ئەحواڵەوە دەڵێ ڕێژەی تەڵاق لە ئێران لە هەر کاتژمێرێکدا ١٨ کەس بوو، بەڵام ئێستا لە ١٩ کەس تێدەپەڕێ.

مشکینی لە لایەکی دیکەوە وێڕای ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی ٢



میلیۆن‌و ٦٠٠ هەزار ژنی سەرپەرستی بنەماڵە گوتی بەرزبوونەوەی تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، ئیعتیاد بە مادەی هۆشسبەر و کۆمەڵێکی دیکەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی ژنانی سەرپەرستی بنەماڵەن، بەڵام ئەو ژنانە کەمترین ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە.

ڕاوێژکاری وەزیری نێوخۆی ئێران هەروەها ئاماژەی بە ١٥ میلیۆن پەروەندەی قەزایی کرد کە لە حەشیمەتی ئێستای ئێران لە هەر ٥ کەس کەسێکیان ڕێی لە دەزگایی قەزایی ئێران کەوتووە.

شایانی باسە کە مشکینی ئاماژەی بە ٢٢٠ هەزار بەندکراوی سابت و ٦٠٠ هەزار بەندکراوی بگۆڕی دیکە لە نیزامی دادئەستێنیی ئێران‌دا کردو دانی بەوەدانا کە تاوانەکان لەو وڵاتە هەر دێ‌و ڕوو لە هەڵکشان دەکەن.

## درەوشانەوەی هونەرمەندانی مەهابادو سەقز لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە ئامەد

سێ هونەرمەند لە شارەکانی مەهابادو سەقز بەبەشدارییان لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە ئامەد خەڵاتی ڕێزلێنانی ئەو فستیڤاڵەیان پێدرا.

نمایشنامەی "عیشا" لە نووسەینی تریفە کەریمیان لە سەقز یەکەمین شانۆنامەی هەڵبەژاردەی ئەم فێستیڤاڵە بوو کە لەوحی پێزانین خەڵاتی نەغدیی بڕی ١٠٥٠ دۆلاری پێبەخشرا.

نمایشنامەی "عیشا" باس لە کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش‌و هاواری ئازارو مەینەتییەکانی کوردانی ئیزیدی دەکا.

هەروەها شانۆنامەی "گەنجی خەلیل،" لە نووسینی ئیبراهیم ئیبراهیمی لە شاری مەهاباد توانی پلەی یەکەمی بەشی شانۆنامەکان وەدەست بێنێ. ئەو شانۆنامەیەش لەوحی پێزانین‌و خەڵاتی نەغدیی ٥٠٠ لیرەی تورکیی پێبەخشرا.

لە بەشی شانۆنامە سەرکەوتووەکاندا شادی



پاکزاد، نووسەری مەهابادی بەهۆی نووسینی شانۆنامەی "زمانی ئاژەڵەکان" لەوحی پێزانینی پێدرا.

فستیڤاڵی شانۆیی شاری ئامەد کە بە هاوکاریی شارەداری ئەو شارە بەڕێوەچوو، شەشەمین کێبڕکێی شانۆی کوردییە کە بە مەبەستی پێشکەوتنی شانۆو ئەدەبیاتی شانۆی کوردی‌و هەروەها بۆ هاندانی نووسەرانی لاو بەرەو لای شانۆ بەڕێوە دەچێ.

## ژمارەی بەندکراوان لە ئێران ٥ هێندەی زەرفییەتی زیندانەکانە

سەرەڕای ئەوەی کە هەموو زیندانەکانی ئێران بۆ زەرفییەتی ٥٠ هەزار زیندانی دروست کراون، بەڵام ٢٥٠ هەزار کەسیان تێ پەستاوتوون.

ئەندامێکی هەیئەتی سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنی قەزایی‌و حقووقیی مەجلیس گوتی بە شێوەی گشتی لە ساڵدا ٥٠٠ هەزار کەس دەگیرێن‌و ڕێیان دەکەوێتە زیندان، بەڵام ٢٥٠ هەزار کەسیان لە زیندان‌دا دەمێننەوە، لە حاڵێکدا کە زیندانەکانی ئەم وڵاتە تەنیا جێگای ٥٠ هەزار کەسیان دەبێتەوە.

میرهادی ڕومیانی گوتی لەو وەزعەی ئێستادا دەتوانین بڵێین ئێران ٤ بەرابەری ستانداردی جیهان بەندکراوی هەیە.

نوێنەری شاری تەورێز لە درێژەدا گوتی: لە دنیادا دوو شێواز لە بواری ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مادەی هۆشبەر هەیە، شێوازێک چاوەدێری کردن‌و ئەوی دیکەشیان پەروەردەو فێرکارییە، بەڵام لە ئێران کەمتر ئاوڕ لەم مەسەلانە دەدرێتەوە.

ڕومیانی لە بارەی ڕووبەڕوو بوونەوە کاتییەکان لە بابەت کۆکردنەوەی موعتادەکان لە سەر شەقام‌و لە شوێنە گشتییەکان گوتی: شێوەی ڕوانین بە نیسبەت مادە هۆشبەرەکانەوە دەبێ لە حاڵەتی ڕوانینی سەرسەری‌و سووکەڕوانین بێتە دەرەوە، چونکی ئەگەر موعتادەکان لەسەر شەقامیش کۆ بکرێنەوە دیسان خۆ دەبێ جێگەیەکیان بۆ وەبەر چاو بگرن تا بتوانن چارەسەریان بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ گرینگییەک بەم بەشەش نەدراوە.

ئەندامی هەیئەتی سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنی قەزایی‌و حقووقیی مەجلیس هەروەها گوتی: لەم بارودۆخەدا پەلکێشکردنی ئەم موعتادانە بۆ زیندانە ئاساییەکانی ئەم وڵاتە هیچ ئەنجامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە، چونکی لە ئێستادا ڕێکخراوی زیندانەکان تەنانەت بۆ دابینکردنی ژەمە خواردنەکانی زیندانییەکانیش داماوەو بوودجەی پێویستی لەبەر دەستدا نییە.

**ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستان مەسەلەی ڕێفراندۆم لە لایەن ڕاگەیەنەکانی هەرێمی کوردستانەوە قسەی لەسەر دەکرێ، لە حاڵەتی وا دا ئەگەر ریفراندۆم بکرێ هەڵوێستی ئێران و تورکیە چ دەبێ؟ دەتوانن لە بارەی ئابورییەوە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان دروست بکەن؟ بۆچی ئەوە چەند ساڵە هەر باسی ڕێفراندۆم دەکرێ و عەمەلیان نەکردوە؟ ئەگەر ڕێفراندۆم بکرێ گەورەترین کێشەیان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراق چ شیعەکان چ سونییەکان چ دەبێ؟ بۆ باسی زیاتر لەسەر ئەو مەسەلەیە «کورد کاناڵ» وتوویژێکی دەگەڵ بەرێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و نووسەری ناوداری کورد پێکهێناوە. لە درێژەدا دەقی دابەزێندراوی ئەم وتوویژە دەخوێننەوە:**

**. مامۆستا ئەوە چەند ساڵە باسی رفراندۆم دەکرێ لە هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕاگەیەندراوەکانەوە. بۆ تا ئێستا نەکراوە. بە ڕای ئێوە گەورەترین کێشەکان یان کەند و کۆسپەکان بۆ ئەوەی کە ڕێفراندۆم بەرێوە بچێ چییە؟**

* بە باوەری من مەسەلەکە دوو جەنبەی هەیە، جەنبەیەکیان ڕێفراندۆمە و جەنبەیەک ئەو ئامانجەیە کە ڕێفراندۆمی بۆ دەکرێ، ئەوەی پەیوەندی بە ڕێفراندۆمەوە هەیە، ڕەنگە کارێکی زۆری نەوێ، وەختێکی زۆری نەوێ و هەزینەیەکی زۆریشی نەوێ ،چوونکە ١٠ ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا، لێرە ڕێفراندۆمێک ـ هەرچەندە دەوڵەت بەرنامەی بۆ دانەنابوو ـ وەرێخرا، خەڵکیش زۆر بە توندی بەشدار بوون و دەنگێکی یەکجار زۆریشی هێناوە. ئەگەر بە هەڵە نەچم دەوری ٩٨ لەسەدی خەڵکەکە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دابوو، لە عەینی کات دا کە ڕێفراندۆم بۆ فدرالیزم دەکرا، ٧٥ لە سەدیش ڕەئیان بەوی دابوو، کە من پێم وابوو ئەوە نیشانەی وشیاری خەڵکە. ئەوەڵیان تەعبیر لە ئارەزوو و ئامال و حەقی ئەو میللەتە دەکا، ئەوەی دیکە سەرو کاری لەگەڵ وەزعی مەوجود هەیە. ئەوەی کە ئێستا مومکینە. کەوایە ئەو دووانە لە واقعدا ناتەباییان بەیەکەوە نییە. ئەوەی دەبێتە باعیسی وەدوا خستنی ڕێفراندۆم ، وەک گوتم مەسەلەی ڕێفراندۆم نییە، مەسەلەی کارەکەی دوای ڕێفراندۆمە. ئەمە مەسەلەیەکە کە ئیحتیاجی بە لێووردبوونەوە، کار لەسەر کردن و موتالەعەیەکی زۆر هەیە. ئەوە کە میللەتی کورد حەقی هەیە سەربەخۆیی خۆی هەبێ، پێم وایە نە ئێمە و نە هێچ ویژدانێکی سەلیم ئینکاری ناکا. بەڵام ئەوە لێرە لە ناوچە و لە دنیادا چەندە عەمەلییە، چەندە لەگەڵ کەند و کۆسپ ڕووبەڕو دەبێ، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. وەدوا کەوتنی ڕێفراندۆم یان ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان پێموابێ دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە تا چەندە زەمینە بۆ ئەو مەسەلەیە ئامادەیە. دەبێ زەمینەسازی بۆ بکرێ، زەمینەسازی لە نێوخۆ، لە ناوچە، لە ڕادەی نێونەتەوەیی‌دا، لەگەڵ زلهێزەکان کە ئەورۆکە دادەنیشن لە ژوورەکانی خۆیاندا و قەزایای دنیا دەهێنن موتالەعەی دەکەن و لە ڕاستی‌دا بڕیاری یەکجاری ئەوان لەسەری دەیدەن، وەدوا کەوتنی ڕێفراندۆم بە باوەری من زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە مەسەلەیە.

**. مامۆستا ئێوە باسی ئەوە دەکەن کە ڕێفراندۆم یان بڕێوەچوونی ئەو گشتپرسیەی کە لە هەرێمی کوردستان باس دەکرێ پێویستی بە زەمینە یان بەستێنێکە بۆ ئامادە بکرێ لە عێراق بەستێن بۆ ئەوە هەیە کە ڕێفراندۆم بکرێ بۆ سەربەخۆیی بوون بە مەعنای ئەوەیە کە عێراق هەڵدەوەشێتەوە، زەمینەی ئەوەی تێدایە کە عێراق هەڵوەشێتەوە؟**

* جارێ من پێم خۆش بوو هەر لە ئەوەڵەوە بڵێم ئەو مەسەلەی سەربەخۆییە، ئەوە باسی ئەمرۆیە کە باس لە سەربەخۆیی باشووری کوردستان وەک بەشێک لە کوردستان دەکرێ، دەنا ئەو حەقە حەقی میللەتی کوردە بە گشتی کە لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا وەکو یەک دەوڵەت، یەک دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ، یانی ئەوە تەنیا پەیوەندی بە ئێرەوە نییە، ئەوی دیکە: پێموابێ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد یان دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی باشوور باش ڕەفتار دەکەن کە زۆر لەسەرەخۆ ـ وەک دەڵێن ـ بە شێنەیی کار بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن، چونکە بە بێ شک ئیعلانی ڕێفراندۆم و لەوی زیاتر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەگەڵ هێندێک کەند و کۆسپ ڕووبەڕوو دەبێ. یەکێک لەوانە، تەنیا یەکێک لەوانە مەسەلەی هەڵوەشانی عێراقە، بۆیە کارێکی زۆر باشە هەموو ڕێبەرانی کورد وەختێک دێنە گۆ باس لەوە دەکەن کە ئێمە دەمانهەوێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، بە شێوەیەکی شارستانیانە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ عێراق حەل کەین. هەرچەندە ئەگەر تماشا بکەین هەتا ئێستێش ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان یان سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان ئەمەی یەکلایی نەکردۆتەوە کە بڵێ تەنیا ڕێگای ئێمە، تەنیا هەڵبژاردەی ئێمە ڕێفراندۆم و ئیعلانی سەربەخۆییە، لەپێشدا شتێکی دیکە دادەنێ: ئەگەر ئێمە حقوقی مساویمان لەگەڵ هەموو خەڵکی عێراق هەبێ، ئەگەر موشارەکەتێکی تەواو لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هەبێ، وەکو قانوون دەڵێ تەنانەت وەکوو ئەوەی دەستووری عێراق دەڵێ، ئێمە درێژە بەوەی دەدەین کە بەشێک بین لە عێراق. بەڵام ئەگەر قەرار بێ بوون لەگەڵ عێراق هەمووی موشکلات بێ، هەمووی بێبەشی بێ، تەنانەت نانبڕین بێ، ئەو وەختەی ئێمە وەکوو میللەتێک حەقمان هەیە بیر لە بژاردەی دیکە بکەینەوە لەوە بارەیەوە دیارە ئەگەر کوردستان رفراندۆم بکا رفراندۆم لە کوردستان دەکرێ، عێراق مەعلوومە مل نادا، بەڵام لە جێ‌دا درووستیش نییە ئێمە لە هەموو عێراق بپرسین ئەرێ باشووری کوردستان حەقی هەیە سەربەخۆ بێ یان نا؟ ئەوە مەسەلەیەکە کە دەبێ لە خەڵکی کوردستان بپرسرێ، هەروەکوو لە «کبک»ی کانادایە کە فەرانسەیی لێ دادەنیشن، هەر ١٠ ساڵ جارێک ڕێفراندۆم دەکەن کە داخوا ئەو خەڵکە سەربەخۆیی دەوێ یا دەیهەوێ بەشێک بێ لە کانادایە، هێچ وەختێکیش لە هەموو کانادایە ئەو ڕاپرسییە ناکرێ تەنیا لە «کبک»ی کانادایە دەپرسن کە عادەتەن خەڵکەکە بۆخوی داوتەڵەبانە هەتا ئێستێ ماونەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی کانادایان هەڵبژاردوە، چونکە چوون لە وڵاتێک دان کە حقوقیان مەحفووزە، کە قازانجی مادی و داراییان تەئمینە، ئازادیەکانیان تەئمینن. بۆیە ڕێفراندۆم دەبێ لە کوردستان بکرێ. پاشان ئەوە کە عێراق تەجزییە دەبێ ڕەنگە بە دڵی دەوڵەتی عێراق نەبێ، ڕەنگە بە دڵی بەشەکانی تری عێراق نەبێ، بەتایبەتی بەشی دەسەڵاتدار کە بڵێین بەشی شیعەی عەرەبە، بەڵام وەختێک قەرار بێ میللەتێک لە چوارچێوەی وڵاتەکەی دا لە هەموو مافەکانی بێبەش بێ، تەنیا مەحروومییەتی بۆ بمێنێتەوە، ئەو وەختی ئەو میللەتە ڕەنگە فرمێسک بۆ یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە هەڵنەرێژێ.

**. مامۆستا هەڵوێستی ئێران و تورکیە چ دەبێ لە وەها حاڵەتێک دا ئێوە پێتانوایە هەڵوێستی وەکوو یەکیان دەبێ، بەهەر حاڵ ئەوانیش پرسی کوردیان هەیە بۆخۆیان؟**

* بە داخەوە هەڵوێستی ئەوانە زۆر ئیحتیاجی بە پێشبینی نییە، چونکە هەر دووکیان لەگەڵ ئەوەکە موناسبات و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حکومەتی باشووری کوردستان جیاوازی زۆرە، بە تایبەتی تورکیە بۆ هەرێمی کوردستانیش بایەخێکی زیاتری هەیە، ڕێگایەتی بۆ دنیایی دەرەوە، نەوتی پێدا دەنێرێ، میزانێکی یەکجار زیاتر گۆرینەوەی بازرگانی لەگەڵ تورکیە هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانە، بەڵام لە واقعدا جیاوازیەکەی بەینی ئێران و تورکیە لەمانە دایە، دەنا لە هەڵوێستیان لە بەرابەر ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ئەمن جیاوازیەک نابینم، هەردووکیان ئیعلانیان کردوە نە جارێک، زیاتر لە جارێک کە ئەوان لایەنگری تەواوییەتی خاکی عێراقن، لایەنگری تەواویەتی خاکی عێراق هەر لە خۆی‌دا بە مەعنای ئەوەیە ئەوان دژی سەربەخۆیی کوردستانن، بەڵام ئێرانییەکان خۆ لەوەشیان تێپەراند تەنانەت بە ناشیرینترین کەلیمە نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە پرسی ڕێفراندۆم و ئەوانە دەربڕی، تەنانەت کەلیمەیەکیان بۆ ئێرە بە کارهێنا کە ئیدی بە هیچ جۆر پیاو لە ڕویی نایا بیشیلێ.

**. بەرای ئێوە مامۆستا دەتوانن کێشە بۆ ئەوێ دروست کەن ئەگەر ڕێفراندۆم بەرێوە بچێ بەهەرحاڵ نەتیجەیەک وەک کە دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنن بە تایبەت لە بواری ئابوورییەوە؟**

* دەزانی چۆنە، لە ئیعلانی سەربەخۆیی، ئەگەر بمانهەوێ ئەو سەربەخۆییە ئیعلان بکەین و ئیدامەی بدەین و سەرکەوتوو بێ، هێندێک زەمینەی دەوێ. بێجگە لەوەی زەمینەی نێوخۆیی، دەبی وتارمان یەک بێ، دەبێ ئامادەییمان هەبێ، بێجگە لە هەمووی ئەوانە پاراستنی سەربەخۆیی دەبێ چەند شتی زامن بن. یەکیان ئەوەیە دێموکراسییەک لە وڵات و لە مەنتەقەدا حاکم بێ کە بڵێین ئەو میللەتە حەقی خۆیەتی وەک ئەو میللەتانەی دیکە لەو دنیایەدا مافی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ، کە بەداخەوە ئەوەمان نییە. یەکی دیکە ئەوەیە کە میللەتی کورد بۆخۆی لەپاڵ خۆی‌دا ئەوەندە ئیمکانیاتی هەبێ هەر هوجوومێکی بۆسەری بکرێ، ئیقتسادی، سیاسی، تەنانەت سەربازی، بۆخۆی بتوانێ دەفعی بکا. سێهەمیان ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەرعییەتی نێودەوڵەتی کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان‌دا خۆی دەبینێتەوە، بگرە لەوان موهیمتریش ئەو زلهێزانە، ئەو دەسەڵاتە سەرزلانە کە لە دنیایە دا هەن و نەقشە بۆ هەموو مەنتەقەیەک لە هەموو دنیایە دا دەکێشن، ئەوانە پاڵپشتی بکەن، پێموابێ مەعلوومە ئەگەر ئەوانە نەبن هەم ئێران، هەم عێراق بە تایبەتی کە وەک دەڵێن ڕێگەی دەرباز بوون لە هەرێمی کوردستانەوە زیاتر بە تورکیە و دوایە بە ئێران دایە، دەتوانن موشکلە ساز کەن، ئەگەر هیچ کەس نەبێ بڵی بۆچی وادەکەن. مەسەلەن من پێم خۆش بوو ئەوە بڵێم ئەگەر تەعقیبی مەسائیلەکە بکەی، بیر و بۆچونەکە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ڕێفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان دا دوو بۆچوون هەن کە بە باوەری من هەردووکیان کەمێک زێدەرەویان تێدا هەیە. بەشێکی ئەوەیە کە دەیهەوێ دنیا ببێتە ماستی مەییو، فەرشی سوورمان بۆ ڕاخەن، جا ئەو جارەکە ئیعلانی سەربەخۆیی بکەین. لە نێو خۆدا هەموو شتێک ئامادەبێ، لە مەنتەقە دا ئامادە بی، لە دنیایە دا ئامادە بێ. ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کە دەڵێن نا ئێمە سەربەخۆیی ڕادەگەیەنین و چ دەبێ با ببێ. بە باوەری من ڕەئی ڕێبەرایەتی کوردیش هەر ئەوەیە کە هیچ یەک لەو دووانە نا، مەعلوومە ئیعلانی سەربەخۆیی کە حەقێکە و وەدەست هێنانی ئەو حەقە، هێندێک خەتەر و ریسکی لە پێشدا هەیە دەبێ، میللەتێک کە دەیهەوێ سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنی یان سەربەخۆیی بەدەست بێنی، خۆی بۆ گیر و گرفتەکانیشی ئامادە بکا وەک ئەو شتەی لە ئیران دا هەیە کە لە کوردیدا نیمانە دەڵێ: ئەو کەسەی کاڵەک دەخوا دەبێ خۆی بۆ تاو و لەرزەکەشی ئامادە بکا ئەگەر ئیعلانی سەربەخۆیی دەکەین دەبێ خۆمان بۆ دژوارێکانیشی ئامادە بکەین. ڕەنگە گەمارۆمان بکەوێتە بەردەم، ڕەنگە هێرشمان بۆ بکرێ ڕەنگە لە باری سیاسی و ئیعلامییەوە بەربەرەکانیمان لەگەڵ بکرێ، کە وابوو دەبێ ئێمە هەموو زەمینەکان ئامادە بکەین، بەڵام لە عەینی حاڵیش دا ئامادەبین بۆ ئەوە کە ئەگەر گیر و گرفتێک دێتە پێشێ بەربەرەکانی لەگەڵ بکەین، دەست بەجێ پاشەکشە نەکەین، یانی وا نییە کە دنیا پشتیوانی لێدەکا و پێشوازی لێ دەکا بە بێ هیچ موشکیلەیەک. شتێکی دیکە کە من پێم وایە حەق وایە کاری لەسەر بکرێ کار کردنە لەگەڵ زلهێزەکان، ئەو کوردستانەی کە ئێستا لە چەند بەش‌دا خۆی دەبینێتەوە، دابەشکردنی دستی کورد نییە، دابەشکردنی هێندێک زلهێزی جیهانییە. ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر ـ لەو ڕۆژانە ١٠٠ ساڵەی تێپەری ـ کە ئیمپراتوری عوسمانی هەڵوەشا، بە پێچەوانەی ئیرادەی کورد و لە پشتی سەری ئیرادەی کورد، هاتن کوردستانیان بەسەر سێ وڵات‌دا دابەش کرد. ئێستا ئەکتەرەکان لە جێی خۆیانن. ئینگلیس و فەرانسە و روسیە و بە تەبەعییەتی ئەوان ئامریکا ـ چونکە ئەو وەختی ئامریکا بڵێین تەئسیری ڕاستەوخۆی تێدا نەبوو ـ لە جێی خۆیانن. میللەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا و بۆخۆی و مافەکانی و داواکانی لەجێی خۆیین، دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا هەمووی لەسەر خۆیین، حەق وایە کورد ئەگەر ئێستا ناتوانێ بە یەکدەنگ هەمووی بچێ بەربینگ بەو دەوڵەتە گەورانە بگرێ، بڵێ ئەوەتان بەسەر کورد هێنا، وەرن قەرەبووی ئەو تاوانەی خۆتان لەگەڵ میللەتی کورد بکەنەوە، ئێستا کورد لە جێیەکەوە نوێنەرایەتی هەیە، ئێستا کورد حکوومەتێکی هەیە لەم بەشەی کوردستان‌دا، کە سەرۆکەکانی دەچنە جێیان، وەکوو سەرکۆمار پێشوازییان لێ دەکرێ و فەرشی سووریان بۆ ڕادەخرێ، حەق وایە کار لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەوانە پشتیوان بن بۆ ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان. ئەوەی منیش تێی بگەم لە پێشداش گوتم، پێموایە سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر لە هەوڵی ئەوە دایە کە ئەو ڕەزامەندییە، ئەو پشتیوانییە بەدەست بێنێ، هەرچەندە بەداخەوە ئەو زلهێزانە هەتا ئێستا هەر کامیان هاتۆتە قسە، قسەکەی هەر ئەوە بۆ کە تەرفداری یەکپارچەیی خاکی ئێراقن.

**. مامۆستا مەسەلەن ئێستا ئەگەر بتهەوێ هەرێمی کوردستان لەگەڵ سووریە لە بواری ئابوورییەوە موقایسە بکەی، سووریە وەکو ئێرە گرینگی ئابووری نییە، مەسەلەن زۆر وڵاتیش لە سوریە خەریکی شەڕن و یارمەتی دەکەن و تەواو ناوچە لە باری تەنانەت سەربازییەوە هەڵوێستی سیاسییەوە دابەش کراوە، لە حاڵەتێکی ئاوادا هەڵوێستی روسیە چ دەبێ؟ لێرە ئەو گرینگییەی کە بە سوود و مانەوەی دەوڵەتی بەشار ئەسەد دەدا بۆ دەوڵەتی کوردستان چ هەڵوێستێکی دەبێ؟**

*جوانت تەعبیر کرد. شەڕی نیابەتی لەو وڵاتەدا هەیە لە واقعدا ئەوە حکوومەتی بەشار ئەسەد و بەرەی نوسرەو ئەوە ئەمەی دیکە نییە بەشەر دێن.

**. شەری ئێران و عەرەبستان؟**

*ئێران و عەرەبستانە، تورکیەو ئێرانە، روسیە و ئامریکایە، یانی هێزەکانی دەرەوە لێرەدا شەڕەکەیان لە خۆیان دوور خستۆتەوە، لەوێ دەیانهەوێ حیسابەکەی خۆیان لەگەڵ یەکتر یەکلا بکەنەوە. کەوا بێ لەگەڵ هەموو فەرقێک کە هەیە، ئەگەر لە باشووری کوردستان شتێکی وا ئیعلان بکرێ، دەبێ چاوەروان بین کە رووسەکان بێ هەڵوێست نابن، بەڵام بە باوەری من ئیدی ئێرە سوریە نییە. سوریە ئێستا بە پشتیوانی روسیەوە ماوە، لە باشووری کوردستان بێجگە لەوەی کە بە خۆشیەوە میللەتەکە بەسەر هەموو گیر و گرفتەکان لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە، توانیویەتی بە خەڵکی نیشان بدا کە لایقی ئەوەیە میللەتی خۆی و وڵاتی خۆی هەبێ. هێزەکانی کە لێرەدا بڕیار دەدەن رووسیە نییە، دەسەڵاتە فێعلیەکە بەدەستی وانەوە نییە، لە مەنتەقەدا دیارە زیاتر بەدەستی ئێرانەوەیە، چونکە تەئسیری لەسەر زۆربەی حەشیمەتی عێراق و دەوڵەتی عێراق هەیە، بەڵام لە بەینی زلهێزەکان‌دا بە دستی ئامریکا و هاوپەیمانەکانیەتی، بۆیە ئەو نفوزەو ئەو جێ پێیەی کە سوریە هەیەتی، روسیە نە ئێستا هەیەتی و ئەمن پێشبینی دەکەم نە لە ئایەندە دا هەروا بە ئاسانی هەیبێ کە بتوانێ کۆسپێکی گەورە سەر ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان بێ، بەڵام ئەوە بەو شەرتەیە کە لایەنەکانی موقابیلی حیمایەتێکی واقعی لە سەربەخۆیی کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن.

**. مامۆستا ئێوە پێتان وایە ڕۆژئاوا و لە ڕۆژانی ڕابردوو، سەرۆک ئەرکانی تورکیە بوو کە باسی ئەوەیان کردبوو کە ئێران و تورکیە هەرگیز ناهێڵن لێرە دەوڵەتی کوردی تەشکیل بدرێت و ڕۆژئاواش بە تایبەت ئامریکا ئاڵای سەوز هەڵناکا بۆ ئەو شتە، یانی ڕۆژئاواش موافقەت ناکا، بەرای ئێوە ڕۆژئاوا یان ئامریکا وەها هەڵوێستێک وەکوو تورکیە و ئێرانیان دەبێ؟**

* ئەمن کوتم دەبێ هەوڵ بدەین یانی ڕێبەرایەتی کورد هەوڵ بدا کە ئەو موازنەیە بگۆرێ، کار بکا بۆ ئەوەی ڕەئی ڕۆژئاوا لەو وەزعییەتەی کە تا ئێستا هەیەتی، ئیعلان کراوە، لەوێ بێتە دەرێ، دەنا مەعلوومە دێمۆکراسی لە عێراقدا نییە، لە مەنتەقە دا نییە، دەوڵەتانی دراوسێی عێراق موافقی سەربەخۆیی کوردستان نین، دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئامریکا و هاوپەیمانەکانیشی موخالیفەتی لەگەڵ بکەن، سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ کەند و کۆسپێکی ئەوەندە گەورە ڕووبەروو دەبێ کە باشتر وایە پێش ئیعلانی پتری بیر لێ بکەینەوە.

**. ماموستا هەر وەک لە سەرەتا دا ئاماژەتان بە سەدەمین ساڵی سایکس ـ پیکۆ کرد. ئێستا باسی زۆری لەسەر دەکرێ کە ئەو گرێبەستە بە کۆتایی گەیشتوە و لە ڕۆژانی ڕابردووش‌دا سایتێکی ئیرانی باسی لەوە کردوە کە لە ماوەیەکی نزیکدا، مەعلوم نییە ساڵانی ئایەندە چەند سەعاتی دیکە، چەند مانگی دیکەیە کە شتێک بە ناوی دەوڵەتی عێراق و سوریە لەسەر نەقشەی ئەو ناوچەیە نامێنێ، بلێی ئێران بۆخۆشی هاتبێتە سەر ئەو قەناعەتە کە کۆتایی ئەو دوو دەوڵەتە هاتبێ لەو ناوچەیە؟**

* من نازانم نیاتی ئێران لە پشتی ئەو قسانە چییە، بەڵام هەموو نیشانەکان ئەو ئیلهامە دەدەن کە نەک بڵێین دوو دەوڵەت بە ناوی سووریە و عێراق نامێنن، بەڵام سووریە و عێراق بەو تەرکیبەی ئێستا نامێنن. مەسەلەن عێراق بەشێکی دەبێتە عیراق و بەشێکی دیکە. هەر وەکوو سودان بوو بە دوو دەوڵەت، بووبە سوودان و سوودانی جنووبی، عێراقیش شتێکی ئاوای لێدەبێ. کوردستان دەبێتە وڵاتێک. کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا دەبن بە وڵاتێک، هەردووکیان لەگەڵ عێراق دەبن بە یەک. مەنتەقەی شیعەنشینی عێراق ـ کە من پێموایە نابێ ـ زەمیمەی ئێران دەبێ. دەبێ ئەو ئیحتمالاتە هەبن، کە گوتم پێم وانیە وا دەبێ، چونکە ئەوەندەی ئەمن هەستم پێ کردبێ لەگەڵ ئەوەی شیعە لە عێراق دا هاوپەیمانی ئێرانە لە بواری مەزهەبییەوە، بەڵام لە باری هەستی نەتەوایەتییەوە، ئەو موخالفەت و ناکۆکییە ڕیشەدارەی کە لە کۆنەوە لە بەینی ئێرانیان و عەرەبان هەبوە، لە جێی خۆیەتی. زۆر بە زەحمەت وایە عەرەب لە عێراق دا مل بدا بەوەی بچێتە ژێر نیلی حاکمیەتی ئێران، ئێستا مەنافعی لەوە دایە کۆمەگی لێوەرگرێ، یارمەتی لی وەربگرێ، بەڵام بە هەر حال ئەوەی کە لەبەر چاوە و لە ئاسۆدا دەبیندرێ ئەوەیە کە عێراق و سوریە بە تەرکیبی ئێستایانەوە زەحمەتە بمێنن، بەڵام بەو جۆرەی کە ئێران پێشبینی دەکا یان ئارەزوو دەکا، بە باوەری من شەرت نییە وابێتە دی.

**. مامۆستا بۆ ئاخرین پرسیار: ئێوە پێتانوایە پرۆسەی دەوڵەت ـ نەتەوە لەو ناوچەیە شکستی خواردوە؟**

* پرۆسەی دەوڵەت ـ نەتەوە نە وەختی ئەوەیە کە بڵێین شکستی خواردوە، نە ئەوەیە کە بڵێین ئیدی تەسبیت بووە. دەوڵەت ـ نەتەوە لە عێراق و ئێران و تورکیە بە شێوەیەکی نا تەبیعی دروست بووە، مەسەلەن ئێران ئێستاش لەگەڵ ئێمە مخالەفەتیان لەسەر ئەوەیە کە دەڵێن ئێران یەک نەتەوەی تێدایە، یانی نەتەوەیەکی وەک دەڵێ ناهەمگون یا نامتجانیسیان دروست کردوە، ئەوە مەحکوومە بەوە کە لە ئایەندە دا ئاڵو گۆری بەسەر دا بێ، ڕەنگە ئەگەر بمانهەوێ لە ئایەندەدا دەوڵەت ـ نەتەوە لەسەر ئەساسی واقعی دروست بێ، یەعنی ئەو نەتەوانە: کورد بۆخۆی دەوڵەتی خۆی هەبێ، فارس هەیبێ، تورک هەیبێ. دەنا ئەو دەوڵەت ـ نەتەوانەی کە لەو مەنتەقەیەدا دروست بوون، بە شێوەیەکی ناتەبیعی دروست بوون و شانسی بەقا و دەوامیان هەر نییە، هەرچەندە تائێستا هەڵنەوەشاون.



سیاسی

# دیسان چەواشەکردنی ڕاستییەکانی کوردستان



**عومەر باڵەکی**

ماوەیەک لەوەپێش موحسین ڕەزایی دەبیری «مجمع تشخیص مصلحت نظام» بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆڕیادی کوژراوەکانی سپای پاسداران و جاش و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دا کوژراون، سەردانی شاری سنەی کرد. لەو کۆڕیادەدا ناوبراو لە قسەکانی دا باسی شەڕی کوردستان و چۆنییەتی فیداکاری و ئازایەتی هێزەکانی سپای پاسداران و جاشەکانی کرد کە چۆن توانیویانە بەرەنگاری پیلانەکانی دوژمنانی خاریجی و دژی شۆڕش ببنەوە و ئیزن نەدەن خاکی کوردستان لە پەیکەری ئێران جیا بێتەوە. لەو کورتە نووسینە دا هەوڵ دەدەین هەڵوێستەیەک لەسەر قسەکانی موحسین ڕەزایی لەو کۆڕیادە دا بکەین.

موحسین ڕەزایی دوای تێپەڕبوونی ٣٧ ساڵ بەسەر دەسەڵاتدارێتی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە قسەکانی دا هەوڵ دەدا بیر و فکری بەشدران و کۆڕگێڕان بەرێتەوە فەزای ساڵەکانی ٥٩ و ٦٠ی هەتاوی و بەگێڕانەوەی ڕووداوێک مەزڵوومییەت و خەڵکیبوونی سپای پاسداران نیشان بدا و لە هەمان کاتدا وێنایەکی ناشیرین و دزێو و دژە ئینسانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نیشان خەڵک و بەشدارانی کۆبوونەوەکە بدا. ئەوەی موحسین ڕەزایی وەک ڕوداوێکی تراژیدیا باسی دەکا، ئەوەیە کە ٣ برا تەنیا لەبەر ئەوەی کە لە هەڵسووکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵک نارازی بوون، بێ ئیزنی شەرعی و قانوونی هێرشیان کردۆتە سەر ماڵەکەیان و هەر ٣ کەسیان ئێعدام کردوون.

بە پێ ئەوەی هەموو لایەک دەزانن و بۆخەلکی جیهانیش روون بۆتەوە کە هێزی پێشمەرگە هێزیکی خەلکی و نیشتمان پەروەر و پارێزەری مافی مروڤ و کەرامەتی ئینسانەکانە، چیرۆکی لەم بابەتە ناتوانی کاری پێشمەرگە بێت، چونکە لە جەریانی شەری کوردستان دا بە هەزاران پاسدار و هێزەکانی ئەرتەش کۆماری ئیسلامی لە مەیدانەکانی شەر دا بە دەستی پێشمەرگە بە دیل گیراون یان رەوانەی زیندان کراون و دوای تەواو بوونی ماوەی گیرانیان،



ئازاد کراون یان لە مەیدانی شەرەکە بە پێی هەلومەرجەکە ئازاد کراون و هەر ئەو شیوەیە هەڵس و کەوتەی پێشمەرگە لە گەڵ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، گرفتێکی گەورەی بۆ فەرماندەرانی سپا و ئەرتەش درووست کردبوو کە هێزەکانیان کەمتر وا بوو مقاومت بکەن، بەڵکو خۆیان تەسلیم دەکرد و ئازاد کران.

بەڵام ئەوەی دەبێ لێرەدا سرنجی زیاتری پێ بدرێ و هەڵوێستەی لەسەر بکرێ ئەوەیە کە ئاغای رەزایی باس لەوە دەکا کە پێشمەرگە بێ ئیزنی شەرعی و قانوونی هەڵیان کوتاوەتە سەر مالی خەلک واتە بێ «مجوز قانونی» خەلکیان گرتووە و سزایان داوە.

ئەو دەربرینەی ئاغای رەزایی لە حالێک دایە کە لە ماوەی ٣٧ سالێ رابردوودا ئەوەی قانوون و یاسا و رێسا بێ، لە لای جەنابی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مانای نەبووە و ئەوە هەر مەئمورینی سپای پاسداران بوون و هەن کە خۆیان بە نوینەری ئیمامی زەمان دەزانن و بێ پرس و ڕا و بێ «مجوز قانونی» هێرش دەکەنە سەر مالی خەلک و پەروەندەی جۆراوجۆریان بۆ دروست دەکەن. هەر لەو کاتە دا کە ئاغای موحسینی رەزایی لە سنە، ناوەندی پاریزگا قسە لە قانوون و ئیزنی دادگا دەکا، «محەممەد سەدیق کەبوودوەند» کە خۆی خەلکی ئەو شارەیە کە ئاغای رەزایی لەوێ باسی سەروەری قانوون دەکا، ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵە لە زینداندا بەند کراوە و تەنیا تاوانی ئەوەی کە دەیەوێ لە رێگای قانوونییەوە پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بکا و، لەگەڵ ئەوەدا کە پێشتر حوکم دراوە و نزیک بۆتەوە لە تەواو بوونی ماوەی حوکمەکەی، دەزگای قەزایی دووبارە دەیەوێ بە تاوانی ئەمنییەتی حوکمی بداتەوە! بەوە دەگوترێ پابەندبوون بە قانوون!؟

لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە دەسەڵات گەیشتنی کەسانی وەک «موحسینی رەزایی» فەرهەنگی هەڵکوتانە سەر ماڵ و حالی خەڵک و ڕەچاو نەکردنی قانوون ، دامەزراندنی زیندانە شاراوەکان و ئێعدامی بێ محاکەمە و قازی ،رەشەکوژی و تێرۆری جیابیران لە سەرانسەری ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان پەرەی گرت و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەوانەی قانوون شکێن و پێشێلکەری مافی مرۆڤن و بێ یاساو ریسان، هاوقەتارەکانی ئاغای رەزایین.

موحسینی رەزایی لە درێژەی باسەکەی دا دەڵی: «شانازی ئەوەمان پێ براوە کە لەگەڵ ئەو کەسانە شەر و بەربەرەکانیمان کردوە«. ناوبراو یا راستییەکە دەزانی و خۆی لێ گێل دەکا و یان نازانێ کە ئەوەش بۆخۆی شتێکی سەیر و سەمەرەیە کە دوای ٣٧ سال نەزانێ ئەوانەی ئەو بە دژی شورش و یاغی و جینایەتکار ناویان دەبا، کور وکچی خەلکی کوردستانن و جیگەی شانازی دایک و باب و بە گشتی میللەتی خۆیانن.

ئەوە کە ناچار بوون چەک هەڵبگرن سیاسەتی دوژمنکارانە و دژی ئینسانیانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووە، هەموو ئەو کەسانەی لە ریزی پێشمەرگایەتی دا شەهید بوون یان ئێستاش ئیدامەی رێبازەکەیان دەدەن، بۆ دیفاع لە خاک و فەرهەنگ و زمان و وەدەست هێنانەوەی مافە لێ ئەستێندراوەکانی خەڵکی کوردستان چەکیان لە شان کردوە و بە گژ هێزەکانی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی دا هاتوونەوەو، سەرانسەری خاکی کوردستانی گەوەرەش شاهیدی دەدا بۆ ئازایەتی و فیداکاری و لە هەمان حاڵدا ئینسان‌دۆستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو، باشە ئاغای رەزایی بزانێ شەڕ لە گەڵ هێزی پێشمەرگە تەنیا لەو ڕوانگەوە دەتوانێ بۆ ئەو جێگای شانازی بێت کە قەبوولی بکا وەک هێزیکی دژی ئینسانی و داگیرکەر بە گژ هێزیکی مروڤ‌دۆست و دیمۆکراسی‌خوازدا چۆتەوە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا دەڵێ: «داواکارم لە دەوڵەت کارێکی وا بکا کە خەڵکی کوردستان هەست بەو سەرمایە گوزاریانە بکەن کە دەوڵەت بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات کردوویەتی.»

هەر ئەو قسەیەی ئاغای رەزایی نیشاندەری ئەو راستییەن کە هەتا ئێستا لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئیزن نەدراوە کوردستان لە سەرمایەکانی ئێران بە گشتی و سەرمایە و توانا نێوخۆیەکانی خۆی بە تایبەتی، کەڵک وەربگرێ. بۆ نمونە بە پێ ئامارەکان رێژەی بێکاری شاری سنە وەک ناوەندی پارێزگا زۆر لە ناوچەکانی دیکەی ئیران لە سەرترە و هەر بە گوتەی بەرپرسانی ئیداری پارێزگای سنە نزیک بە ٦٠٠٠ هەزار کەس کارتی هاتووچۆی سنووریان هەیە بۆ ئەوەی کۆڵکێشی بکەن و لەو ریگایەوە نانێک بۆ ماڵ و منداڵیان پەیدا بکەنو، کەم رۆژ هەیە کەسێک یا چەند کەس لەو کۆڵبەرانە بە دەستی هێزە بە ناو سنوورپارێزەکانی ئێران نەکوژرێن و بریندار نەبن. حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە هاتنەسەر دەسەڵاتەوە هەتا ئیستا بە چاوی ئەمنییەوە دەڕوانێتە کوردستان و بیجگە لەوە کە لە بواری سیاسی و فەرهەنگییەوە خەلکی کوردستان دەچەوسێنێتەوە و لە بواری ئابووریشییەوە نەک هیچی بۆ کوردستان نەکردوە، بەڵکوو سامانی ژێر زەوی و سەر زەوەی کوردستانی بە تالان بردوە و ناوچەکانی ناوەندی ئێرانی کە پێگەی کۆماری ئیسلامین پێ ئاوەدان کردۆتەوە.

لە کۆتایی‌دا، واباشە ئاغای رەزایی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییە قبوول بکەن کە کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە دەرنگ یا زوو مافەکانی خۆی دەستەبەر دەکاو، دەبێتە فاکتەریکی بەهێز بۆ سەقامگیری دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکەدا و، دوژمنان و نەیارانی کورد دەبی ئەوە باش بزانن لێدوان و کۆڕوکۆبوونەوەی لەو چەشنە نابنە هۆکار بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پشت لە جوولانەوی مافخوازانەی خۆیان بکەنو، لە هەمان کاتدا لە روانگەی خەلکی کوردستانەوە پێشمەرگە هەمووکات لە لوتکەی بەرزی خۆشەویستی دایەو جاش بەکرێگیراو و خۆفرۆشە و سپای پاسداران داگیرکەر و زاڵم و ڕەشەکوژە.

سیاسی

# کوردستانێکی هەژار، خەڵکێکی بێکارو هەژاریی هەزار بە هەزار...



**عەلی بداغی**

حەسەن ڕوحانی بەهۆی وادە ئابوورییەکانی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان‌دالە کوردستان دەنگی زۆرینەی خەڵکی کردە ئی خۆی، بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای وادەو بەڵێنەکانی نەک بێکاری لە کوردستان لە کەمی نەداوە، بەڵکوو ڕەوتی داخرانی کارگەو یەکە پیشەسازییەکان‌و بێکاربوونی کرێکاران خێراتر بووە.

چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کورد دەڵێن هیواکان ئەوە بوون پرسی کارو دەرفەتەکان لە کوردستان ببووژێنەوە، کەچی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی نەک بواری بۆ گەشەو بوژانەوەی ئابووری لە کوردستان خۆش نەکرد، بەڵکوو نەیتوانی ئەو کەمە کارگەو یەکە پیشەسازییەش ڕابگرێ کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیەکی زیاتریان لێ دادەخرێ.

ئامارە ڕەسمییەکانی ناوەندی ئامار دەڵێن بڕی بێکاری لە پارێزگای سنە لە ساڵی ٩٤ کەمێک زیاتر لە سەدی ١٣ بووە، بەڵام کاربەدەستانی پارێزگای سنە دەڵێن ئاماری ڕاستیی ئەو دۆخە زۆر زیاتر لەوەیە کە ڕادەگەیەندرێ.

گاڵتەو گەپ بە ئاماری ڕەسمی لە ئاستێک دایە کە عەبدولمحەممەد زاهیدی، پارێزگاری سنە بە ئاشکرا ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای سنە سەروو سەدی ٣٠ باس دەکاو حەوتووی ڕابردووش بەڕێوەبەری گشتیی کارو خۆشبژێویی پارێزگای سنە دوای تێپەڕینی سێ ساڵ لە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی پێی لێنا کە پێچەوانەی ئامارە ڕەسمییەکان ڕێژەی ڕاستەقینەی بێکاری لە سەدی ٣٠ زیاترە.



گەمە بە ئاماری بێکاری لە پارێزگای سنە لە حاڵێکدا درێژەی هەیە کە داخرانی کارگەو کارخانەکان‌و بێکاربوونی کرێکارانی ئەو یەکە پیشەسازییانە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چۆتە فازێکی دیکەوە.

داخرانی کارخانەی «ئیستەک«ی سنەو دەرکرانی ١٣٨ کرێکاری ئەو کارخانەیە، داخرانی کارخانە قەندی سەقزو دەرکرانی ٢٥٠ کرێکاری ئەو بەشەو دەرکرانی دەیان کرێکاری کارخانەی کاشیی کەسرا بەهۆی کێشەو گرفری ئەو کارخانەیەلە ماوەی چەند مانگ‌دا، تەنیا چەند نموونەی بچووک بۆ ئاماژە بەو دۆخەیە.

موحسین بیگلەری کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیەی مەجلیس‌دا جارێکی دیکەش بۆ نوێنەرایەتیی شاری سەقزو بانە هەڵبژێردراوەتەوە، پێی لێناوە کە سەرەڕای بەدواداچوونی ئەو وەزارەتی سەنعەت، بازرگانیو کانزاکان تا ئێستاش هیچ هەنگاوێکی بۆ کێشەی کارگەو کارخانەکان لە کوردستان هەڵنەگرتوە.

ئەو دۆخە لە ئیلام تراژیدی‌ترە. پارێزگای ئیلام کە سەدی ١١ی هەموو پاشکەوتی نەوت‌و گازی ئێرانی هەیە، لە بێبەش‌ترین‌و پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێرانە. بێکاریو بێدەرەتانیی ژیان لەو پارێزگا دەوڵەمەندە وای‌کردوە کە لاوانی بەردەوام بەرەو شارو ناوچە سەنعەتییەکانی دەرەوەی کوردستان کۆچ بکەن‌و دەیان کێشەو خەساری کۆمەڵایەتیی دیکە وەک خۆکوژی، ساڵانێکی زۆرە بەرۆکی ئەو بەشەی کوردستانی گرتوە.

عەلیڕەزا ڕەمەزانی، کارناسی ئابووری لە ئیلام دەڵێ تا ئێستا پڕۆژەی گەورەی ئابووری لە ئیلام وەڕێ نەخراوەو چەند کارخانەیەکی بچووکی وەک پێترۆشیمیی ئیلام، پاڵاوگەی گازو کارخانەی سیمانی دێهلۆران بارتەقای ڕێژەی زۆری بێکاری لەو پارێزگایە نییە. ئەو دەڵێ زیاتر لە نیوەی پڕۆژەکانی بەرهەمهێن لە پارێزگای ئیلام بەهۆی کەمیی بودجەو نەبوونی سەرمایە ڕاوەستاون‌و نە دەوڵەت‌و نە بانکەکان کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

ئەسکەندەر سیدایی، بەرپرسی ڕێکخراوی بەرنامەو پلاندانانی پارێزگای ئیلام لەگەڵ ئەوەی نایشارێتەوە ئیلام زەرفییەتی زۆر لەباری بۆ گەشەی ئابووریو بووژانەوە هەیە، بەڵام دانی بەوەش داناوە کە بێکاری بڕستی لە لاوانی ئەو ناوچەیە بڕیوەو تەنیا لە بەشی کشتوکاڵ‌دا پتر لە ٣٠٠٠ مەهەندیسی ئەو بوارە بێکارن.

لە پارێزگای ورمێ‌ش ئامارە ڕەسمییەکان باس لەوە دەکەن کە ٤٠ هەزار دەرچووی زانکۆ بە بڕوانامەی لیسانس‌و فەوقە لیسانس بێکارن‌و چاوی هیوایان لە دۆزینەوەی کارە.

قوربانعەلی سەعادەت، پارێزگاری ورمێ نایشارێتەوە کە گیروگرفتی سەرەکیی ئەو پارێزگایە لە ئێستادا بێکارییە، بە شێوەیەک کە لە ئێستادا ١١٨ هەزار کەس لە پارێزگای ورمێ بێکارن، جیا لەوەی بەهۆی داخرانی کارگەو کارخانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ئامارە زیاتر دەبێ.

جەعفەر سادق ئێسکەندەری، سەرۆکی ڕێکخراوی پیشە، کانگاو بازرگانیی پارێزگای ورمێ دەڵێ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ٩٠٠ یەکەی بەرهەمهێنان لەم پارێزگایە چالاکییەکانیان ڕاگرتوەو داخراون.

ئەو دەڵێ سەرجەم لە ٢٨٠٠ یەکەی پیشەیی گەورەو بچووککە لە پارێزگای ورمێ‌دا تۆمار کراون، هەر نەبێ زیاتر لە ١٠٠٠ یەکەیان بە هۆی کێشەی دارایی لە کار وەستاون.

ئاستی بێکاری لە پارێزگای کرماشانیش لە سەرجەم پارێزگاو شارەکانی دیکەی ئێران بەرزترە، بەڵام بە پێی دان پێدانانی کاربەدەستانی ئەو پارێزگایە، تاکوو ئێستا هیچ هەنگاوێک بۆ هێنانە خواری ڕێژەی بێکاری هەڵ نەهێندراوەتەوە.

دکتور عەبدولڕەزا میسری لە کۆبوونەوەیەکی پرسیارو وڵام کە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی ئەو شار بۆی ڕێکخرابوو، گوتی: جگە لە گریان بۆ ئەو دۆخەی کە لاوانی بێکاری پارێزگای کرماشانی تێ‌کەوتووە، هیچم لە دەست نایە.

ئەو گوتی پارێزگای کرماشان ٩٠ هەزار بێکاری هەیە، بەڵام ئامارەکان دەڵێن ڕێژەی بێکاری لە کرماشان لەوەندە زیاترە کە بە ڕەسمی دەگوترێ.

ئەو دۆخەی ئێستای کوردستان بەرهەمی سیاسەتی هەڵاواردن‌و پشتگوێ‌خرانی لەلایەن دەسەڵات، دواخستنی لە ڕەوتی گەشەو هەڵدانی سروشتیی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیو؛ سیاسەتی ناهاوسەنگی دابەشکردنی سامان‌و بودجەی وڵات بۆ ئاوەدانی‌یە، سیاسەتێک کە گۆڕانی دەوڵەتەکان لە حاکمییەت‌دا تا ئێستا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهێناوە.

**چەند ساڵێکە بەشێک لە رووناکبیران و بژاردەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە هەوڵدان و پێیان وایە سازکردنی دیالۆگ لە گەڵ رووناکبیرانی ناوەندنشین دەتوانێ یارمەتی بە تێگەیشتنی ئەوانلە پرسی کورد بکات. هەروەها بەشێک لە نوخبەکانی کوردستان رەخنە لە رووناکبیرانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرن کە نەیانتوانیوە گوتاریکی هاوبەشی رووناکبیری درووست بکەن و وەک دەسمایەیەکی فکری و نەزەری بۆ دیالۆگ لە گەڵ رووناکبیرانی دیکەی غەیرەکورد لە سەری راوەستن.**

**لەم پێوەندییەدا «کوردستان» هەڤپەیڤینێکی لە گەڵ نووسەرو چالاک، بەرێز سەلاحەدین عەبباسی سازکردوە کە سەرنجتان بۆ ئەم وتوێژە رادەکێشێن:**

**١ . دیالۆگی نێوان رووناکبیرانی کورد وەک نەتەوەیەک کە مافەکانی لە لایەن چەند نەتەوەیەکی باڵادەستی دیکەی وەک عەرەب و تورک و فارس لێ زەوت کراوە لە گەڵ رووناکبیرانی سەر بەم نەتەوانە لە چ ئاستێکی دایە، ئایا بەراستی لە ئەساسدا دیالۆگێک بوونی هەیە یان لە رابردووش دا هەبووە؟**

ئەوە کە مافەکانی ئێمەی کورد لە لایەن نەتەوەکانی فارس و تورک و عارەب زەوت کرا بێ، من بە راستی نازانم. پێموایە مافەکانی ئێمە لە لایەن دەسەلاتدارانی ئەو دەسەلاتانەی کە کوردیان لە بەر دەست دایە یان کوردیان لێ بەش کردن پێشێل کراوە و دەکرێ. هەر وەک چۆن زۆرێک لە مافەکانی خودی ئەو نەتەوانەش لە لایەن دەسەلاتەکانیان لە ژێر پێ خراوە. هەڵبەت من زۆر لە بارودۆخی رابیتەی رووناکبیرانی کورد لە تەک رووناکبیرانی تورک و عەرەب ئاگادار نیم. بەڵام لەسەر بوونی دیالۆگ لە مابەینی رووناکبیرانی کوردو فارس، کە ئاگاداری تەواوم هەیە، دەبێ عەرزتان بکەم بە داخەوە هیچ چەشنە دیالۆگێک بوونی نیە و نەشبووە. نە دیالۆگی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، نە دیالۆگی فەرمی یان نافەرمی. پێموایە لە زەمانی قەجەرەکان هاتوچۆیەک لە مابەینی خوێندەوارانی کوردو تورک و فارس هەبووە، بەلام لە دەورانی پەهلەویەکاندا ئەو هاتوچۆیە پچرا و تا ئێستەش ئیدامەی هەیە. بۆ وێنە ئەوەی عەزیز خانێک لە گەورە دێیەکی ئەوسەردەم لە لایەن دانیشتوانی دەسەلاتداری مەرکەز دەناسرێ و بانگ دەکرێ تا پلەی وەزارەت ئەویش وەزیری شەڕ دەگا، خۆی بەڵگەیەکە. لەسەردەمی مەشروتەدا کە بازاری رووناکبیری وەبرەو کەوت ئەو پێوەندییە چڕتر بووە.


**٢ . هێندێک لە رووناکبیرانی کورد پێیان وایە جەوهەری تێروانین و بیرکردنەوەی رووناکبیرانی ئەم نەتەوە باڵادەستانە بە نیسبەت پرسەکانی کوردەوە راست هەمان جۆری تێڕوانینی نیزامی دەسەڵاتداریی دەوڵەتەکانیانە. ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە؟**

بێ شک روانینی رووناکبیرانی فارس بۆ کورد، کاریگەریی دەسەڵاتەکیانی بە سەرەوە. بەڵام ئەوەی هەمان جۆری روانینی دەسەلات بێ، نا. ئەگەر ئاوا بێ ئیتر لە رووناکبیر بوونیان دەبێ گومان پەیدا بکەین. یەکێ لە دیاردەکانی رووناکبیر و روناکبیری، رزگاربوون لە ژێر هەیمەنەی نەرم ئەفزاری و سەخت ئەفزاری دەسەڵاتەکانە. ئێمە دەبێ رووناکبیر لە قەڵەم بەدەست جیا کەینەوە. روناکبیر مانا و تاریفی تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەیە. ئێستاکە لە نێو فارسەکاندا مرۆڤی هەڵکەوتووی زۆر هەیە کە بە مانای واقعی رووناکبیرن. هەر چەند لە رابردوودا بەشێک بوون لە دەسەڵات. ئەوەی سرووش و حەجاریان و عەباس عەبدی و جەلائی پور و... رووناکبیرن پێویستی بە دان پێدانی من و جەنابت نیە. بەشی رووناکبیری نێونەتەوەیی و رەسانەیی دانی پێداهێناون. هەر کام لەوانە سەردەمانێک لە دەسەلاتدا بەرچاو بوون. سرووش لە شۆرشی کولتووریدا، حەجاریان لە بنیادنانی موخابەراتدا، جەلائیپور لە فەرمانداری نەغەدە و مەهاباددا و... تازە من پێموایە بە پێچەوانە بەشێکی زۆر لە دەسەڵات، وەک ئیسلاح تەڵەبەکان راستەوخۆ و بناژۆخوازەکان ناراستەو خۆ، لە ژێر کاریگەری ئەو روناکبیرانەدان. تاقمی خوێندکاری زانستگاکان کە لە داهاتوودا دەچنە بازنەی دەسەلاتدارانەوە زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو روناکبیرانەدان. ئەوە بابەتێکی گرینگە کە ئێمە هەر لە ئێستاوە دەبێ لەبیری دابین.

**٣ . لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە رووناکبیرانی کورد پێیان وایە گوتارێکی هاوبەشی رووناکبیری لە نێو کۆمەڵگای کوردستان دا بوونی نیە کە بتوانێ رەوتێکی وا ساز بکات کە رووناکبیرانی نەتەوانەکانی دیکە ناچار بە دیالۆگ و قسەکردن لە سەر پرسەکانی کورد بکات. ئایا ئەمە راستە؟**

ئەوە بەداخەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە. کێشەکە ئا لێرەدایە. ئەو ئیستلاحی «هاوبەشیە» لە نێو ئێمەدا زۆر غەریبە. هاوبەشی زمان، هاوبەشی رووناکبیری، هاوبەشی سیاسی، هاوبەشی حیزبی و هەر چەشنە هاوبەشییەک بۆ ئێمەی کورد نامۆیە. تەنانەت لە کاروباری ئابووری و ئیقتسادیشدا هاوبەشیمان لاوازە. شەراکەتەکان ناگەنە پێنج ساڵ. ئەو کێشەیە لە نێو چینی روناکبیری کورددا زۆر سەیرە و جێگەی سرنجە. دەبێ لە سەری بدوێین و لێی بکۆڵدرێتەوە کە بۆچی ئاوایە. خۆ ناکری باوەر بکەین ئەوە لە زاتی کورددایە.

گەورەترین گرفت لەسەر رێگای دیالۆگی روناکبیرانی کورد و لایەنەکانیتر، ئەو بابەتەیە کە جەنابت ئاماژەت پێکرد. هیچ جۆرە دانیشتنێک لە نێوان روناکبیران نابیندرێ. دانیشتنی موجادەلە و موباحەسە و راگۆڕینەوە. تەنانەت لە زۆربەی شارەکان ئەنجومەنە ئەدەبیەکانیش چۆڵن و شاری وایە دوو ئەنجومەنی ئەدەبی تێدایە. بۆتە قاقلاوا، دێیەکی ١٢ ماڵی و ١٣ کەیخودا. ئەوان کە دەبێ پەیکەرەی ئەدەب بن پێکەوە ناحاوێنەوە. لەوە سەیرتر مامۆستایانی ئایینی هەموو شارەکان لە یەکتری نامۆن. دوستێک گوتەنی دو مامۆستای کورد نابینی کە بەڕاستی یەکتریان قەبوڵ بێ.



پێشەکی هەڵایسانی مەشغەڵی دیالۆگی رووناکبیرانی کورد و روناکبیرانی نەتەوەکانیتر هەڵایسانی چرای دیالۆگی هاوبەش لە نێو روناکبیرانی کورد دایە. سوتەمەنی ئەو چرایەش پێکەوە دانیشتن و سینگ فراونی و یەکتر تەحەمول کردن و توانایی گوێدان و وەرگرتنی رەخنە و خۆبەزل نەزانین و خۆ بە ئاقڵی کول دانەنانە. کە بە داخەوە هەمووی ئەوانە و زۆربابەتی دیکەش بە ئاشکرایی دەبیندرێن. بۆیە من زۆر جار لە بوونی رووناکبیر لە نێو خۆماندا گومانم هەیە. چلۆن دەکرێ کابرا خۆی بە روناکبیر بزانێ، بەڵام نەزانێ چۆن رەخنە بگرێ، نەتوانێ گوێ لە رەخنە بگرێ، بەرامبەری پێ تەحەمول نەکرێ، و...و....

**٤ . لە ئەساس دا دیالۆگی نێوان رووناکبیرانی کورد و رووناکبیرانی بۆ نموونە «فارس» لە ئێراندا دەتوانێ چ قازانجێک بە پرسی کورد وەک نەتەوەیەکی مافخواز بگەیەنێ؟**

ئەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەگەر دیالۆگ بە تەنیا رێگای گەیشتن بە مافەکانمان نەزانین، لانیکەم بە یەکێ لە رێگاکانی بزانین. پرسی کورد لە ئێران لە گەل پرسی کوردی تورکیە و عێراق و سوریە و ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا جیاوازی هەیە. ئێرە شوێنی ئاواڵەکردنی ئەو بابەتە نیە. جوابی ئەو پرسیارە دەگەرێتەوە بۆ ئاگا لێبوونی کاریگەری و رۆڵی روناکبیرانی فارس لە سەر کۆمەڵگای خۆیان. بەداخەوە ئێمە ئاگامان زۆر لەو بابەتە نیە. ئێمە ناسین و شناختمان لە سەر کۆمەڵگای فارس نیە. هیچ خوێندەوارێکی کورد لەسەر ناساندنی کۆمەڵگای فارس بە کورد لێکۆلینەوەی نەکردوە و کەسیش پایاننامەی لەسەر نەنووسیوە. ئەوەش کەلێنێکی دیکەیە لە بواری خوێندەواریماندا. سیاسەتمەدار و روناکبیر و خوێندەوار و دوکاندار و وەرزێری کورد، کۆمەڵگای فارس لە رووی سەفەرە ئاساییەکان و شاشەی تەلەویزیۆنەکان دەناسێ. لە سێبەری نەبوونی ئەو ئاگاییە قووڵە، ئێمە تووشی ئیفرات یان تەفریت بوین. یان مەسحوور و عاشقی فارسین، یان دەست دەکەین بە جوێن و بێ رێزی. یان دیواری ماڵەکانمان پڕە لە وێنەی هونەرپیشە و گۆرانیبێژ و شاعیر و نووسەری فارس، یان سەعدی و حافز و مەولەوی و شاملوو بە هیچ دەزانین. یان دەبینە لاساکەرەوی هەرچی کولتور و بابەتی فارسییە، یان لە هەرچی فارسییە بێزمان هەڵدەستێ.

رووناکبیرانی فارس لە دوو شوێنەدا کاریگەرییان لە سەر دەسەڵاتی ناوەندی هەیە. شوێنی هەوەڵ کاریگەریان لەسەر دەسەڵاتدارانی ئێستادا زۆرە. راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ. دەتوانن بیرورای ئەوان بۆلای پرسی کورد رابکێشن. وا بکەن کە پرسی کورد وەک چۆنە، بێتە پێش چاوی دەسەڵاتداران.

هەڵبەت بە پێچەوانەی ئەوەی باوە من پرسی کورد تەنیا بە پرسی نەتەوەیی نازانم. پێموایە پرسی کوردی ئێران سێ رەهەندی هەیە کە لێک جیا نابنەوە. نەتەوایەتی، مەزهەبی، ئابووری. بە قازانجی کوردە کە دەسەڵاتدارانی ناوەندنشین پرسی کورد لە زمانی رووناکبیران و قەڵەم بەدەستان ببیستن نەک لە زمانی نیزامیان و چەک بەدەستان و دەمارگرژانی مەزهەبی. شوێنی دووهەم، کاریگەری رووناکبیرانی فارس لەسەر خوێندکاران زۆرە. ئەو خوێندکارانە کاربەدەستانی داهاتووی ئەو دەسەڵاتەن. ئەگەر هەر لە ئێستاوە کە تووشی نەخۆشییەکان و کەمایەسییەکانی دەسەڵاتداری نەبوون، پرسی کورد وەک خۆی بزانن، زۆرێک لە کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر دەکرێن و ئەوان لە کورد دەگەن. زۆرێک لەو کێشانەی کە ئێستا دێنە بەرچاو بە هۆی لەیەک تێنەگەیشتنە. ئەگەر ئێمە بتوانین روناکبیرانی فارس، ئەگەر نە هەموویان بەڵکوو بەشێکیان، لە کێشەی کوردی ئێران تێ بگەیێنین، خۆی هەنگاوێک بەرەو پێشە.

**٥ . ئێوە چەند جارێک باسی ئەوەتان کردوە کە «ئیقراری روناکبیرانی فارس بە مافەکانی کورد زۆر گرینگە»، ئەم ئیقرارو دانپێدانانە دەتوانێ چ سوودێک بە قەزییەکە بگەیێنێ؟**

بەرامبەری ئێمەی کورد لە کێشەکانماندا، دەسەڵاتی ناوەندی لە تارانە. بۆ کاریگەری لەسەر دەسەڵاتەکان هۆگەلی زۆر لەبەر دەست دایە. یەکێ لە هەرە گرینگترین و بێ هەزینەترین هۆیەکان، رووناکبیرانی فارسن. روناکبیر بە هۆی ئەوەی دەخوێنیتەوە، باوەری بە دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ هەیە، هاسانتر و زووتر لە دەسەڵاتداران لە ئێمە و مافەکانمان دەگەن. بێ گومان تێگەیشتنی رووناکبیران کاریگەری پۆزیتیوی لەسەر دەسەڵاتداران دەبێ. ئەو قسانەی رێزدار زیباکەلام ماوەیەک لەمەوبەر کە لە ورمێ کردیان دەنگدانەوەی زۆری هەبووە. ئێمە ئەگەر بتوانین زار و پێنوسی رووناکبیرانی غەیرە کورد بکەینە تریبۆنێک بۆ راگەیاندنی داخوازەکانمان، گوێدێری زیاترمان دەبێ. بۆچی ئەگەر کەسێکی ئوروپی یان ئەمریکی باسێکی ئاسایی لە کورد دەکا پێی موعجیب دەبین و دەسدەکەین بە رێز گرتنی. هەر چەن ئەو هەڵوێستە رەنگە ببێتە هۆی هەڵبەزینەوەی بەرامبەرەکانمان. لە هەمان کاتدا ئەگەر روناکبیرێکی فارس، چەشنی زیباکەلام کە کاریگەری لە سەر تکنۆکراتەکان و باڵی رەفسەنجانی زۆرە، نە تەنیا بە هیچ دەزانین بەڵکوو دەس دەکەین بە ناونیتکە هەڵدان و ...

٦ ـ چۆن دەکرێ ئەم دیالۆگەی کە باسی دەکەن لە نێوان رووناکبیرانی فارس و کورددا ساز بێت؟

نەخشە رێگای ئەم دیالۆگەم لە بەرواری ٨١/١/٣١ لە شومارە ٤٤ی رۆژنامەی «بنیان» کە لە تاران و لە لایەن ریفۆرمخوازەکان دەردەچوو، بە زمانی فارسی و لەژێر سەردیری « ضرورت گفت وگوی روشنفکران فارس و کرد « بلاو کردەوە. بەڵام بەداخەوە لە لایەن خوێندکاران و روناکبیرانی کوردەوە نە تەنیا پێشوازی لێ نەکرا، بەڵکو بە ساردی وەرگیرا. کەس نەهات بلێ با بیین و لە نێوخۆماندا باسی لەسەر بکەین. بەڵام لە لایەن تاقمێک رووناکبیری فارسەوە پێشوازی لێکرا. بارودۆخی ئەورۆی ئێران و رۆژهەلاتی نێوەراست دەبێ سرنجی ئێرانییەکان، بە دەسەڵات و بیرمەندان و روناکبیرانەوە، بۆ لای پرسی نەتەوەکان رابکێشێت. هەڵبەت لێرەدا بەرپرسایەتی روناکبیرانی فارس قووڵتر و زیاترە. هەرچەند لە دەیەی رابردوودا چەن رۆژنامە و گۆڤار، کە لە لایەن رێفۆرمخوازەکان دەردەچوو، لاپەڕەیەک یان ستونێکیان بۆ پرسی نەتەوەکان، لە ژێر ناوەکانی وەک « نگاه ملی « یان « صفحه اقوام»، تەرخان کردبوو. بەلام تەنیا ئەوەندە بۆ چارەسەری پرسەکە تەواو نیە.

لێرەدا بە پێویست دەزانم بەشێک لەو نەخشە ریگایە دوپات بکەمەوە:

١- ناوەندێکی ئیستراتژیک بۆ دیالۆگ دیاری بکرێ. ئەو ناوەندە لە ژێر سەرپەرەشتی نوخبەکانی هەموو نەتەوەکانی ئێران ئیدارە بکرێ. بە دانانی سمینارو کۆبوونەوە بیروڕای رووناکبیران و پسپۆڕانی نەتەوەکان، ببیسێ، کۆبکاتەوە و شیبکاتەوە. ئەو ناوندە لە شارەکانی نەتەوەکان ناوەندی فەرعی ببێ.

٢- بەربەرەکانی لە تەک هەرجۆرە هەڵوێست یان نوسراوە یان قسەی دوژمنانە و دەمارگرژانە بکرێ. وا بکرێ ئیحساسی میللی بە سەر ئیحساسی قەومی دا زال بێ. مافەکانی هاوولاتی بۆ هەموو نەتەوەکان بەرامبەر بێ.

٣- ئەوەی کە زمانی فارسی زمانی رەسمی و فەرمی هەمو ئێرانیەکانە نابێ ببێتە هۆی هەیمەنەی هوییەت و پێناسەی فارسی بەسەر پێناسەی نەتەوەکانی دیکە. نوسەران و روناکبیرانی فارس پێویستە بۆ ئەو بابەتە هەولی زۆربدەن.

٤- پێوەندی روناکبیرانی فارس و کورد لەسەر بنەمای تەوافوق و سازان بێ نەک لەسەر بنەمای سازش. جیاوازیەکان بە فەرمی بێنە بەرچاو و باسیان لەسەر بکرێ.

٥- فارس و کورد نیزیک ٢٧٠٠ ساڵە پێکەوە دەژین. ئەوە بکرێتە بنەمای دیالۆگ و پێکەوەژیانی شیاوی سەدەی سەردەم.

پێویستە بزانین گرینگ ئەوەیە کە ئەم دیالۆگە ئێستا دەس پێبکرێ. چونکو کارەکە گەورە و گرینگە، لە هەوەڵدا گیرو گرفت و کەمایەسی زۆر دەبێ، بەڵام پێویستە، هەم بۆ فارس، هەم بۆ کورد، هەم بۆ ئێران، هەم بۆ کوردستان، تەنانەت بۆ بەشەکانیتری کوردستانیش. فارس نەتەوەیەکی مەزنە و مێژوویەکی دورودرێژی هەیە. خاوەنی زمانێکی ئێجگار پاراو و شیرینە. نەتەوەیەکی زانا و نەجیب و بیرمەندە. دانیشتن لە تەکیان بێ سەمەر و قازانج نابێ. روناکبیرانی کورد پێویستە، لە هەردوو باڵی بناژۆخواز و رفۆرمخواز، ئەو روناکبیرە فارسانەی کە باوەڕیان بە دیالۆگ هەیە و خولیا و تینووی چارەسەری پرسی نەتەوەکانن بناسن و پێوەندییان لە گەڵ بگرن.

بەڵام بەر لەهەمووی: روناکبیرانی کورد دەبێ یەکتر بناسن و لە تەک یەکتر دانیشن و دیالۆگ بکەن.

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە

## کە لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب، بەڕێز خالیدی عەزیزی‌یەوە پێشکەش کرا (٦)

### حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕوانین و هەڵوێستمان)

ئەوەی تا ئێستا لە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و بارودۆخی ئێران و پرسی کورددا خستمانە ڕوو، زۆر ڕوانگە و هەڵوێستی حیزبی ئێمەی دەگرتە خۆی. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی وردتر و نزیکتر، ڕوانین و هەڵوێستی حیزب لەپێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتدا کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا هاتوونە گۆڕێ یان هەمیشە لە خەباتی ڕۆژانەدا مەترەحن، بخەینە ڕوو.

### ئامانجی سیاسیی ئێمە

یەکەمین بەرچاوڕوونی بۆ بەڕێوەبردنی خەبات، دیاریکردنی ئامانجەکان و شێوازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەیە. هەروەک لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبی ئێمەدا هاتوە، ئێمە لە خەباتی خۆماندا باوەڕمان بە زۆر ئیدەئاڵ و پرەنسیپی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانە هەیە و بۆ جێگیرکردنیان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و دوارۆژدا تێدەکۆشین، بەڵام ئەولەوییەتی خەباتی ئێمە و دەلیلی وجوودیی حیزبەکەمان ئامانجی نەتەوایەتی و چارەسەری پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسییە. هەروەک لە بەرنامەشدا گوتراوە، ئێمە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەشێوەی فیدرالیزم و لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینین. ئێمە فیدرالیزم هەم لەبەر تایبەتمەندییەکانی مێژوو و جوغرافیا و کۆمەڵگەی ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و هەم لەبەر خەسڵەتە زاتییەکانی وەک مۆدێلێکی باو و ناسراو لە جیهاندا بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بە سیستمێکی گونجاو بۆ ئیدارەی هاوبەشی ئێران لە داهاتوودا دەزانین. ئەمە نە بە مانای لەبیرکردنی ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای وەدیهێنانی ئەو ئامانجە و نە بە مانای حاشاکردن لە تایبەتمەندیی پرسی کورد لە ئێراندایە:

لەجێدا فرە نەتەوەبوونی ئێران بەو مانایە نیە کە نەتەوەکانی دیکەش بە قەرای کورد ئامادەیی و زەمینەی ئەوەیان هەیە بە کردەوە و بە شێوەی کورد کار بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان بکەن. جێگە و پێگەی ئەو نەتەوانە لە ئێراندا وەکیەک نیە و زەمینە و بەستێنی ناسیۆنالیزمی ئەوانیش لێک جیاوازە. بەتایبەتی دوو نەتەوەی گەورەی ئێران واتە فارس و ئازەری دەمێکە بە یەکەوە ئێران لە گشت بوارەکانی ئیداری، سەربازی، ئابووری و ئایینیدا بەڕێوە دەبەن. ئەو دوو نەتەوەیە وەک کورد و نەتەوەکانی دیکە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات نین هەتا لەو گۆشەنیگایەوە وەک ئەوان هەست بە کەموکوڕیی بنەڕەتی بکەن و بە پێویستی بزانن دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە دابەش بکەن. بۆیە هەر جۆرە پرۆژەیەکی پێوەندیدار بە فیدرالیزم و ئیدارەی هاوبەشی ئێران هەر لەو کاتەدا کە پێویستی بە ئەکتیڤبوون و یەکگرتنی نەتەوە بندەستەکانی ئێران هەیە، قەناعەتی بژاردە سیاسییەکانی هەردوو نەتەوەی فارس و ئازەرییشی لانیکەم لە گۆشەنیگای دێموکراسیخوازییەوە پێویستە.

لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە تایبەتمەندیی پرسی کورد لە ئێرانە. تایبەتمەندییەکە لەوەدایە کە کورد لە ئێران بەشێکە لە نەتەوەیەک کە لانیکەم بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بووە و لە ئێرانیش ڕابردوویەکی دوورودرێژی لە خەبات بەدژی ستەمی میللی و بۆ وەدیهێنانی مافە بەرهەقەکانی هەیە. خەباتی کورد لە ئێران زۆر بەر لە فیدرالیخوازی جەوهەر و شکڵی ئەمڕۆی بە خۆوە گرتوە و ئەو جەوهەر و شکڵە لە داهاتووشدا هەروا درێژەی دەبێ. هەربۆیە زۆر سروشتی و بەجێیە کە وێڕای کارکردن بۆ جێگیرکردنی فیدرالیزم وەک مێکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی هاوبەشی وڵات و وەک دەستەبەرێک بۆ ستاتووسی کورد، حیزبی ئێمە و گەلەکەمان بەگشتی لە هەموو قۆناغەکاندا دەستئاوەڵایی بۆخۆیان بێڵنەوە و لە گەڕان بەشوێن ڕێگاچارەکاندا قورسایی کار و بەرنامەکهیان پێشدا بخەنە سەر جێگیرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد. بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە کە وەک کورد لە تەنیشت پرۆژەی فیدراڵیدا، بەردەوام لە فکری ئەوەشدا بین کە بەپێی دەرفەت و هەلومەرجی خەبات تێبکۆشین ئەگەر بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاویش بێ، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆمان کار بکەین. ئەمە نە لەگەڵ فیدرالیخوازی بۆ سەرجەم ئێران لە دژایەتی دایە و نە لەگەڵ حاکمیەتخوازیی خودی کورد (کە لە بەرنامەی ئێمەدا لە زیندووکردنەوەی چەمکی کۆماری کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە).

با هەر لێرەدا ئەوەش زیاد بکەین کە زیندووکردنەوەی چەمکی کۆمار و جێکردنەوەی لە دروشمی ستراتژیکی حیزبدا، بەپێچەوانەی ئەوە کە هێندێ جار دەگوترێ، کەمترین ناتەبایی لەگەڵ ویستی فیدرالیزم و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا نیە. چونکە جیا لەوە کە لە ئەزموونی پێشووی کۆماری کوردستاندا (١٩٤٦) تەعامول لەگەڵ تاران و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا لە بەرنامە و دەستووری کاری ڕێبەرانی کۆماردا هەبوو، لەڕووی حقووقی و ئەزموونی وڵاتانی دیکەشەوە پێکەوەهێنانی هەردوو چەمکی فیدرالیزم و کۆمار شتێکی باو و ئاساییە و زۆر قەوارەی نیمچە سەربەست هەن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەرفرەوانتردا لەژێر ناوی کۆماردا دانیان پێدا نراوە.

### ئاقاری خەبات و شێوەکانی

خەباتی ئێمە کە پێش هەموو شوێنێک ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە خەباتێکی تەک ڕەهەند نیە و لە شێوازی جۆربەجۆر کەڵک وەردەگرێ.

پرەنسیپی ڕۆژهەڵاتتەوەری

لە یەکەم ڕوانیندا ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێش کە بۆچی دەبێ حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات کە پێش هەموو شتێک بۆ خەبات لەپێناوی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە و شوێنی کار و خەباتیشی هەر ئەو بەشەی کوردستانە، دروشمی ڕۆژهەڵاتتەوەری بەرز بکاتەوە.

هێنانەگۆڕ و زەقکردنەوەی ئەو چەمکە لەلایەن حیزبی ئێمەوە هەم ڕیشەی لە مێژووی نوێی بزووتنەوەی کورددا هەیە و هەم بە جۆرێکیش وەڵامی ئێمە بە زەروورەتێکی ڕۆژە. لەلایەک بەهۆی دابەشبوونی کوردستان و تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا، ئەرک و ڕیساڵەتی هێزەکانی هەرپارچەیەکی کوردستان پێش هەمووشتێک دەبێ ڕووی لەوپارچەیە لە کوردستان بێ کە ئەو هێزانەی لێ هەڵقوڵاون. لەلایەکی دیکەوە، دەزانین کە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی لە ساڵانی دواییدا کاریگەریی نەخوازراوی لەسەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و پرسەکانی پێوەندیدار بەو خەباتە و بەگشتی بارودۆخی کورد لە ئێران نەک هەر لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەڵکوو لەنێو بیروڕای گشتیی کوردیشدا کەمتر لە ڕۆژەڤدان. تەنانەت دەمێک بوو هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دنیای مەجازیدا هاوپێوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بە پیلانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و هاندانی هێندێک لایەنی کوردی لەلایەکی دیکە بە ئاقارێکدا لارێ دەکرا کە ئەنجامەکەی لەبیرکردن و لەپەراوێزخستنی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بیرکردنەوە و ڕوانین لەژێر کاریگەریی ئاجێندا و فەرهەنگی سیاسیی کوردی پارچەیەکی دیکە تەنانەت بەشێک لە بژاردە و لایەنەکانیشی گرتبۆوە، هەروەک ئەوەی کێشەیەک لەنێوان کوردی ئێران و کۆماری ئیسلامیدا لەگۆڕدا نەبێ.

لە فەزایەکی ئاوادا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ سەرنجی خۆمان و خەڵک و لایەنەکانی دیکەش بۆ ئەو زەروورەتە ڕابکێشین کە وزە و توانای سیاسی و خەباتگێڕیی ڕۆژهەڵات پێش هەموو شتێک بۆ بەهێزکردنی ئەو پارچەیەی کوردستان تەرخان بکرێ و نابێ دەربڕینی هاوپێوەندیی نەتەوەیی ببێتە بەستێنێک کە لەودا لەژێر ناوی پشتیوانی لە پارچەکانی دیکە بەشەکەی خۆمان لەبیربکەین. ئەوە بە مانای غافڵبوون لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی و پێویستیی هاوهەنگاویی نێوان پارچەکانی کوردستان نیە، بەڵکوو بە مانای پێداچوونەوە بە جێگە و پێگەی ڕۆژهەڵات لەسەر نەخشەی گشتیی بزووتنەوەی کورد و فاکتەری کوردی لە ناوچەداو نیشاندانی ئەو چاوەڕوانییەیە کە ئەگەر قەرار بێ هاوپێوەندی و مایەلەخۆدانان لەنێوان کوردی ڕۆژهەڵات و کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێ، پێویستە ئەو هاوپێوەندی و مایەلەخۆدانانە دوولایەنە بێ. نە ڕەوایە و نە تەنانەت بە بەرژەوەندیی چوونەپێشی مەسەلەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانیشە کە مەسەلەی کورد لە پارچەیەک بخەوێندرێ یان ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی کوردستاندا لەرادەبەدەر بکەوێتە ژێرکاریگەریی بارودۆخ و ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا.

خەباتی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ

چالاکیی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات کەوتووەتە نێوان بەرداشی دوو بۆچوونەوە. لەلایەک، بۆچوونێکی وشک و توندی هەندێ لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵات کە دەیانەوێ گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆی وڵات بە بارمتە بگرن و شک و گومان دەخەنە سەر هەر چەشنە هەوڵ و ئیبتکارێکی بژاردە مەدەنییەکان. لەلایەکی دیکەوە، پیلان و بەرنامەی دژە کوردی کاربەدەستانی ئەمنیەتیی ڕێژیم کە وێڕای دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم ئەو جۆرە کار و پرۆژانە، تێدەکۆشن کێشە و ناکۆکی بخەنە نێو بژاردە مەدەنییەکان و کەسایەتییەکانیان بشکێنن. هەموو ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکۆشانی مەدەنی دروستیان دەکا، تەنیا لایەکی مەسەلەکەن. لایەکەی دیکە فەرهەنگی سیاسی لە کوردستانە کە بەجۆرێکی نەگۆڕ و نەریتی شکڵیگرتوە. لەجیاتی ئەوەی بەشێوازی جۆراوجۆر و بە دوور لە دۆگماتیزم بە سیستەم بکرێ، هێندێک لایەن ڕاهاتوون تەنیا بە شوعاردان ڕق و تووڕەیی خۆیان لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی دابمرکێنن.

لە فەزایەکی وەهادا کە بەداخەوە هەموو شتێک بە چاوی ڕەش و سپی سەیر دەکرێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەی لە هیچ لایەنێک کەمتر ئاگاداری ماهیەتی کۆماری ئیسلامی و سنوورداربوونی زەرفیەتەکانی فەزای ناوخۆ نیین و لەحاڵێکدا لە ساڵانی ڕابردوودا بەتەنیا بەقەرا هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵات پێشمەرگەمان لە نێوخۆی وڵاتدا چالاک بووە، هەمیشە پشتیوانیمان لە هەوڵ و ئیبتکارە مەدەنییەکانی نیشتمانپەروەرانی کورد لە نێوخۆی وڵات کردوە و تەنانەت هاندەریان بووین بۆئەوەی لە هەوڵی دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراویشدا بن. ئەوەش لەباوەڕمان بە خەباتی فرەڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ و پێمان وایە بە مەبەستی چالاککردنی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و بە جەماوەریکردنی خەبات پێویستە پاڵپشتی بەکردەوەی ئەو بەستێنە گرینگەی تێکۆشان بین. هەر لەوکاتەدا، لەو باوەڕەداین کە پێویستە چالاکانی نێوخۆ بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ڕەنگاوڕەنگییەکانیان بەشێوەی یەکگرتوو و هەمەلاگیر پێکەوە کار بکەن، هەوڵ بدەن کار و بەرنامەکانیان زۆرتر لە خانەی نەتەوەییدا بن و وێڕای کارکردن لەسەر ئەو بوار و بابەتانەی لە ژیانی خەڵک نزیکترن، هەمیشە جەوهەری پرسی کوردیان وەک پرسێکی سیاسی لەبەر چاو بێ.




### چالاکیی پێشمەرگە

پێشمەرگە کە لە مێژووی کورددا گرینگترین هێمای خەبات و فیداکاریی ئەوگەلەیە و ئەمڕۆش لە تەواوی جیهاندا وەک سەمبولی نەتەوەکەمان ناسراوە، ناوەکەی و ڕیسالەتەکەی لەسەر دەستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دانراوە. پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات کە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەبات بەدژی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراندا بە سەدان داستانی قارەمانەتی و فیداکاریی تۆمار کردوە، بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەتی کە لە دە پازدە ساڵی ڕابردوودا حیزبی ئێمە و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی تێدان، بە شێوەی جاران لە بەربەرەکانیی چڕ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە. بەڵام هەرگیز نە لە ڕیسالەتی وڵاتپارێزانەی خۆی دوور کەوتۆتەوە و نە تەنانەت پۆتانسیەلی خەباتگێڕانەشی لە کزیی داوە.

حیزبی ئێمە کە هەر لەدوای کۆنگرەی چاردەیەوە دەستی کردوە بە بووژاندنەوەی حزووری پێشمەرگەکانی لە نێوخۆی وڵاتدا، لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا ئەم حزوور و چالاکییەی بەربڵاوتر و بەرچاوتریش بووە. حزوور و چالاکیی پێشمەرگە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆی وڵات و جێگیربوونەوەی هێزەکانمان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەوڕوو بووە و کاریگەریی گەورەی لەسەر رووحیەی خەباتگێڕی و متمانە بەخۆبوونی خەڵک داناوە. ئەو فەسڵە تازەیە لە خەباتی مەیدانیی ئێمە نیشاندەری ڕووحی شۆڕشگێڕی و فیداکاریی پێشمەرگە قارەمانەکان بووە کە بە شانازییەوە ئەو ئەرکە پڕ مەترسییەیان وەئەستۆگرتوە و تەنانەت لەو پێناوەدا شەهیدیشیان داوە. پێشوازیی خەڵک و هاوکاریی ڕێکخستنەکانی حیزبیش نیشانەی نفووز و خۆشەویستیی حیزبی دێموکڕات لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە.

لەو پێوەندییەدا وەبیرهێنانەوەی دوو پرەنیسپ بە پێویست دەزانین. یەکەم، ئێمە خۆڕاگری و خەباتی چەکدارانە بۆ خۆمان وەک گەلێکی خاوەن مافی چارەنووس و لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە لەجیاتی پێکهێنانی دەرفەتی چارەسەری سیاسی بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتی دەکا، بە مافی ڕەوا و تەنانەت ئەرکی خۆمان دەزانین. بەو حاڵەش حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات و جێگیربوونی هێزەکانمان لەسەر سنوورەکان زۆرتر بەمەبەستی حزووری سیاسی و تەشکیلاتی و پێوەندی لەگەڵ خەڵکی خۆمان بووە. ئەگەریش لەو ڕێگایەدا تێکهەڵچوونێک لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیمدا رووی دابێ، دەستکردنەوەی پێشمەرگە تەنیا بۆ دیفاع لە خۆیان بووە. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە هێزەکانی ڕێژیم بەتایبەتی بەکرێگیراوەکان سەرینی خاترجەمی بخەنە ژێر سەری خۆیان و لەسەر ڕەفتاری نائینسانی و دژی گەلییانەی خۆیان دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بەردەوام بن.

دووەم، حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی ئێمە دەبێ وەک بەشێک لە خەباتی فرەڕەهەندی حیزبەکەمان چاو لێبکرێ. بۆ حیزبێک کە ژیانی سیاسیی خۆی لەپێشدا بە بەڕێوەبردنی وڵات و بنیاتنانی دامودەزگاکان دەست پێ کردوە و دوایە ناچار بووە ڕێگای بەربەرەکانی بگرێتە بەر، بە هیچ جۆر نابێ بەستێنی خەباتی چەکدارانە بە ئەلترناتیڤی بەستێنی تێکۆشانی مەدەنی چاو لێبکرێ. ئێمە خەباتی شاخ و خەباتی شار لە بەرامبەر یەکتر دانانێین و بە تەواوکەری یەکتریان دەزانین. ئەو کاتەی پێشمەرگە لە شار و گوندەکان لە گەڕاندا بوون، بەشی تەشکیلاتی و لایەنگرانی حیزب لە تێکۆشان و چالاکی لە بەستێنی مەدەنیدا بەردەوام بوون و ڕاگەیاندنی حیزبیش دەنگ و ڕەنگی هەردووکیان بوو.

# وتوویژی رۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەن زادە

## بە بۆنەی سەت ساڵەی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ



***ئەمساڵ، سەد ساڵ بە سەر ئیمزا کردنی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ تێپەڕ بوو. ئەم ڕێکەوتە باس و موناقشەیەکی زۆری لە نێوان ڕووناکبیران و کەسایەتیە سیاسییەکانی کورد بە گشتی بە دواوە بوو. هۆیەکەشی ئەوەیە کە گەلی کورد یەکێک لەو میللەتانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە زۆرترین زەرەر و زیانی لە هەمبەر ئیمزاکرانی ئەو پەیمانە بەرکەوتوە. بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە «کوردستان» وتووێژێکی دەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕات و پسپۆر و شارەزا لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان پێکهێناوە کە دەقەکەی بەمجۆرەیە:***

**پرسیار : بۆ ئەوەی بچینە نێو باسەکەمان، با بزانین بەستێن و هۆکارەکانی هاتنە گۆڕ و ئیمزاکرانی پەیمانی سایکس پیکۆ چی بوون و ئەم ڕێککەوتنە بە چ شێوەیەک نەخشەی ناوچەی داڕشتەوە؟**

وەڵام : لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی ئەوەندەی سایکس-پیکۆ بۆ کورد ئاشنا نیە، بەڵام پێم وایە تێگەیشتنی باو لەلای ئێمە بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە هەمیشە زۆر ورد و دروست نەبووە. ئەو ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ ئەوەدا کە بەناوی ئەو دوو دیپلۆماتەوە ناوی دەرکردوە کە ئامادەیان کردبوو، بەڵام لەڕاستیدا لەلایەن وەزیری دەرەوەی بریتانیا و باڵیۆزی فەڕانسە لە پاریس لەو سەردەمەدا (ئێدوارد گرێ و پۆل کامبۆن)ەوە ئیمزا کراوە. ئەگەرچی ئامانجی ڕێککەوتنەکە دابەشکردنی ناوچەی حزوور و نفووزی ئەو زلهێزانە لە سەرزەمینە پێشتر عوسمانییەکان و بەگشتی ڕۆژهەڵات لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانییە، بەڵام پێش هەموو شتێک بەرهەمی پێویستیی ئیدارەی ململانەی نێوان ئەو زلهێزانە لەپێش شەڕەوە و پێویستییە سەربازییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و تەنانەت پلانەکانی «لۆرانسی عەرەبی» بۆ دەستنیشانکردنی فەرمانڕەوایی کوڕەکانی خانەوادەی هاشمی بووە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ململانێکانی پێشووتری زلهێزەکان بۆ نموونە ئینگلیزەکان کە لەو سەردەمەدا لە میسر بوون هەمیشە سەبارەت بە مەرامەکانی فەڕانسە لەسەر کاناڵی سوئێز نیگەران بوون، لەو لاشەوە ئینگلیز بۆی گرینگ بووە کە رووسەکان دەست بەسەر ئەو دەڤەرانەدا نەگرن کە سەرەڕێی هیندی ئەو کات حەیاتی بۆ بریتانیا بوون. سەبارەت بە پێویستییەکانی شەڕیش، هاوپەیمانان بەهۆی گیروگرفتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵمان لە بەرەی ڕۆژئاوادا پێویستیان بە کردنەوەی بەرەیەک لە ڕۆژهەڵات هەبووە، بەتایبەتی کە دەوڵەتی عوسمانییش لایەنگریی لە ئاڵمان دەکرد. بەلەبەرچاوگرتنی ڕکابەرییەکانیش، کردنەوەی ئەم بەرەیە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەبێ جۆرێک هەماهەنگی و ڕێککەوتنی ئەو زلهێزانە سەبارەت بە ئایندەی ئەو ناوچانە ئیمکانی نەبوو. بەمچەشنە جیا لە وەخۆکەوتنی ڕووسیە لەو بەرەیەدا بەنیازی کۆنتڕۆڵی گەرووە گرینگەکانی وەک داردانێل و بۆسفۆر و نیمچە دوورگەی گالیپۆلی و تەنانەت خەونی وەدەستهێنانەوەی قوستەنتەنیە و بەڵێنی نفووز لە ناوچە ئەرمەنی نشین و کوردنشینەکانی عوسمانیدا، هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان دەریای مێدیتەرانە و دەریای ڕەش لە پێنج زۆندا لەنێوان فەڕانسە و بریتانیادا دابەش دەبن (فەڕانسە لوبنان و سیلێسی –ئاناتۆلیی ئێستا–ی وەک ناوچەی بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆ و باکوری سوریەی ئێستا و موسڵی وەک ناوچەی نفووز وەبەر دەکەوێ؛ بریتانیاش کوەیت و مێزۆپۆتامیی وەک ناوچەی بەڕێوەبەریی ڕاستەوخۆ و ئوردون و فەلەستینی وەک ناوچەی نفووز دەدرێتێ، ئورشەلیم و هەیفا و هەندێک دەڤەری دیکەش بۆ ژێر ئیدارەیەکی نێودەوڵەتی دیاری دەکرێن). دابەشکارییەکە کە تەئیدی ڕووسیە و دواتر ئیتالیاشی لەسەر دەبێ، دوای کۆتایی شەڕ لە کۆنفرانسی سەن ژان دو مۆریەن و سان ڕێمۆ بە پەسندی کۆمەڵی نەتەوەکان دەگا و لە چوارچێوەی سیستمی منداکاندا شەرعیەت وەردەگرێ، بەڵام نەک لە سیغەی ئەسڵیی خۆیدا، چونکە لەلایەک موسڵ دەخرێتە سەر عیراق و فەڕانسە ڕازی دەبێ کە لە بەرامبەر پشکدارییەکی بەرچاو لە نەوتی کەرکووکدا موسڵ بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا. لەلایەکی دیکەوە، تورکەکان ناوچەی سیلێسی وەدەست دێننەوە و ئەو ناوچانەی قەرار بوو لەسەر بنەمای پەیمانی سێڤر چارەنووسیان بە پرسکردن بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە (بەتایبەتی کوردەکان) دیاری بکرێ، دەگەڕێنەوە نێو ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە کە تورکیەی ئەمڕۆ پێک دێنێ.

**پرسیار: ئەگەر بمانەوێ بەراوردێک لەنێوان ئەو سەردەمەدا کە پەیمانی سایکس بیکۆی تێدا ئیمزا کراوە و سەردەمی ئێستادا بکەین، ئایا چ شتێک لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟**

وەڵام: بێگومان سایکس-پێکۆ و ڕێککەوتننامە پێوەندیدارەکانیش ڕەنگدانەوەی واقیعی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هاوکێشەی هێز لە جیهانی ئەو سەردەمەدا بوون. پێش هەموو شتێک سایکس-پێکۆ ڕێککەوتننامەیەکی نهێنی بوو کە هەروەک دەزانین پاش هاتنە سەرکاری بۆلشڤیکەکان ئاشکرا بوو. ئەمڕۆ سەردەمی ڕێککەوتننامەی نهێنی بەسەر چووە و ئاشکرایی و تۆمارکرانی ڕێککەوتننامەکان یەکێک لە مەرجەکانی ئیعتباریان لە یاسای نێودەوڵەتیدایە. پاشان، لە سەردەمی سایکس-پێکۆ و پاش سایکس-پێکۆشدا بەهۆی ئەوە کە ڕووسیە سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانی بوو و ئەمریکاش بەهۆی نەهاتنی بۆ نێو کۆمەڵی نەتەوەکان بۆ دەورەیەکی دیکە لە گەمەی گەورەی سیاسیی ناوچەکە کشایەوە، دوو زلهێزی ئەسڵی فەڕانسە و بریتانیا بوون و هیچ هێز و دەسەڵاتێکی ئیقلیمییش وجوودی بەکردەوەی وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین نەبوو. لە سەردەمی ئێستادا لەگەڵ ئەوەدا کە چەشنێک لە فرەجەمسەری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام لە ناوچەی ئێمەدا ئەوە ئەمریکا و ڕووسیەن کە بوونەتە دوو زلهێزە هەرە دیار و شوێندانەرەکە. ئەوە جیا لەوە کە چەندین دەسەڵاتی ناوچەیی وەک ئێران و تورکیە و عەرەبستان پەیدا بوون و لە کێشە و ململانێکانی ئەم ناوچەیەدا نەخشیان هەیە. لەلایەکی دیکەوە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا کۆمەڵێک ئەکتەری ناودەوڵەتی سەریان هەڵداوە کە تەرسیمی ئایندەی ئەم ناوچەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بوونی ئەوان واقعبینانە دەرناچێ. بەشێوەیەکی گشتی، سەردەمی ئەمڕۆ بێجگە لەوە کە سەردەمی تەکنۆلۆژی و بەجیهانیبوونی زانیاری و وشیاریی گەلانە، دەتوانین بڵێین هەموو ئەو فۆرموولبەندییانەش کە لە دەورە یەکبەدوای یەکەکاندا دیزاینی سیاسی و ستراتژیی ناوچە و بەگشتی بنەما و ئاقاری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان دیاری دەکرد، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

**پرسیار: هۆکاری ئەوە کە کورد لە سەردەمی سایکس پیکۆدا لەبەرچاو نەگیراوە بۆچی دەگەڕێتەوە و ئایا وەک دەڵێن نەهامەتیی گەلی کورد بەڕاستی لە پەیمانی سایکس پیکۆوە سەرچاوە دەگرێ؟**

وەڵام: ئەوە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ئاکام و کۆتایی ئەم پرۆسەیەی بە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ دەستی پێ کردبوو ویست و بەرژەوەندیی کوردی نادیدە گرت، بێگومان ڕاستە. بەڵام ئەوە تەنیا پێوەندیی بە پلان و بڕیاری زلهێزەکانی ئەودەمەوە نیە، بەڵکوو دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە نەبوونی فاکتەرێکی بەهێز و یەکگرتووی کوردی لەوکاتەدا کاریگەریی گەورەی هەبووە. دابەشبوونی بژاردەکانی کورد لەو سەردەمەدا لەنێوان ئەوانەی بە کاریگەری وەرگرتن لە کەلتوری عوسمانی تەنیا بیریان لە شتێک بۆ کورد لە چوارچێوەی قەوارەی جێنشینی ئەو ئیمپراتۆرییەدا دەکردەوە و ئەوانە کە پێیان وابوو پێویستە کورد لەو بازنەیە دەربچێ و چارەنووسی خۆی بە تەواوی بگرێتە دەست، و نەبوونی بزوتنەوەیەکی یەکدەست و ڕێکخراوی کورد کە ئەو هەستەی لەلای دەسەڵاتە ئیمپریالی و پۆست-ئیمپریالییەکان دروست کردبا کە کوردەکان هەم دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان جێ بخەن و هەم لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو و جێگای متمانەی وان یاری بکەن، هەمووی هۆکارن بۆ وەدینەهاتنی خەونی کوردی بەو چەشنەی ئەمڕۆ ئێمە باسی دەکەین. سەربارێ ئەوەش ئەوە کە بڵێین ئەوە ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ بووە کە سەرچاوەی نەهامەتیی گەلی کوردە، پێم وایە زۆر عیلمی نیە. یەکەم، لەبەر ئەوەی هەروەک دەزانین دابەشبوونی هەرە گەورەی کوردستان بۆ چوار سەدە پێش سایکس-پێکۆ دەگەڕێتەوە. ئیشکالێکی فۆکووسی لەڕادەبەر لەسەر سایکس-پێکۆش ڕێک لەوەدایە کە بە بنەماگرتنی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییە کە لە کورد کراوە، دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی مەسەلەی کورد لە دووەمین پارچەی کوردستان کە لەڕووی سیاسییەوە بەڕابردووترینیشە، واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە هەروەک دەزانین بەهۆی بەشدارنەبوونی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سایکس-پێکۆ هیچ گۆڕانێکی بەسەر سنوورەکانی ئێراندا نەهێنا؛ دووەم، لەبەر ئەوەی نەخشەی سایکس-پێکۆ قەت وەک خۆی جێبەجێ نەکرا؛ سێهەم و لە هەمووی گرینگتر، خۆ سایکس و پێکۆ نەیانگوتبوو کە چارەنووسی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە ژێر ئیدارە و نفووزی زلهێزەکان دەقیق چی دەبێ و چۆن دەبێ. هەروەک دەزانین ئەوە لەدرێژەی پرۆسەی سایکس-پێکۆدا و بە پەسندی کۆمەڵی نەتەوەکان بوو کە سیستمی منداکان دامەزرا و کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەش کە یەک لەوان پەیمانی سێڤر بوو ئیمزا کران. سیستمی منداش و ئەو ڕێککەوتننامانەش ئەگەر هەمووی وەک خۆی و بەبێ تەبعیز جێبەجێ کرابا، دەکرا هەر ئەودەم کورد لەسەر بەشێک لە خاکەکەی ببێ بە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆی.

**پرسیار: ئێستا کە سەت ساڵ بەسەر سایکس پیکۆدا تێدەپەڕێ، ڕستەیەک بە دایم دووپات دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن «سایکس پیکۆ» کۆتایی پێهاتووە. بە بڕوای ئێوە ئەو ڕستەیە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ و تا چ ڕادەیەک دەگەڵ ڕاستی یەک دەگرێتەوە؟**

وەڵام: تێپەڕینی سەت ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەیەکدا بە خودیی خۆی کۆتایی بەو ڕێککەوتننامەیە ناهێنێ. دیارە لە یاسای نێونەتەوەییدا ڕێککەوتننامەمان هەن (بۆ نموونە لەبواری بەکرێدانی سەرزەمینێک بە دەوڵەتێکی دیکە) کە ماوەکەی دیاریکراوە و پاش تەواو بوونی ئەو ماوەیە ئەگەر لایەنەکان گرێبەستەکەیان نوێ نەکەنەوە، ڕێککەوتننامەکە هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام ئەمە سایکس-پێکۆ ناگرێتەوە، بەتایبەتی کە بنەمای قانوونیی نەخشەی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سایکس-پێکۆ نیە بەڵکوو ڕێککەوتنەکانی دواترن و کۆمەڵێک پرەنسیپی یاسای نێودەوڵەتیشیان هاتۆتە سەر. ئەگەر تەنانەت سایکس پێکۆش بە بنەما بگرین، نەک پاش تێپەڕینی سەت ساڵ، بەڵکوو تەنیا چەند ساڵ پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، شۆڕشەکانی کورد و هێندێک بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیی عەرەبی نیشانەی نارەزامەندیی گەلانی ناوچە لەو دابەشکارییە بوون. سەت ساڵەی سایکس-پێکۆ بە مانای هەڵوەشانەوەی میراتی ئەو ڕێککەوتننامەیە نیە، بەڵام دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەموو ئەو ناعەدالەتی و نالەبارییانەیە کە مشووری ئیمپریالیی سایکس-پێکۆ بەدووی خۆیدا هێنان. ئەمڕۆ نەک هەر کورد، زۆر لایەنی دیکەش بە جۆرێک پێیان خۆشە «نەزم»ی پاش سایکس-پێکۆ کۆتایی پێ بێ، ئەگەرچی دەزانین کە مەرام و مەبەستی هەموویان لە کۆتایی سایکس-پێکۆ وەکیەک نیە. بۆ نموونە ئەگەر بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد کۆتایی هاتنی سایکس-پێکۆ بە مانای ڕاستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییەیە کە لێی کراوە، بۆ پان-تورکیسم ئەمە گەڕاندنەوەی شکۆیەکی لەدەستچوو و لەڕاستیدا فراوانخوازییە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەو لایەنەی لە هەمووان زیاتر و پێش هەمووان باسی کۆتایی سایکس پیکۆی کردووە، واتە داعش، بەپێچەوانەی ئیدیعاکەی نەک هەر کۆتایی بە سایکس پێکۆ نەهێناوە، بەڵکوو لەڕاستیدا سایکس-پێکۆی لە سیغەی ئەوەڵی خۆیدا جێبەجێ کردوە، چونکە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش ڕاست ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە بە ناوچەی ژێر نفووزی فەڕانسە دانرابوون. مێژووناسێکی فەڕانسەوی لەبارەی سایکس-پێکۆوە دەڵێ ڕۆژئاواییەکان خەتەکانیان کێشایەوە، عەرەبەکانیش ڕەنگیان کرد. بە باوەڕی من خەتەکان هەر لە شوێنی خۆیان ماون، بەڵام ڕەنگڕێژییەکە لە زۆر لە خانەکانی ئەو هێلکارییەدا ژەنگی هەڵێناوە و سەردەمی بەسەرچووە. کەواتە ئەگەر ناتوانین بڵێین نەخشەی سیاسیی ناوچە هەڵوەشاوەتەوە یا تەنانەت هەڵدەوەشێتەوە، لانیکەم ئەو نەزمە سیاسییەی ئەو نەخشە سیاسییەی لەسەر داڕێژرابوو، لە زۆر لاوە چۆتە ژێر پرسیار و زەواڵی هاتووە.

**پرسیار: ساڵی ٢٠٠٦ ئامریکا باسی گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێی هێنایە گۆڕێ. ئایا دەکرێ ئەم باسە وەک لە دایک بوونی سایکس پیکۆی تازە یان بە وتەیەکی دیکە لە ئیعتبار کەوتنی پەیمانی سایکس پیکۆ سەیر بکرێ؟**

وەڵام: باسکردن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تازە یا گەورە پێش ئەو کاتەش لەنێو ئیدارەی جۆرج بووشدا مەترەح بوو. دیارە ئەو کاتەش ئەوەندەی مەبەست گۆڕینی هاوکێشە و پرەنسیپەکانی زاڵ بەسەر یاریی سیاسی لەو ناوچەیەدا بوو، ئەوەندە مەبەست سەرلەنوێ کێشانەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە نەبوو. دۆخی زاڵ بەسەر یاسای نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافی جودابوونەوە و سەربەخۆیی هەتا کۆتایی شەڕی سارد بارێکی زۆر ناعادڵانە بوو و لەڕاستیدا لە غەیری لێکجیابوونەوەی مەخمەلی یان بەڕەسمی ناسرانی قەوارەی گەلێک کە حاکمیەتی خۆی بە زۆری وەدەست هێنابێتەوە، ئەو مافە تەنیا بۆ موستەعمەرەکان بە ڕەوا دەزانرا. دەزانین کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا تابووی تەواوەتیی ئەرزی بە تەواوی شکاوە و دۆخە حقووقییەکە بۆ ئەو حاڵەتانە کە موستەعمەرە نین، گۆڕانی باشی بەسەرداهاتووە. ئەوەش ڕاستە کە کێشە و ئاڵۆزییەکانی سەت ساڵی ڕابردووی ناوچە و دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لوتکەی قەیرانەکانیەتی، شکستی ئەو پارادیگمانەیان سەلماند کە لە پاش سایکس-پێکۆوە قەوارە و نەزمی سیاسیی ناوچەیان لەسەر دامەزرابوو. بەچەشنێک کە ئەمڕۆ دۆخی زاڵ بەسەر وڵاتانی وەک سوریە، عیراق، لوبنان، یەمەن کە زۆربەیان چوونەتە حاڵەتی دەوڵەتی شکستخواردووەوە (Failed State)و کێشەی پێکەوە هەڵکردنی سوننە و شیعە و هەروەها دۆزی کورد، هەمووی دەبیرخانە ڕەسمییە ڕۆژئاواییەکانیشی خستۆتە فکری ئەوە کە بڵێی وەختی سایکس-پێکۆیەکی دیکە نەهاتبێ؟ تەنانەت زۆرگرووپی لۆبیگەری و ناوەندی نیئۆکۆنسێرڤاتیڤ هێندێک نەخشەی غەیرە ڕەسمیشیان بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە چەکمەجەکانیاندا هەیە. لەگەڵ هەمووی ئەمانەش، جارێ بەدوور دەزانرێ کە نەخشەی ئەو ناوچەیە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم کارە بکرێ دوو شت کە لە سەردەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوون، ئێستا وجوودیان نیە. یەکەم پێویستە هەموو ئەو ناوچانەی کە باس لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سنوورەکانیان دەکرێ وەک سەردەمی عوسمانی یان وەک سەردەمی سۆڤیەت لەژێر حاکمییەتێکی هاوبەشدا بووبن بۆ ئەوەی لە ئەنجامی نەمانی ئەو حاکمییەتەدا قەوارە گشتییەکەش لەبەریەکهەڵوەشێ. دووەم، پێویستە چوارچێوەیەک بۆ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لەسەر چۆنیەتی داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکان لە گۆڕێدا بێ. شتێک کە لەسەردەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ململانەی زلهێزەکان و هێزە ئیقلیمییەکان وەها بنەما و چوارچێوەیەک لەبەردەست نیە و وێ ناچێ لە ئایندەیەکی نزیکیشدا شکڵ بگرێ. ئەو تەوافوقە «ئیمپریالیستی»یەی لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لەسەر ناوچەیەک کرا کە لە بەرامبەر نەخشە نێودەوڵەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر پاسیڤ بوو، ئەمڕۆ بەدی ناکرێ و ژینگەکەش بە چەشنێک سێکتاریستی بووە کە بەپێچەوانەی ئورووپا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئالیەتێک بۆ کۆنترۆڵی توندوتیژی نیە. هەربۆیە زلهێزەکان هێشتا پێیان وایە بەردەوام بوون لەسەر چوارچێوەکانی مەوجوود کەم زیانترین بژارە (هەوڵەکانی لێکنزیکبوونەوەی ئەم دواییانەی ئەمریکا و ڕوسیە سەبارەت بە ئایندەی سوریە نیشانەیەکی ئەم ڕاستییەیە). هەربۆیە ئەوەی دەکرێ ڕوو بدا جارێ تەنیا تەزعیف و تەقویەتی ئەم دەوڵەت لە بەرامبەر ئەو دەوڵەت یا ئەم فاکتەر لەنێو دەوڵەتەکەدا لە بەرامبەر ئەو فاکتەر لە هەمان دەوڵەتدا، سەرهەڵدانی قەوارەگەلی مەیلەودەوڵەت (Quasi State)، و مامەڵەی بەجیا و کەیس بە کەیس لەگەڵ ئەو حاڵەتانەیە کە لەوندا گەلێک (وەک بۆ نموونە کورد لە باشووری کوردستان) هاتۆتە سەر ڕێڕەوی سەربەخۆیی. ئەو کاتە بەپێی بوونی زەمینەی لەبار و ژێرخانی پێویست بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ کەیسە دیاریکراوەکە دەکا.

**پرسیار: بۆ ئەوەی میللەتی کورد بتوانێ لەم هەل و مەرجە بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ، دەبێ چ بکا و چ ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر؟ ئێستا کە زۆر باسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکرێ، ئایا کورد دەتوانێ بۆخۆی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی جیهانی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەوری هەبێ؟**

وەڵام: کورد لە بازنەی بڕیاردان لەسەر سیاسەتی جیهانی دا نیە هەتا لە داڕشتنەوەی ئەو سیاسەتە لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەوری هەبێ. بەڵام پێشوەچوونی مەسەلەی کورد و جێگە و پێگەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە کورد ئەمڕۆ بەتایبەتی لە پەراوێزی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشدا وەدەستی هێناوە، هەم لەڕووی زەینیەوە و هەم لەڕووی هەلومەرجەوە بەستێنێکی لەباری دروست کردووە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لە ئاقاربەخشین بە سیاسەتی جیهانی لەپێوەندی لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا وەک ئەکتەر و نەک هەر وەک کارتێکراو دەور بگێڕێ. سەرکەوتنی کورد لەو دۆخەدا پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر کورد خۆی و یەکەم مەرجیشی ئەوەیە کە کورد هەموو هیوا و تەمای بە پلانێکی نێودەوڵەتی نەبەستێ کە گۆیا دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ بەدیاری دێنێ و لە ئاکامدا خۆی لە پێویستیی خۆ حازر کردن و چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی بێنیاز ببینێ. نابێ لەبیرمان بچێ خودی سایکس-پێکۆ لەسەر بەستێنی چەشنێک لە خیانەتی نێودەوڵەتی دروست بوو، چونکە ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٥دا لەسەر دەستی کۆمیسێری باڵای خۆیان لە قاهیرە (ماک ماهۆن) بەڵێنی مەملەکەتێکی یەکگرتووی عەرەبییان بە شەریفی مەککە دابوو. دەشزانین ساڵێک پێش تەواو بوونی شەڕ بەڵێنی بەلفۆریان بۆ دروست کردنی کیانێکی قەومی بۆ جوولەکە ڕاگەیاند. تەنانەت پێش شەڕی یەکەمی جیهانی کاتێک لە باڵکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی شەڕ هەڵایسابوو، فەڕانسەییەکان بۆ خاتری پاراستنی نفووز و ئیمتیازاتیان لە عوسمانیدا زۆر نیگەرانی هەڵوەشانی عوسمانی بوون و قازانجی خۆیان لە پاراستنی ستاتووکۆ (وەزعیەتی مەوجوود)دا دەدی. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەگەر تەنانەت ئاشکرا بوو کە قەول و قەرارێکیش بە کورد دراوە، هێشتا کورد نابێ ئەو ئەزموونانەی ڕابردووی لەبیر بچێتەوە کە لەودا زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچە خیانەتیان پێ کردوە. ئێستا بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ دوورەدیمەنی هەلومەرجێک کە لەودا سەربەخۆیی کوردستان (لانیکەم لە باشوور) عەمەلی ببێ، پێویستە کورد نێوماڵی خۆی و پێوەندییە دەروونییەکانی نەک هەر لە باشوور بەڵکوو لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە چەشنێک ڕێک بخاتەوە کە جیهانی دەرەوە فاکتەری کوردی هەمووی بەسەریەکەوە ببینێ و حیسابێکی یەکدەست یا لانیکەم هەماهەنگی بۆ بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە کورد ناتوانێ لە مەیدانی کارتێکەرییە نێوخۆییەکانی تایبەت بە هەرکام لە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا غایب بێ، بەڵام پێویستە ئەولەویەت و فۆکووس بخاتە سەر دینامیزمی تایبەت بە کورد خۆی، هەم بە دروستکردنی ژێرخانەکانی سەروەری و هەم بە پێناسەیەکی فراوانی کوردی کە هەموو بزوتنەوەی کورد لەبەرچاو بگرێ. ئەگەر نەخشی سەربازیی کورد لە قەیرانی ئەمڕۆی ناوچەدا دەتوانێ حاکمییەتی ئەو گەلە لەسەر خاکی خۆی بچەسپێنێ و بشیکاتە پارتنێرێکی نێودەوڵەتی، پێویستە ئەمە پشت بە ڕۆئیایەکی سیاسیی هاوبەشی کوردییش ببەستێ. ئاکامی سیاسی و حقووقیی ئەو ڕەوتە ئەگەر تەنانەت لە کورتخایەندا سەربەخۆیی کوردستان یا یەکگرتنەوەی هەموو کوردستانیش نەبێ، لانیکەم دەبێتە هۆی ئەوە کە جێگە و پێگەی کورد هەم لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و هەم لە چوارچێوەی ئالترناتیڤی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بەشێوەیەکی چارەنووسساز ئەوەندە بەهێز بێ کە هیچ لایەنێک ئیدی نەتوانێ حاشا لە کورد بکا و سات و سەودا بە چارەنووس و مافە ڕەوا و بنەڕەتییەکانی بکا.

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٨٠

٤ی جۆزەردانی ١٣٩٥

٢٤ی مەی ٢٠١٦

# چەند سرنجێک لەسەر نووسین بۆ منداڵان



ئەحمەد قادری

تا ئێستا زۆر جاران ئەو پرسیارە دووپات کراوەتەوە کە داخوا نووسین بۆ منداڵان هێندە سووک و ساکارە هەموو نووسەرو خاوەن خامەیەک لە بارانی دابێ بۆ منداڵان بنووسێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لەلای هەموو ئەدیب و نووسەرێکی خاوەن بەهرەو، تەنانەت ئەوانەش کە بۆ منداڵان دەنووسن و پەیتا پەیتا شێعر و چیرۆکیان بۆ بڵاو دەکەنەوە، روون و ئاشکرایە. رەنگە هەموو نووسەرێک لەوە تێگەیشتبێ کە نووسین بۆ منداڵان لە نووسین بۆ گەورەکان ئەگەر قورستریش نەبێ هاسانتر نیەو، هەموو نووسەرێک لەو گۆڕەپانەدا ناتوانێ ئەسپی سەرکەوتن تاودا.

بێگومان هەموومان لەوە ئاگادارین کە منداڵانیش هەروەک گەورەکان خاوەنی بیر و بۆچوونی دنیای تایبەت بە خۆیانن. ئەوانیش حەز و تاسەی منداڵانەی خۆیان هەیە و هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کە بە دڵیان نەبێ و چێژی لێ وەرنەگرن و شتی لێ فێر نەبن، بەهی خۆیانی نازانن. کەوابوو باشتر وایە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دووپات کراوەیە، دەبێ ڕووبکەینە خودی منداڵان و ئێمە لە وەکیلیی ئەوانەوە جواب نەدەینەوە. جا گرینترین و سەرەکی‌ترین خاڵ کە لێرەدا وەبەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان ئەو بابەت و نووسراوانەی بۆ منداڵانی دەنووسن ئەگەر لەسەر منداڵانی تاقی بکەنەوە و لە راوبۆچوونی ئەوان سەبارەت بە نرخ و بایەخی بەرهەمەکەیان کەڵک وەرگرن، بێگومان لە کارەکەیان‌دا سەرکەوتووتر دەبن و نووسراوەکانیان بەپێزتر و پڕکاکڵ و نێوەڕۆکتر دەبێ.


ئەگەر سەرنجێک بدەینە کتێب و لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکانی سەردەمی خۆمان بەتایبەت ئەم چەند ساڵانەی دوایی کە بە زمانی کوردی بڵاوبوونەتەوە، خوانەی برێ بەپێی فیلان شێعرو پەخشان و چیرۆک و داستانی جۆراوجۆری تایبەت بە منداڵان وەبەرچاو دەکەوێ کە دەتوانین بڵێین: ئەگەر لە گەلانی دیکە لە پێشتر نەبین، کەمتریشمان نەنووسیوە. دیارە ئەوە لە لایەکەوە جێگای خۆشحاڵی‌یە کە لە ساڵی‌دا دەیان کتێب و نووسراوی ئەدەبی منداڵان لە ژێر چاپ دێتە دەرێ و چاوی جگەرگۆشەکانمانی پێ روون دەبێتەوە. بەڵام داخوا لە نێوەڕۆکدا بەڕاستی ئەو کتێبانەن کە منداڵ لە دوورەوە بۆیان شاگەشکە دەبێ و لە پێگەیاندن و هەڵدان‌دا دەورێکی کاریگەریان هەیە؟ داخوا هەڵدەگرێ نووسەرەکانیان منەتمان سەرکەن لە پێناوی پەروەردە و فێرکردنی منداڵدا چاکی مەردانەیان بەڵادا کردووە و ئارەقەیان ڕشتووە و شەونخوونی‌یان کێشاوە؟ یاخۆ بە زۆری زۆرداری بەسەریاندا سەپێنراوە و بە ناهەق و لە خوتووخۆڕایی ناوی ئەدەبی منداڵانیان لەسەر داناون و بە عالەمی ئاشکرا و لەبەرچاوی کۆمەڵ بوختانیان پێکردوون.

بە بڕوای ئێمە بەشێک لەو نووسراوانە بە مەبەستی بازرگانی کردنی ئاشکراو بۆ دەرخستنی ناوو ناوبانگ کە خۆیان لە ڕیزی نووسەران بژمێرن و لە نێو خەڵکدا سنگی خۆیان ڕەپێش کەن ئەو کارە دەکەن و بە ناوی ئەدەبی نوێ‌وە سەر لە منداڵانیش دەشێوێنن. دیارە ئەگەر خوێندەوارانی بەهەست و، ڕووناکبیرانی خاوەن ئەزموون چاوێک بەو بەرهەمە نوێیانەدا، بەتایبەت ئەو بەرهەمە شیعری‌یانەی بە ناوی هەڵبەستی منداڵانەوە نووسراون،بخشێنن، داخوا جیا لە شوێن پێ‌هەڵگرتن و لاسایی کردنەوە و لەبەر داگرتنەوەی شیعری شاعیرانی وەک: گۆران، پیرەمێرد، زێوەر، قانیع، بێکەس، کاکەی فەللاح، عەلی شەونم، بێ‌خەو، لەتیف هەڵمەت و...، چ داهێنانێکی نوێیان هەست پێدەکەن؟

شۆڕشی تێکنۆلۆژی و ئاڵۆزی‌یەکانی ئەم دنیایە سەرسوڕماو و حەپەساون. ئەی ئەوەنیە بێ پسانەوە تەلەڤیزیۆن لە فیلمە کارتۆنی‌یەکان داو لە بەردەمی منداڵان عەجایبات و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم چاخە لەسەر سەحنە، وەک پیاوی ئاسمانی، مرۆڤی ئەستێرەکان زانست و پێگەیشتن، فڕین بە ئاسمان‌دا و، ئەتۆم و شەڕوشۆڕ و تاقیگە و فیزیک و شیمی نیشان دەدەن. دەی خۆ لە دنیای مەجازیی ئەمڕۆدا عەتاری و کامپیوتەر و ئینتێرنێت و مۆبایل و زۆر شتی دیکەش بەتەواوی جێگەوپێگەویان بە یاریە کۆنەکان لەق کردوە و، بێگومان ئەمانە هەموویان لە تێگەیشتن و پێگەیشتنی منداڵ و کامڵبوونی هەست و بیری شوێنەوار دادەنێن. جا ئەگەر لەگەڵ ئەوانەدا ئەدەبیاتەکەشی لەو قاپوورە کۆنەی داستانی مشک و پشیلە و ئەو جۆرە شتانەی لە بەرەو پێش بردنی زەینی منداڵدا بێ‌کەڵکن بێتە دەرێ و نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان ڕێڕەوێکی نوێ بگرنە بەر، ئەمجارە بۆیە دەبێ منەتمان لەسەر دانێن و لەبەرانبەر خزمەتەکەیان‌دا بە قەرزداری خۆیان‌مان بزانن. بەڵام

بۆ وێنە کاتی خۆی مامۆستا گۆران شیعری «بەرخەکەم»ی بۆ منداڵان نووسیوە کە بە دوای ئەودا بەهەمان کێش و سەرواو تەنانەت بابەتیشە وە چەند هەڵبەستی دیکەمان وەبەرچاو دەکەوێ! یان لاسایی کردنەوە لە بارەی شیعری قوتابخانە و مامۆستا و گاڵتەکردن و پاک و خاوێنی و گوێ ڕایەڵی و زۆرشتی لەو بابەتانە.

بەڕاستی تۆ بڵێی منداڵانی ئەمڕۆش وەک هی دەیان ساڵ لەمەوبەر خەون و خەیاڵیشیان هەر لەلای مام پشی و مام ورچ و ڕێوی و کەڵەشێر بێ؟! بێگومان ئەو پرسیارە لە هەر کەس بکەین وەڵامی «نا» دەبیستین. منداڵانی ئەمڕۆ لە دەورو زەمانێک‌دا دەژین کە لە گەورەکان زۆرتر لە بەرانبەر شەڕی ئەستێرەکان و



لێمان تێک نەچێ، کاتێک دەڵێین ئەدەبی منداڵان نوێ بکرێتەوە و نموونەشمان بەشتە سەرسوڕهێنەرەکان هێنایەوە، مەبەستمان ئەوە نیە کە شەڕی ئەستێرەکان بۆ منداڵان بنووسین. بەڵکوو لە شتە ساکار و سەرەتاییەکانەوە دەبێ دەست پێ بکەین و هەر نەبێ وەک: «نۆسۆف»ی نووسەری ڕووسی (خێزانوو چکەیەکی بەختیار) بنووسین.

نۆسۆف کە چارەکەسەدەیەک مامۆستا و هاوڕێی منداڵان بووە و لە پەروردە کردن و بارهێنانیان‌دا بەتەواوی شارەزا بووە و ئاگای لە هەست و نەستی ئەوان بووە، ئەتۆمی نەکردۆتە نێوەڕۆکی چیرۆکێکی منداڵانە و بەسەریان‌دا ساخ بکاتەوە. بەڵکوو زۆر بە ساکاری پێی ناوەتە مەیدان و باسی کەرەسەیەکی جووجیلە هەڵێنانی کردۆتە نێوەڕۆکی چیرۆکەکەی. چونکە بەتەواوی لەوەتێ گەیشتووە کە بۆ منداڵ قسە دەکا و ئەگەر بە زمانی ساکار و پاراو لە گەڵیان نەدوێ، نووسراوەکانی لەگەڵ پلەی تێگەیشتنی ئەوان ناتەبایی دێنێتە گۆڕێ و چیرۆکەکانی



بێ لایەنگر دەمێننەوە. لەلایەکی دیکەشەوە منداڵانی لە خەون و خەیاڵ‌دا ڕانەگرتوون و لەبەرانبەر ڕاستی‌یەکان‌دا دواندوونی. چونکە زانیویەتی سبەینێی ئەوان ڕۆژێکی دیکەیە و لە ئەمڕۆ ناچێ. «سەمەدی بیهڕەنگی» لە مێژە گوتوویەتی: «نووسەری منداڵان با بەس بڵێین گوێ ڕایەڵ بەو قسە لە قسەی گەوران‌دا مەکەو پاک و خاوێن بەو شەوانە زوو بخەوە و بەیانیی زوو هەستە! با هیچ نەبێ منداڵ لەوە ئاگادار بێ کە لە دەوروبەری خۆی چی هەیە».

دیارە ئەوەش بەو مەبەستە ناڵێین کە نووسەران بەتەواوی پشت لە فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوایەتیمان بکەن و حەکایەت و بەسەرهاتی گیانبازی و فیداکاری و نیشتمان پەروەری‌مان موتوربەی چیرۆکەکانیان و هەڵبەستەکانیان نەکەن. چونکە منداڵان بەر لە هەموو شتێک دەبێ لە ڕابردووی باپیرانیان ئاگاداربن. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە نووسەر بە چ شێوەیەک لەگەڵ سەردەمی نوێ‌دا پێڵۆزی بکاو، لەو چوارچێوە ڕزگاری بکا کە شەوانی درێژی زستان‌دا پیرە لە گوێی ئاگردان بۆ دەگێڕانەوە.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بەسەر تەمەنی نووسینی بۆ منداڵان‌دا پێویستە ئەدەبی منداڵان گۆڕانێک بە خۆیەوە ببینێ و، وێڕای ئەدەبیاتی گەورە ساڵەکان ڕێگای نوێ بوونەوە بگرێتەبەر. دیارە بەخۆشیەوە لەم چەند ساڵانەی دوایی‌دا ئێمەش چەند نووسەرێکمان تێدا هەڵکەوتوون کە بەهۆی ئەو ئەزموونانەی لە ئەدەبیاتی بێگانە و دراوسێکان وەسەر یەکیان ناوە، نووسینی بۆ منداڵانیان گەیاندۆتە ئاستێکی بەرز و قۆناغێکی نوێ. بەڵام ئەوانیش لەگەڵ ئەوەدا کە ڕادەیان زۆر کەمەو بە قامکی دەستان دەژمێردرێن، ئەم هۆیانەی کە باسیان دەکەین، ڕێگای گەشەکردن و بەرەوپێش چوونیان لێ بەربەست کردوون و بەو شێوەکە پێویستە دەستیان ئاوەڵا نییە. هۆیەکانیش ئەمانەن:

١- خۆتەرخان نەکردنی تەواوە وەختیان بۆ نووسین بۆ منداڵان و ئەدەبی منداڵان.

٢- هاوکاری نەکردنی پێویستی دەزگا چاپەمەنی و بڵاو کردنەوەکان بۆ لەچاپ‌دانی بەرهەمەکانیان.

٣ـ دەست ڕانەگەیشتن‌یان بەو بەرهەمە ناوازانە کە بەدەست و خامەی نووسەرانی بەتوانای هەندەران کە بۆ منداڵان هاتوونە بەرهەم.

دیارە کاتێک باس لە نووسەرانی شارەزا و پسپۆڕی ئەدەبی منداڵان دەکەین مەبەستمان ئەم چەند نووسەرەیە: «گراڵ چێف»ی بولغاری، «نۆسۆف»ی ڕووسی، «بینۆ بلۆدرا»ی ئەڵمانی، «سەمەدی بێهرەنگی» و هێندێکی دیکەش. ئیدی مەبەستمان لەو بەرهەمە بازرگانیانە نیە کە بە زۆر و بۆری و بەڵیشاو کەوتوونە نێو کتێبخانەی منداڵان.

ئێستا بگەڕێینەوە بۆ لای پرسیارەکەمان کە داخوا هەموو نووسەرێک لە بارانی دایە بۆ منداڵان بنووسێ؟ لە وەڵامدا بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێین: نا. چونکە کەسێک لەو مەیدانەدا دەتوانێ بەختی خۆی تاقی بکاتەوە کە ئەم تایبەتمەندی‌یانەی خوارەوە لە خۆی‌دا ببینێ:

١ـ نووسەری منداڵان دەبێ خاوەنی بەرهەمی بە پێز و ئەدەبیاتی ڕەوان و پاراو بێ.

٢ـ دەبێ شارەزایی تەواوی لە زانستی دەروون ناسیی منداڵان‌دا هەبێ و ئاگای لە قۆناغەکانی گەشە کردن و هەڵدانی بووبێ.

٣- دەبێ لە نزیکەوە منداڵ بناسێ و بە ئۆگریەوە حەز لە نزیکایەتیی ئەوی بکا.

٤- دەبێ بە زمانی منداڵ بدوێ و، بەو وشانە بۆی بنووسێ کە بەسەر زارو زمانی خۆیەوەن.

٥- دەبێ لە درکاندنی ڕەمزەکان لە چیرۆکدا زۆر بە لێزانی هەنگاو هەڵگرێ. چونکە بەکارهێنانی ڕەمز لە ئەدەبی منداڵان‌دا شارەزاییەکی فرەی گەرەکە.

٦- ئەرکی سەرەکیی سەر شانی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە کە پەروەردە و فێرکردن و پێگەیاندنی منداڵ لەبیر نەکەن.

٧ـ دەبێ ڕێبازێکی ساکارو هاسان بگرنە بەر و بە زمانێکی ناسک و ڕەوان و لووس لەبار بنووسێ و لە درێژدادڕی و ئاڵۆزکردنی باسەکان خۆ ببوێرن و، ڕستەکان کورت و پڕ مانابن.

هێندێک لە نووسەران بە ڕواڵەت بۆ منداڵان دەنووسن، کەچی زۆربەی ئەو مەرجانە کە بۆ نووسینی ئەدەبی منداڵان پێویستە، ژێرپێی دەنێن و بایەخیان بۆ دانانێن و تەنیا پشت بە توانای خۆیان و خۆشەویستیی منداڵ دەبەستن. هەر بۆیە سەرەڕای ئەوە کە لە بایەخی نووسراوەکانیان کەم دەبێتەوە، قۆناغی بازرگانی کردنیش بە ئەدەبی منداڵانەوە دێتەگۆڕێ. بەو هیوایە خامە بەدەستانی خۆشەویست وەخۆ کەون و بەرهەمی بە پێز بۆ جگەرگۆشەکانمان بخولقێنن.

***ساوای ئاشتی‌خواز***
***مناڵێکم کۆرپەی ناز***
***وەک باوکی خۆم ئاشتی‌خواز***
***کۆتری سپی تەقڵەباز***
***لە چەقەڵ ئەکەم دەرباز***
***مناڵێکم، مناڵێکم ئاشتی خواز***
***نامەوێ گرمەی بۆمبا***
***بە کوتەک لە کەللەم با***
***نامەوێ چەپۆکی شەڕ***
***ماڵی باوکم با بە با***
***باوکم نابێ بێ کار بێ***
***رووت و قووت و هەژار بێ***
***نامەوێ هەتیو کەوم***
***کەلاوە بێ جێی خەوم***
***لەبەر ئەوە مایەی شەڕ***
***کێ بێ دوژمنی ئەوم***
***ئەم جا مەرجە تا ماوم***
***گۆرانیی ئاشتی بڵێم***
***ئاشتی رووناکی چاوم***

مناڵێکم، مناڵێکم ئاشتی خواز
شیعری مامۆستا گۆران.

سەرچاوەی ئەو باسە وتارێکی کاک «محمد رەشید فەتتاح»ـە.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 680 24 Ma 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ئێوارە کۆڕی ماموستا نالی لە زانکۆی کوردستان لە سنە بەڕێوەچوو

لە تالاری مەولویی زانکۆی کوردستان لە شاری سنە ئێوارەکۆڕی ماموستا نالی بەڕێوەچوو.

لەو ئێوارە کۆڕەدا کە بەبەشداریی دەیان کەسایەتیی ئاکادمیک، ماموستایانی زانکۆ، ئەدیبان‌و شاعیران لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی کوردستان بەڕێوەچوو، ئارەش جەوادزادە، دەبیری ئەنجومەنی فەرهەنگی هونەریی نالی باسی لە تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی نالی‌و کەسایەتیی ئەو بلیمەت کورد لە نێو ئەدەبی کوردی‌دا کردو گوتی نالی بە پێشەنگی شاعیرانی ڕچەشکێن‌و نۆرمبەزێن دادەنرێ.

ئەو گوتی کاتێک لەو سەردەمدا کە زۆربەی هەرە زۆری شاعیران‌و نووسەرانی کورد بە زمانی عەرەبی‌و فارسی‌یان دەنووسی، ماموستا نالی بە هۆنینەوەی هەڵبەستی عیرفانی‌و شێعری مەزن بە زمانی کوردیی سۆرانی پەرەی بەو زاراوەیەی زمانی کوردی‌دا لە نێو شاعیران‌و نووسەرانی سەردەمی خۆی‌دا.

دەبیری ئەنجومەنی فەرهەنگی هونەریی نالی گوتی ماموستا نالی لە پلەی شاعیرانی وەک حافز لە ئەدەبییاتی فارسی دایە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو بەرنامەیەدا چەند بەشێک لە فیلمی ژیاننامەی ماموستا نالی بڵاو کرایەوەو لە بەشی دووهەمی کۆڕیادەکەدا شێوازی شێعریی ماموستا نالی‌و بەراوردی شێعرەکانی لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی وەک مەستوورە ئەردەلان‌و هەروەها بابەتی عیشق‌و عیرفان لە شێعرەکانی ماموستا نالی‌دا تاوتوێ کران.

لەو بەشەدا ماجد مەردوخ ڕوحانی تیشکی خستە سەر شێوازی شێعری‌و نووسینەکانی ماموستا نالی‌و خوێندنەوەی بۆ ئەو کتێبانە کرد کە لەسەر دیوانی شێعری نالی نووسراون.

جەماڵ ئەحمەدی گۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو ئێوارەیادە بابەتێکی لەسەر هەجوە شێعرەکەی ماموستا نالی‌و موشەرعێنەکەی نێوان نالی‌و مەستوورەی کرد.

نەجمەددین جەبباری، ماموستای زانکۆی کوردستان یەکێکی دیکە لە کۆڕگێڕەکان بوو کە لە سەر شێعرەکانی ماموستا نالی‌و بەراوردی نێوان عێرفانی زاگرۆس ( وەک شێوازی شێعریی نالی) لەگەڵ عیرفانی خوراسان قسەی کردو؛ عەدنان بەرزەنجی، نووسەری بە توانای کوردیش وێڕای خوێندنەوەی چەند قەسیدەیەکی نالی گوتی ئەو شاعیرە پایەبەرزەی کورد دەنگی نارەزایەتی بە دۆخ‌و سەردەمی خۆی بووە.



شایانی باسە لە کۆتایی ئەو ئێوارە کۆڕەدا ژمارەیەک لە خوێندکاران پرسیارو ڕاو و سەرنجی خۆیان لەسەر شێوازی ژیان‌و شێعریی ماموستا نالی هێنایە بەرباس.

## هونەرمەند حەمە مەلا لە مەریوان کۆچی دوایی کرد


هونەرمەند حەمە مەلا، گۆرانیبێژو بەندبێژی نیشتمانپەروەرو نەتەوەیی ناوچەی مەریوان کۆچی دوایی کرد.

شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە، ٢٦ی بانەمەڕ، هونەرمەندی گۆرانیبێژ، ”حەمە مەلا“ کە ماوەیەکی زۆر بوو بەهۆی نەخۆشی لەژێر چاودێریی پزیشکی‌دا بوو، لە نەخۆشخانەی شاری مەریوان کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە هونەرمەندان‌و ئەدیبان‌و نووسەران‌و خەڵکێکی زۆری شاری مەریوان‌و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاک سپێردرا.

هونەرمەندی ”حەمە مەلا“ ساڵانێکی دوورو درێژ خزمەتی هونەرو فۆلکلۆری کوردی کردو دەیان بەرهەمی پێشکەش بە پاشخانی هونەریی نەتەوەکەی کردوە.

گۆرانیبێژ، شاعیر، بەندبێژو نوکتەزان، ماموستا محەمەد ئیزەدی، کوڕی مەلا عەبدوڵای بادەڵان، ناسراو بە ”حەمە مەلا“ ساڵی ١٣٣٢ لە گوندی میراوای مەریوان لە دایک بوو. ئەو لە تەمەنی ١٦ ساڵی‌دا بە گۆرانی گوتن لە جەژنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە شاری پێنجوێن، ژیانی هونەریی دەست پێ‌دەکاو لە ماوەیەکی زۆر کەم‌دا لە ناوچەی شلێرو خاومیراوا ناوبانگ دەردەکا.

”حەمەمەلا“ی هونەرمەند جیا لە دەنگخۆشی شێعری زۆربەی هەرە زۆری گۆرانییەکانی، بۆ خۆی هۆنیونیەوەولایەنێکی دیکەی ناوبانگی ماموستا حەمەمەلا؛ قسەی نەستەق‌و




نوکتەی خۆش‌و مەتەڵ‌و چیرۆکە شیعرە فوکاهیەکانیە، وەک: هەنگ بڕین، ڕێویەڕاو، سەنگ کولیەی بزن، کیسەڵ‌و کەرویشکەڕاو.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری هونەرمەند ”حەمە مەلا“ دەکاو خۆی بە بەشداری ماتەمیان دەزانێ.

## مەرگی ناوەختی هونەرمەند هیوامحەممەدیان لە سنە

هیوا محەممەدیان، هونەرمەندی لاوی سنە بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراو لە چۆمی گوندی ” مێحراو“ی ژاوەڕۆدا برق گرتی‌و گیانی لە دەستدا.



بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستان‌و کورد ڕۆژی هەینی، ٢٤ ی بانەمەڕ لە حاڵێکدا هیوا محەممەدیان لە کاتێکدا دەیەوێ سیمی ڕووتی ماتۆڕبرق کە بۆ پۆمپاژی ئاو بۆ ئاودێریی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەکاری دێنن، لە ماتۆڕەکە جیا کاتەوە، برق دەیگرێ‌و فڕێ دەدرێتە نێو چۆمەکەو بەو ڕووداوە گیانی لە دەست دا.


هیوا محەممەدیان تەمەن ٤٠ ساڵ خەڵکی سنە بوو. ئەو لەو هونەرمەندە لاوانە بوو کە زۆر چالاکانە بەشداری بۆنەو ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆزی دەکردو بە گۆرانییە پڕ جۆش‌و خرۆشەکانی بیرەوەریی زۆری لە دڵی خەڵکدا تۆمار کردوە.

## لە بۆکان ڕێز لە ماموستا مستەفا شێرزاد گیرا

لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە ناودارانی فەرهەنگی‌و هونەریی شاری بۆکان‌دا ڕێز لە ماموستا مستەفا شێرزاد، شێوەکاری ناودارو خۆشناوی ئەو شارە نرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ئێوارەی چوارشەممە، ٢٩ ی بانەمەڕ بەبەشداریی کۆمەڵێک لە بەرپرسانی شاری بۆکان‌و سەدان کەس لە خەڵکی فەرهەنگدۆستی ئەو شارە لە ساڵۆنی ”سیمورغ“ بەڕێوەچوو، عەلیڕەزا ڕادفەر، جێگری سیاسی کۆمەڵایەتیی پارێزگاری ورمێ؛ جەماڵ خوسرەوی، فەرمانداری بۆکان، دوکتور مێهری پاکزاد، ماموستای زانکۆ لە مەهاباد؛ ماموستا فەردین سادقئەییوبی، ماموستای شێوەکاری ناوداری ئێران؛ ماموستا محەممەد ناهیدو؛ ئاوات دوکاندار، بەرپرسی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی شوڕای شاری بۆکان لە سەر کەسایەتیی بەرزی هونەری‌و کۆمەڵایەتیی ماموستا مستەفا شێرزادو پێگەی هونەر لە کۆمەڵگای کوردستان‌دا قسەیان کرد.

لە بەشی هونەریی ڕێوڕەسمەکەش‌دا چەند برگەیەکی مۆسیقی پێشکێش بە ئامادەبووان کرا، پاشان بە پێدانی تەندیس‌و لەوحی ڕێزلێنان بە ماموستا مستەفا شێرزاد؛ ڕێز لە تەمەنێک خزمەتی هونەری‌و پەروەردەیی ئەو



ناودارەی کورد گیرا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پیشانگایەک لە بەرهەمە هونەرییەکانی ماموستا مستەفا شێرزاد بە ڕووی بەشداران‌دا کرانەوە.

ماموستا مستەفا شێرزاد ساڵی ١٣٢٠ لە گوندی یەکشەوەی بۆکان لە دایک بووە. شێوازی هونەریی ماموستا شێرزاد لە شێوەکاری‌دا ڕێچکەکانی ناتۆرالیسم، ڕیئالیسم، ڕۆمانتیک‌و ئەمپێرسیونیسم بووەو لە زیاتر لە ٥٠٠ بەرهەم‌و تابلۆی کەم‌وێنەدا هەوڵی زیندووڕاگرتنی فەرهەنگ، کەلەپوورو داب‌و نەریتی کوردیی داوە.

## بەر لە ماڵاوایی

# ئێران خاتری بەغدای لە خەڵکەکەی خۆی زیاتر دەوێ



وەرگێڕان بۆ کوردی‌و کورتکردنەوەی: عەلی بداغی

مانگنامەی «هێڵی ئاشتی» لە نوێترین ژمارەی خۆی‌دا وتووێژێکی لەگەڵ محەممەد ساڵح نیکبەخت، مافناس‌و پارێزەری ناوداری کورد لە ئێران کردوە.

لەو وتووێژەدا باس لەوە کراوە کە بۆچی هەوڵی کەسانی وەک ئەو لە ئێران بۆ دەستەبەرکردنی مافی بەرکەوتووان‌و قوربانییانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بە ئاکام نەگەیشتوەو، ئێران بۆ چی تا ئێستاش کۆسپی خستۆتە سەر ڕێی گەیشتنی ئەو خەڵکە بە مافەکانیان.

محەممەد ساڵح نیکبەخت بە ئاماژە بە چۆنیەتیی ڕووداوی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن ڕێژیمی بەعس‌و تێپەڕینی ٢٧ ساڵ لە کۆتایی شەری ئێران‌و عێراق؛ دەڵێ ئێران مەیلی بەدواداچوون بۆ ئەو پەروەندەیەی لە دەزگای دادی عێراق‌دا نییە.

ئەو پارێزەرە کوردە دەڵێ حکومەتی نوێی عێراق بەرپرسی هەڵەو تاوانەکانی حکومەتی پێشوویەو وەک چۆن ئێستاش قەرەبووی شەڕی کووەیت دەکاتەوە، دەبێ قەرەبووی زیانەکانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت‌و چەند ناوچەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بکاتەوە، بەڵام ئەوە پێویستیی بە شکایەتی ئێران لە دادگاکانی عێراق‌دا هەیە کە تا ئێستا ئێران خۆی لێ نەداوەو ئەوەش جێی پرسیارە کە ئێران لەبەرچی لەو پێوەندییەدا هیچ ناکا، هەر چەند ئەمە بەبێ هۆ نییە.

محەممەد ساڵح نیکبەخت لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی «هێڵی ئاشتی»دا دەڵێ: دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە ئەو دەوڵەتانەی لە عێراق هاتنە سەر کار، هەموویان خۆیان بە نیزیک لە ئێران دەزانی، خۆ ئەگەرچی بە کردەوە زۆریش لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە جوڵاونەتەوە، بۆ نموونە هەر لە کۆنفڕانسی ئەم دواییانەی وڵاتانی ئیسلامی لە ئەستانبوڵ‌دا عێراق لە دژی ئێران دەنگی دا، کەچی ئێران پێچەوانەی کووەیت داوای زیان‌و زەرەری شەڕی ٨ ساڵەی لە عێراق نەکرد، ئەگەرچی بەپێی بەراوردی خودی حکومەتی ئێران تەنیا زیانە ماڵییەکانی ئەو شەڕە بۆ ئێران زیاتر لە ١٠٠٠ میلیارد دۆلار بووە.

زیانە گیانی، ڕوحی‌و دەروونییەکانی ئەو شەڕە بە تایبەت لە هەندێ ڕووداوی بۆمبارانی شیمیایی گوندی زەردە لە کرماشان، چەند گوندێکی سەر بە بانە، مریوان‌و شنۆ، هەروەها دەورووبەری ئیلام‌و بەتایبەت بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتیش لە جێی خۆی کە تا ئێستا دەوڵەتەکانی ئێران خۆیان لێی نەداوە.

محەممەد ساڵح نیکبەخت دەڵێ دەوڵەتی ئێران سەرەڕای هەبوونی زۆر کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی بە تایبەت کۆنڤانسیۆنی ١٩٢٥ و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان کە زۆربەیان تەنانەت لەلایەن عێراقیشەوە ئیمزا کراون، بەڵام بەداخەوە دەوڵەت هیچ هەوڵێکی بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی قوربانیانی ئەو ڕووداوانە نەداوەو سیاسەتی لەگەڵ ئەو بابەتە کردوە.

نیکبەخت لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە «ئەی ئەگەر ئێران هەر نەیویست بەدواداچوونی ئەو بابەتە بکا؟»، دەڵێ نیزیک ١٢ ساڵ پێش ئێستاو لە بارودۆخێکی زۆر گونجاودا کە ڕێژیمی بەعس رووخابوو، دادگاکانی تاوان لە نێوخۆی ئەو وڵاتە بۆ دادگاییکردنی سەدام حوسێن‌و کاربەدەستانی ڕێژیمەکەی وەڕێ خرابوون، ئێمە هەوڵمان داو، تەنانەت داواکەمان لە دادگای شاری سلێمانی وەردەگیرا، بەڵام دەوڵەت ئیزنی ئەو کارەی پێ‌نەدایین.

ئەو پارێزەرە کوردە دەڵێ دەوڵەت پێی خۆشە هەموو بابەتەکان بە کاناڵی ئەوان‌دا تێپەڕ ببن، بۆیە ئیزنی چالاکی بە ئین جی ئۆکان‌و ڕێکخراوە سەربەخۆکان نادا، بە تایبەت لە بابەتی لەو چەشنەدا.

نیکبەخت دەڵێ ئەو کات ئێمە ٣٠-٤٠ پارێزەر بووین‌و قۆڵمان لێ هەڵماڵیبوو کە بەشداریی دادگای تاوانەکانی سەددام بکەین‌و ئەو شکایەتەش هەر لەوێ وەگەڕ بخەین، تەنانەت مام جەلال تاڵەبانی کە سەردانی ئێرانی کردبوو بە خۆمی گوت ئێوە دەست پێبکەن، ئێمەش هەموو ئیمکاناتێک دەخەینە بەر دەستتان، بەڵام ئەو کات نەیانهێشت‌و ئێستاش ڕوون نییە ڕێمان بکەوێتە بەغدا نوری مالیکی چیمان بە سەر دێنێ؟

محەممەد ساڵح نیکبەخت دەڵێ لە درێژەی ئەو وتووێژەدا دەڵێ پەروەندەی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بە تاوانی گشتی دادەنرێ‌و بەر کات‌و بیرچوونەوە ناکەوێ‌و؛ هەر کات‌و ساتێک دەتوانی ئەو پەروەندەیە بخەیە گەڕ؛ بەڵام ئەوە پێوەندی بە سیاسەتی ئێرانەوە هەیە. ڕاستە ئێستا بەغدا دۆستی تارانە، بەڵام سیاسەتی باش ئەوەیە کە لە پێوەندیی دۆستانەش‌دا بەرژەوەندییەکانی خۆمانمان لەبەرچاو بێ، بەڵام وادیارە سیاسەتی ئێران نایەوێ لەو پێوەندییەدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێ. سەیر ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەر ڕێک بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەجووڵێتەوە، بۆ نموونە لە کاتێکدا ئێران کەمتر لە ٢ میلیۆن بۆشکە نەوتی دەردەهێنا، عێراق کە یەک لە سێی حەشیمەتی ئێرانی هەیە ٤ میلیۆن بۆشکەی لە ڕۆژدا دەفرۆشت کە ئەوە بە زیانی ئابووریی ئێران بو، کەچی ئێران قەت ناوی ئەو وڵاتە بە خراپە ناباو ئەوەش دەری دەخا کە ڕوانینی سیاسیی نەک فرەڕەهەندی، بەڵکوو تاکڕەهەندییە.